# گوڵان

ساڵی سی و دووەم (١٤٦٠)- (٢٨)ی نیسان ٢٠٢٥

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ


## گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا



ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە بارانی ساڵانە کۆ بکەینەوە، دەتوانرێت بکرێتە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی ئاو بۆ کوردستان و عێراق

ژینگەی کوردستان نە ئەوەندە خراپە کە جێگەی مەترسیی گەورە بێت نە ئەوەندە باشیشە کە پشتی لێ بکەین و کاری بۆ نەکەین

پێویستە یاسا ژینگەییەکان هەموار بکرێنەوە و دادگایەک بە ناوی دادگای ژینگە لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێت

# دابەزاندنی ژینگە لە ئاستی وەزارەتەوە بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە گرنگیی پاراستنی ژینگەی لە هەرێمی کوردستان هێنایە خوارەوە




# کارەساتی شنگال

## هێرشی تیرۆریستانی داعش لە ڕۆژانی ٢-٣ی ئابی ٢٠١٤

**١٥٨**

دوای گرتنی بنکەی سەربازیی کەسک، تیرۆریستانی داعش جورئەتی زیاتریان پەیدا کرد و، خاڵە لاوازەکانی پێشمەرگەیان دۆزییەوە و پلانی دووەمیان گرتنی شنگال بوو.

ڕۆژانی ٢ی ئاب و ٣ی ئاب هێرشی داعش بۆ سەر شاری شنگال دەستی پێ کرد. هێزی پێشمەرگە بە پێی توانا و ئەو چەک و ئیمکاناتانەی لە بەردەستی بوو بەرگریی کرد و ژمارەیەکیش لە پێشمەرگەکان شەهید و بریندار بوون. بەداخەوە چەکدارانی داعش ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ توانییان بگەنە شنگال و لە هێرشەکەی داعیشیشدا ژمارەیەکی زۆر لە هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکە پەیوەندییان بە داعشەوە کرد و چەکیان هەڵگرت و ڕێگەکانی پشتیوانی و هاتوچۆی پێشمەرگەیان گرت.

هەموو ئەو خەڵکەی بە نیازی ڕزگاری و دەرچوون بوون، بە ئاسانی ڕزگار دەبوون و پێشمەرگە هەتا هەموو ئەو خەڵکە کە مەبەستیان بوو لە ناوچەکە دەربچن و خۆیان گەیاندە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان، پاشەکشەی نەکرد. ئەو خەڵکانەی بە ویستی خۆیان نەهاتن، یان بڕوایان بە بەڵێنی سەرۆکهۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکە کردبوو کە دەپارێزرێن، لە ناوچەکەدا مانەوە. تەنانەت ژمارەیەک لە هاووڵاتییان لەسەر چیا گەڕانەوە ماڵ و شوێنەکانیان، بۆیە کارەساتێکی گەورە لە ڕۆژی ٤ی ئابی ٢٠١٤دا بە گرتن و تاڵانکردن و ڕفاندنی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان، بەتایبەت ئێزدییەکان دەستی پێ کرد.

ڕاستە ئەم ڕووداوانە کارەساتی دڵتەزێن و ناخهەژێن بوون و ئەوەی بەسەر خۆشک و برا ئێزدییەکانماندا هات لە یاد ناکرێت و، لە هەموو شەڕەکانی جیهاندا شکست و سەرکەوتن هەبووە، بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەنجامەکانە.

هەمیشە من لە خەمی شنگال بووم و نیگەرانی بارودۆخ و دانیشتووانەکەی بووم، چونکە شنگال لە ڕووی جیۆگرافییەوە هەمیشە وەک دوورگەیەک وا بوو لە ناوەڕاستی دەریایەکدا و، ئەمە خاڵێکی زۆر لاواز بوو بۆ شنگال کە بە خەڵکی غەیرە کورد دەور درابوو.




بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا

# دابەزاندنی ژینگە لە ئاستی وەزارەتەوە بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە گرنگیی پاراستنی ژینگەی لە هەرێمی کوردستان هێنایە خوارەوە

ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە بارانی ساڵانە کۆ بکەینەوە، دەتوانرێت بکرێتە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی ئاو بۆ کوردستان و عێراق

ژینگەی کوردستان نە ئەوەندە خراپە کە جێگەی مەترسیی گەورە بێت نە ئەوەندە باشیشە کە پشتی لێ بکەین و کاری بۆ نەکەین

پێویستە یاسا ژینگەییەکان هەموار بکرێنەوە و دادگایەك بە ناوی دادگای ژینگە لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێت




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

# بازنەی گفتوگۆ
# سەکۆیەکی کراوە بۆ گەنگەشەی بڕیاردانی دروست بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان

دانانی ئەم ناونیشانە بۆ ئەوە نییە کە بمەوێت بە گفتوگۆکانی «بازنەی گفتوگۆ»دا هەڵبڵێم، یان لە قەوارەی خۆی گەورەتر پیشانی بدەم، نەخێر، ئەم ناونیشانە لە بنەڕەتدا داواکاریی بەشداربووانی چوار بازنەی گفتوگۆی ئەمساڵی ٢٠٢٥ ـە، کە لەسەر چوار خزمەتگوزاریی گرنگ «تەندروستی، پەروەردە، کارەبا، ژینگە» ئەنجام دراون و لەم چوار گفتوگۆیەدا نزیکەی ٦٠ کەسایەتی لەسەر ئاستی «وەزیر، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەرە گشتییەکان» ئامادە بوون.

دوای ئەوەی گوێیان لە ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی بازنەی گفتوگۆ بووە، هەر جارێك بۆ ماوەی سێ کاتژمێر گفتوگۆ لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانە کراوە و، ئاستی گفتوگۆکان ئەوەندە بەرز و کراوە بوون، خۆیان داوایان کردووە با لە ناو هۆڵی ئەم گفتوگۆیەدا کە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئامادەن، با هەر لێرە ڕەشنووسی بڕیارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئامادە بکەین و لە وەزارەت دەست بە جێبەجێکردنی بکەین.

لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتووگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان)، لەسەر پێشنیازی نوێنەری نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی کوردستان، پێشنیاز بۆ بازنەی گفتوگۆ کرا ئەم گفتوگۆیە بە کراوەیی بهێڵێتەوە و گرووپێك لە تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا بە ناوی «گرووپی ژینگەپارێزان» دروست بکات، بۆ ئەوەی گفتوگۆکە بەردەوامیی زیاتری هەبێت.

لە دەستپێکی ئەم گفتوگۆیەدا بەڕێز سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمڕۆ بیست و هەشتەمین گفتوگۆ بەڕێوە دەبات، من ئاگاداری جددیەتی گفتوگۆکانی ئەم بازنەیەم و بەشدارییشم لەو ڕێوڕەسمانەدا کردووە کە هەر شەش مانگ جارێك گفتوگۆکان دەکەن بە کتێب و دابەشی دەکەن. بۆیە لە گفتوگۆی ئاست بەرزدا دەبێت ئێمە بەم جۆرە گفتوگۆ بکەین کە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزینەوە».

خاڵێکی دیکە کە ئەویش وەك پێشنیاز درایە بازنەی گفتوگۆ و داوایان لێ کرد بە ئەمانەتەوە ئەم پێشنیازە لە ڕێگەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە بگەیەندرێتە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەتا «مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان» ڕابسپێرێت لە خولی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان دەستپێشخەر بێت بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی گرنگ بۆ پاراستنی ژینگە، هەمووارکردنەوەی یاسای ژینگە، هەروەها پێداگریی توند بکات بۆ ئەوەی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە جارێکی دیکە بکرێتەوە بە وەزارەتی پاراستن و چاککردنی ژینگە».



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و
ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

لایەنێکی دیکەی بازنەی گفتوگۆ ئەوەیە، ئەو میوانانەی بەشداریی ئەم گفتوگۆیانە دەکەن، تەنیا لەلایەن ئەندامانی بازنەی گفتوگۆوە و لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و پسپۆڕیی تایبەت بە ناونیشانی گفتوگۆکە دەستنیشان دەکرێن و بانگهێشت دەکرێن، بەبێ ئەوەی جیاوازی بکەن سەر بە کام لایەنی سیاسییە یان سەر بە کام نەتەوە و ئایین و مەزهەبێکە. لە هەموو ئەو گفتوگۆیانەشی تا ئێستا ڕێکیان خستووە و بەڕێوەیان بردووە، ئەم مۆزاییکە ڕەنگدانەوەی هەبووە و زۆرجار ناچار بوون پەنا بۆ وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ ببەن، کە من وەك بەرپرسی بەش و سەرپەرشتیاری بازنەی گفتوگۆ، دەستخۆشییان لێ دەکەم.

دروستبوونی متمانە بە بازنەی گفتوگۆ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر و ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میتۆدەی کە بازنەی گفتوگۆ لەگەڵ بەشداربووانی گفتوگۆکان پیادەی دەکات، کە میتۆدێکی تازەیە، لەم میتۆدە تازەیەدا بازنەی گفتوگۆ ڕێز لە هەموو جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و سیاسییەکان دەگرێت. مافی بڕیاردانی بڵاوکردنەوە، کە مافێکی تایبەتیی هەر ناوەندێکی ڕۆشنبیری و سیاسییە، دەستبەرداری بووە و گێڕاویەتیەوە بۆ بەشداربووانی گفتوگۆکە، ئەمەش زۆر ڕاشکاوانە بەو مانایەی «دوای ئەوەی بازنەی گفتوگۆ بە ئەمانەتەوە بۆچوونەکانیان دادەڕێژێتەوە و بۆیان دەنێرێتەوە، ئەوان خۆیان بڕیاری بڵاوکردنەوەی دەدەن، کە ئەمەش جیا لەوەی پێچەوانەی نەریتی باوی ڕۆژنامەگەرییە، بەڵام بناغەی ئەو متمانەیەیە کە بۆ بازنەی گفتوگۆ دروست بووە.

بازنەی گفتوگۆ لە ماوەی ٢٨ مانگی تەمەنی خۆی و لە میانەی ئەو ٢٨ گفتوگۆ گرنگانەی بەڕێوەی بردوون، بە پراکتیکی ئەوەی سەلماند کە جیاوازیی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، جیاوازیی نێوان بیربۆچوون و هێز و لایەنە سیاسییەکان، سەرچاوەی هێزن بۆ تەواوکردنی یەکتری و مانەوەی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان پێکەوە بۆ لێکتێگەیشتن و هاریکاریکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دروستکردنی پێشنیازی دروست و ڕاسپاردە، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە شان بدەینە بەر چارەسەرکردنی کێشەکان و پێکەوەژیانی برایانە لەم نیشتمانەدا.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی بارزانی، سەرکردایەتییەکەی ڕەنگدانەوەی تەواوی جیۆگرافیای کوردستان بووە. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنیش وەك بەشێك لەناو ئەو جیۆگرافیا بەرینەی کوردستانەوە هەوڵی داوە هەموو کوردستان لە وێنەیەکی گەورەدا بەرجەستە بکاتەوە و، بازنەی گفتوگۆش کە ئۆرگانێکی سەربەخۆی ئەم بەشەیە، بە هەمان میتۆد کار دەکات کە گفتوگۆ و یەکتری قبووڵکردنە، کە ئەمەش تایتڵە گەورەکەی پێناسەی ڕێبازی بارزانییە.

بیست و هەشتەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ٢٠٢٥، بازنەی گفتوگۆ بیست و هەشتەمین کۆبوونەوەی خۆی لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، وەك خۆئامادەکردن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی گرنگی نیشتمانی و تایبەت بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، گرێ دا.

لەم گفتوگۆیەدا زۆر بە چڕی هەڵوەستە لەسەر گرنگیی پاراستنی ژینگەی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەسەر ئاستی ناوچەکە کرا و، بڕیار درا گفتوگۆی ئەم جارە بە ناونیشانی «گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان» تەرخان بکرێت. هەروەها بۆ ئەم گفتوگۆیە بڕیار درا کە ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت و، ڕاوبۆچوونی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و پسپۆڕە تایبەتمەندەکانی بواری زانستی ژینگە وەربگیرێت و، پێش کۆبوونەوەکە لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان نمایش بکرێت، ئەمەش وەك ڕایەڵەیەك بۆ پێکەوە گرێدانەوەی ڕای گشتیی شەقامی کوردستان بە هۆڵی گفتوگۆکەوە و، هەروەها بڕیار درا ئەم بەڕێزانە بۆ گفتوگۆکە بانگهێشت بکرێن:

- ئەندازیار عەبدولڕەحمان سدیق - سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
- وەفا سلێمان محەمەد - نوێنەری ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری گۆڕانی کەشوهەوا.
- سەمەد محەمەد حوسێن - سەرۆکی پێشووی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
- شێخ ئیبراهیم بەرزنجی - یاریدەدەری پشکێنەری گشتی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- پ.د.دانا خدر مەولوود - پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سەرچاوەکانی ئاو و پاراستنی ژینگە.
- پ.د. گەلاوێژ عوبێد - پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان.
- هەژار ماهیر عەبدولڕەحمان - بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.
- د.سیراج محەمەد - پسپۆڕ لە تەندروستی و ژینگە لە زانکۆی سەلاحەدین —هەولێر.
- د.شارا کەمال - سەرۆکی بەشی تەکنەلۆژیای پەترۆڵ لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.
- عەمید فەرمان فازڵ - بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەولێر.
- هەڤاڵ ئەحمەد - بەڕێوەبەری فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوا لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
- ئاسۆ شکاك - سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤیار بۆ هۆشیاریی ژینگەپارێزی.
- ڕێبین ئەحمەد حەویز - بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر.
- ژیار جەلال - بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەپارێزیی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر.



**ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ**

« شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد».

راپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

بیست و هەشتەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان

پرسی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانکاریی لە کەشوهەوا، بە یەکێك لە کێشەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێت، لە هەرێمی کوردستانیش چەندین هۆکار هەن، کە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگە، هەر لە دووکەڵی پیسی موەلیدە و ژمارەی زۆری ئۆتۆمبێل و دەردانی گازی ژەهراویی پاڵاوتگە و کارگەکانەوە، تاوەکو کەمیی ڕێژەی سەوزایی و چارەسەرنەکردنی ئاوەڕۆکان و پابەندنەبوونی خاوەن کارگە و پاڵاوتگەکان بە جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین میکانیزمی گرتووەتەبەر بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی و دروستکردنی پۆند و بەنداوەکان و داخستنی پاڵاوتگە نایاساییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کێشەکانی پیسبوونی ژینگە لە هەرێمی کوردستان درێژەی هەیە. بۆ گفتوگۆی ئەمجارەی «بازنەی گفتوگۆ»، ڕاپۆرتێکی مەیدانیمان بە ناونیشانی «گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان»، ئامادە کردووە، کە تێیدا ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە بەشدار بوون و، دید و بۆچوونی خۆیان بە ڕاشکاوانە خستەڕوو.





**تابان عوسمان**
**کارگێڕی ڕێکخراوی ئاڤیار:**

# کوردستان پێویستی بە هەڵمەتێکی فراوانی پاراستنی ژینگەیی هەیە کە تێیدا سەرجەم یاسا و ڕێنماییەکانی ژینگەیی هەموار بکرێنەوە

○○○

ژینگەی هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی زۆر وڵات و ناوچەی دیکەی جیهان ڕووبەڕووی پیسبوونێکی ژینگەیی گەورە بووەتەوە، ئەم پیسبوونی ژینگەییەش لە هەرێمی کوردستان بۆ دوو جۆر هۆکاری (نێوخۆیی و دەرەکی) دەگەڕێتەوە. هۆکارە دەرەکییەکە بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی کەشوهەوا و گەرمبوونی گۆی زەوی و ئەو خۆڵبارینەی لە وڵاتانی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان دێت، ئەمە وێڕای ئەو تۆپباران و مووشەك و هێرشانەی دەکرێتە سەر ناوچە سەوزاییەکانی سەر سنوور، کە دەبێتە هۆی سووتان و لەناوچوونی ڕێژەیەکی زۆری درەخت و دارستان و پانتایی سەوزایی لە ناوچە شاخاوییەکان، هەرچی هۆکارە نێوخۆییەکەش هەیە، کاریگەریی و شوێنەوارەکانی کەمتر نییە لە هۆکارە دەرەکییەکان، لەوانە پابەندنەبوونی پاڵاوتگە نایاساییەکان بە مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان و بوونی مولیدە و دەرهاویشتە ژەهراوییەکانی کارگەکان و چەندین هۆکاری دیکە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ نەگەیشتنی هەرێمی کوردستان بە ئاستی ڕێژەی ستانداری جیهانیی سەوزایی، بەپێی ستانداره جیهانییەکان دەبێت ڕێژەی سەوزایی ١٥-٢٥٪ بێت.

جێگای خۆشحاڵییە هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا هەنگاوی باشی ناوە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی، ئومێدمان زۆرە هەڵمەت و پلان و بەرنامەکانی حکومەت بۆ پاراستنی درەخت و چاندنی نەمام و زیادکردنی پانتایی سەوزایی و زۆرکردنی ژمارەی باخچەکان لە شار و شارۆچکەکان دەست پێ بکات و، لە بواری دروستکردنی پشتێنەی سەوزاییشدا هەنگاوی بەپەلە بنرێت، چونکە پشتێنەی سەوزایی ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی ڕێژەی گازی ژەهراوی و پیسبوونی ژینگە و دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی ئۆکسیجن لە هەوادا. ئەم هەنگاوانەش دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ پێداچوونەوە بە مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان و هەموارکردنەوەی یاساکان و دەرکردنی سزای توند بەرانبەر ئەو سەرپێچیکارانەی ژینگەکەمان پیس دەکەن و پابەندی یاسا و ڕێنماییە ژینگەییەکان نابن.

**د. ڕەسوڵ سەبری نێروەیی**
**مامۆستای زانکۆی دهۆک:**

# لێنەپرسینەوە و سزانەدانی سەرپێچیکاران هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی ژینگەیە

○○○



پاراستنی ژینگە بووەتە پرسێکی جیهانی و لە ڕیزبەندی پێشەوەی خواست و داواکارییەکانی جیهان دێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان جێگای داخە ئەم پرسە وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە و کێشەکانی پیسبوونی ژینگە تا دێت ڕوو لە زیادبوون دەکات، لەمەشدا وێڕای ئەوەی گەلێك هۆکار هەیە کە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگە، بەڵام خودی مرۆڤ هۆکاری سەرەکییە کە پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانی پاراستنی ژینگەی خۆی نابێت، هەر لە پیسبوونی خاك و ئاو و هەواو فڕێدانی زبڵ و تێکدانی ژینگەی سەوزایی و بڕینەوەی درەخت، تاوەکو پابەندنەبوونی خاوەن پاڵاوتگە و مۆلیدە و کارگە و کارخانەکان بە مەرجەکانی ژینگەپارێزییەوە، بەمەش مرۆڤ هۆکاری سەرەکی تێکدانی ژینگەکەیەتی. تۆ سەیری بچووکترین ڕەفتاری بکە کاتێك بۆ گەشت و سەیران دەچێتە دەرەوە، ئامادە نییە لەو جێگایەی گەشتەکەی تێدا کردووە، پاشماوەی زبڵ و خاشاکەکەی خۆی کۆبکاتەوە و بیخاتە ناو حاوییەکی زبڵەوە، زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هۆشیاریی خاوێنڕاگرتنی ژینگەیان لەناو ناخی تاکەکانیاندا چاندووە، ئەوی دیکە لە ڕێگەی یاسا و ڕێنماییە توندەکانیانەوە پاراستنی ژینگە جێبەجێ دەکرێت.

لە هەرێمی کوردستان ئەگەر یاسا بۆ پاراستنی ژینگە نەبێت، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام ئەگەر یاسا هەبێت و جێبەجێ نەکرێت، ئەمە کێشەیەکی گەورەترە، چونکە دیارە کەموکورتی لە یاساکە یان لە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاساکەدا هەیە، لە یاساکانیشدا سەپاندنی سزا و جێبەجێکردنی خاڵێکی گرنگە و لە زۆر بواری دیکەدا بینیومانە کە خەڵکانێك هەیە تەنیا بە سزا دێتە سەر ڕێگای ڕاست و زیان بە خۆی و کۆمەڵگە و نیشتمانەکەی ناگەیەنێت.

سەبارەت بە زیادکردنی پانتایی سەوزایی بە ڕاددەیەك کە لە ئاست ستانداردە جیهانییەکاندا بێت، بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان هەر بە چاوخشاندنێك ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕووبەری سەوزایی بەپێی پێویست و ئەو ستانداردە جیهانییە نییە. لە دنیای پێشکەوتوو ئەم کارە بە ئەندازیارانی چاککردنی ڕووبەری سەوزایی سپێردراوە، کە دەبێت ڕێژەیەك هەبێت لەشار و شارۆچکە و پرۆژە و بینایە و تەنانەت خانووی هاووڵاتیانیش بۆ ئەوەی ڕووبەرێکی سەوزایی تێدا بێت، کەچی بەداخەوە ڕۆژانە لە پرۆژە و باڵەخانەکان و بینایەکان ڕووبەری سەوزایی لەناو دەبرێت و لێپرسینەوەش نییە

بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانی حکومەتە لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار بۆ هوشیاریی ژینگەیی بکات، بەتایبەتی لەناو منداڵاندا دەست بە هەڵمەتێکی گەورەی پەروەردەیی و هوشیاری بکرێت لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەوە تاوەکو سۆشیال میدیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، ئێمە لە بواری پاراستنی ژینگەیی بناغەیەکی پەروەردەیی و هوشیاری جوان و بەهێزمان بۆ منداڵەکان فەراهەم نەکردووە. خودای گەورە و میهرەبان ئەو ئاو و هەوا و کەش و سرووشت و درەخت و سەوزایی و ژینگە خاوێنەی پێشکەشی مرۆڤ کردووە، پێویستە ڕێزی لێ بگرێت و خراپ بەکارنەهێنرێت و زیانی پێ نەگەیەنرێت، چونکە ئەگەر هاونیشتمانیان خۆیان پاکوخاوێنی نەپارێزن و ڕێز لەو ژینگە پاك و دڵڕفێنەی کوردستان نەگرن، هەرچی شارەوانی دنیا هەیە بهێنرێت، ناتوانرێت ئەو بێسەروبەری و سەرپێچییە لە سەیرانگاکاندا ڕابگرن.

**سەدیق جەلالەدین**
**ژینگە پارێز:**

# ڕێژەی سەوزایی لە پارێزگای دهۆک لە ١٤٪ کەمترە، بۆیە ناتوانین ڕێگری لە وێرانبوونی زیاتری ژینگە بکەین

○○○

کەشوهەوا و خاکی کوردستان وەکو پێویست نەهاتووەتە پاراستن و زۆر خەڵك و خاوەنکار و کاسبکار بە شێوەیەکی زۆر خراپ مامەڵە لەگەڵ سرووشت و پاراستنی ژینگەی جوانی کوردستان دەکەن. من لێرەدا زیاتر باس لە هۆکارە دەرەکییەکانی خراپبوونی کەشوهەوای گۆی زەوی و پیسبوونی ژینگە بە شێوەیەکی گشتی ناکەم، زیاتر مەبەستمە تیشك بخەمە سەر پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، ئەو ژینگەیەی هێمای جوانی و دڵڕفێنیی هەرێمی کوردستان و ئاستی هوشیاریی کورد و کەلتوورە دەوڵەمەندەکەی بۆ پاراستنی ژینگە دەردەخات.

بۆ قسەکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی پیسبوونی ژینگەش پێویستە سەرەتا باسی ئەو هۆکارانە بکەین کە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان، لەوانە بوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل و بوونی ژمارەیەکی زۆری موەلیدەی کارەبا، پابەندنەبوونی پاڵاوتگەکان بە مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان، دەستدرێژیکردنە سەر زەویی کشتوکاڵی و دارستان و کەمبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی لە ناو دامەزراوە حکوومی و باڵەخانەکان، بەرهەمهێنانی کارەبا لە وێستگەکانی کارەبا کە بە سووتەمەنی و نەوتی ڕەش و گازوایل کاریان پێدەکرێت، خراپ مامەڵەکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ خاك و ئاو و هەوا و برینەوەی درەختەکان، ئەوەی لەمەش مەترسیدارترە پشتگوێخستنی ڕووبەڕووبوونەوەی سەرپێچیکاران و لێپێچینەوە و سزادانیانە، کە وای کردووە تا دێت ئەو هۆکارانە و جێبەجێکردنی ڕێنمایی و مەرجەکانی پاراستنی ژینگەیی کەمتر بێت، ئەمەش هەمووی وای کردووە، ڕێژەی سەوزایی لە ئاستێکی کەمی ستانداری جیهانیدا بێت. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پیسبوونی ژینگە و کەمیی ڕێژەی سەوزایی پێویستە هەر پڕۆژە و باڵەخانەیەك و ڕێگاوبانەکانیش و بە ڕێژەی لە ٢٥٪ی سەوزایی بێت. بەداخەوە پارێزگای دهۆك ئەگەرچی بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە بارودۆخی سەوزایی باشترە، کەچی ڕێژەی سەوزایی لەم پارێزگایە لە ١٤٪ کەمترە، واتا ئێمە ناتوانین پارێزگاریی لە ژینگەی خۆمان و هەر هۆکارێکی دەرەکیش بکەین و ئەم وێرانبوون و پیسبوونی ژینگەیە ڕابگرین.



هاووڵاتی و حکومەت پێویستە پێکەوە هەماهەنگییان هەبێت بۆ پاراستنی ئەو ژینگەیەی کە مەرجی سەرەکیی سەلامەتی و تەندروستی خودی هاووڵاتییانە، چونکە میللەتی ژینگەپارێز، بەردەوام میللەتێکی تەندروست و پێشکەوتوون، بە پێچەوانەشەوە چەند ژینگە تێك بدرێت، ئەوەندە کاریگەریی خراپی لەسەر تەندروستی و سەلامەتیمان دەبێت، بۆیە هوشیاری لەم ڕووەوە زۆر پێویستە لە تاکەوە دەست پێ بکات، تاوەکو خێزان و هۆز و کۆمەڵگە، هەر هەموویان ئەرکی سەرشانیانە پارێزگاری لە پاکوخاوێنیی ژینگە بکەن، ئەمەش تەنیا بە بانگەواز نابێت، چونکە زۆر لەو کەس و خاوەن کارانەی ژینگە پیس دەکەن لە پێناو بەدەستهێنانی قازانجی ماددییدا ئامادە نین پابەندی مەرجەکانی پاراستنی ژینگەیی بن، بۆیە دەبێت سزاکان توند بکرێن و لەسەر هەمووان جێبەجێ بکرێت، کەمتەرخەمییش لەکەس قبووڵ نەکرێت، خاك و هەواو ژینگەی وڵاتەکەمان قۆرخکاری و موڵکی کەس نییە و ئەرکی سەرشانی هەموانە بیپارێزن.

**دکتۆر کارزان عەبدوڵڵا**

**مامۆستای پۆلەتەکنیکی زانکۆی سلێمانی:**

# سەرەڕای ئەوەی ئاو کەم بووەتەوە، کێشەی پیسبوونی ئاویشمان بە هۆی ئاوەڕۆکانەوە هەیە



ئەگەر باسی ئەو هۆکارە زۆرەی پیسبوونی ژینگە بکەین، کە ژینگە خۆی لە خاك و ئاو و هەوا پێك دێت و هەر مادده و کایەیەك ئەمانە پیس بکات و لێکەوتەی هەبێت، پێی دەوترێت پیسبوونی ژینگە. خۆ ئەگەر باسی پیسبوونی ئاو بکەین، کە زۆر گرنگە چارەسەری پیسبوونی ئاو بکەین، چونکە کاریگەریی لەسەر خاك و هەواش هەیە، ژینگە تێکەڵکێشە لەگەڵ یەکتر و دەبێت هەمووی پێکەوە چارەسەر بکرێت، خۆ ئەگەر یەکێکیان چارەسەر بکەیت بە جددی، ئەوانەی دیکەش چارەسەر دەبێت. ئێمە لە کوردستاندا کێشەیەکی زۆر گەورەی پیسبوونی ئاومان هەیە، کە سەرەڕای ئەوەی ئاو کەم بووەتەوە، لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری شار و شارۆچکەمان هەیە کە خاشاك دروست دەکەن، بەتایبەتی خاشاکی شل کە بەداخەوە چارەسەری هەردوو کێشەی شارەکان لە خاشاکی ڕەق و خاشاکی شل نەکراوە، ئەم مادده نامۆیە کاتێك دێتە ناو ژینگەوە بە تەواوەتی پیسی دەکات. خاشاکی شل (ئاوەڕۆ) یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی پیسبوونی ژینگە، لە شارەکان زۆرترین سەرچاوەی پیسبوونی ژینگە دەردەچێت هەر لە ئاوەڕۆوە تاوەکو خاشاکی کارگە و ناوچە پیشەسازییەکان و نەخۆشخانەکان و چالاکییە مرۆییەکان، ئەمانە هەمووی ئەگەر چارەسەر بکرێت، بە یەکێك لە چارەسەرە بنەڕەتییەکانی ئاو دادەنرێت. بەداخەوە زیاتر لە ١٩ کەناڵی ئاوەڕۆ دەچێتە دەرەوەی شارەکان و دواجار بە یەکێك لە میکانیزمە ژینگەییەکان بۆمان دەگەڕێتەوە و کاولکاریمان بۆ دەهێنێت. ئەم ئاوەڕۆیە کە لە شار دەردەچێت، هەمووی دەچێتە ناو سەرچاوە ئاوییەکانمان، تەنیا بە جیاوازی بینینی ئاوی تانجەرۆ لەگەڵ ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئێستادا بەهۆی بۆنی ناخۆش و پیسبوونی ئاوەکەوە دەبینیت چ کاولکارییەکمان لەسەر ئاوی پاکی خواردنەوە کردووە، جاران لە تانجەرۆ ماسی تێدا ڕاو دەکرا، کەچی ئێستا بۆتە ئاوەڕۆ.

بە سوپاسەوە لەم چەند ساڵەی دوایی بەنداو و پۆند کاری گەورەی لەسەر کرا و کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی لەناوچوون و پیسبوونی ئاو هەبووە، بەڵام لە بواری تێکەڵبوونی ئاوەڕۆکان بۆ ناو سەرچاوە ئاوییەکان دووبارە وێرانمان دەکاتەوە و ژینگەی ئاو و زیندەوارەکان و قەوزەکانمان تێکداوە و دواتر هەر بەو بەرهەمە کشتوکاڵییەی ئاومان داوە بە خۆراکێکی ناتەندروست دێتەوە سەر سفرەی خوانیماڵەکانمان، بەکارهێنانی ئەم ئاوانەش لە کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراك بەکارهێنانی ئەو مادده ژەهراوییانەیە کە لە مێژوودا بۆ قڕکردنی کورد بەکاردەهێنران، ئەم ماددانە لە ڕێگەی ئاو و خاك و کشتوکاڵ دەڕژێتەوە ناو لەش و تەندروستی ئێمەوە، بەمەش کەرتی کشتوکاڵ و خۆراکی زیانی گەورەی بەر کەوتووە. باشە ئەگەر چارەسەری بکەین و بیپاڵێوین بە هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەکو بەریتانیا کە لە ٧٠٪ی ئاوی خواردنەوەکەی پاڵێوراوە، ئەو کات ئێمەش دەتوانین ئەم ئاوەڕۆیە بە لانی کەمەوە بە شێوەیەك پاکی بکەینەوە بۆ کەرتی کشتوکاڵی بەکاری بهێنین، لەکاتێکدا

**دەشتی مەنتک**

**لە ڕێکخراوی ئاڤیار بۆ هۆشیاریی ژینگەیی:**

# دروستكردنی پشتێنەی سەوزایی و پۆند و بەنداوەكان بۆ پاراستنی پیسبوونی ژینگە پێویستە



پابەندنەبوونی كاركەگان و پاڵاوتگەكانی نەوت و موەلیدەكان بە ڕێنمایی و مەرجەكانی پاراستنی ژینگە، ڕۆڵێكی خراپیان بینی بۆ پیسبوونی ژینگەی هەرێمی كوردستان، ئەم حاڵەتە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق سەریهەڵدا و پاڵاوتگەكان لە كات و ساتێكدا دروست كراون، هیچ مەرجی ڕێنمایی ژینگەییان نەبووە و بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگە.

سەبارەت بە ڕێژەی ستانداردی سەوزایی كە بەداخەوە نەمانتوانیوە ئەم ڕێژە ستانداردە بپارێزین، تاكو ئەمڕۆ پانتایی دارستان و باخچە و پارك و سەوزایی لە شارەكاندا لە ئاست ئەو فراوانبوونەی بینایە و باڵەخانە و ڕێگاوبانەكان نەبووە، هەرچی ئەو پارك و باخچە و چاندنی نەمامەی هەیە، بەپێی پێویست نییە و نەگەیشتووینەتە ئاستی ستانداردی جیهانی، بۆیە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەڵسێت بە دروستكردنی پشتێنەی سەوزایی لەسەرجەم شار وشارۆچكەكانی كوردستان، خۆ ئەگەر پشتێنەی سەوزایی دروست نەبێت، بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بگەینە ئاستی ستانداردی سەوزایی جیهانی و فلتەری ژینگەیی بۆ شارەكانمان دروست بكەین. لەلایەكی دیكەوە هەنگاوەكانی دروستكردنی پۆند و بەنداوەكان و ڕاكێشانی ئاو بە بۆری و داخستنی بیرەكانی ئاوی خواردنەوە بۆ پاراستنی ئاوی ژێرزەوی و زیادكردنی پانتایی دارستان و سەوزایی گرنگی لە ڕادە بەدەریان هەیە، بۆ پاراستنی ئەم سامانە نیشتمانییە بۆ نەوەكانی داهاتوومان .

لە ئێستادا لە ٦٥٪ی ئاوی ئێمە كشتوكاڵ دەیبات، ئەو كات وەرچەرخان و شۆڕشێك لە پاراستنی ژینگە و ئاو و خۆراك ئەنجام دەدەین و دواجاریش بۆ لەشساغی و تەندروستیی مرۆڤ گرنگی لە ڕادە بەدەری دەبێت.

خاشاكی ڕەقیش كە لە پاشماوەی پیشەسازی و ماڵەكان فڕێ دەدرێت، ئەمە كارەساتێكی گەورەی دیكەیە و زۆربەی ئەو پیسبوونی ژینگەییەی كە دەستی مرۆڤی تێدا نییە و سرووشت و كەشوهەوا خۆی دروستی دەكات، دواجار ژینگەی سرووشتی خۆی پاكوخاوێنی دەكاتەوە، بەڵام پیسبوونی دەستی مرۆڤ لەو هەموو خاشاكەی كە لە ٨٠٪ی چارەسەر ناكرێت و لە ٢٠٪ كەی دیكەشی بە هۆی پێداویستیی هەندێك خەڵكەوە كۆدەكرێنەوە و پاك دەكرێتەوە بەڵام بە بەرنامە و پلان و زانستییانە كۆناكرێنەوە و چارەسەر ناكرێن، تەنانەت چارەسەری ژێرخاككردنیش ئەگەر بە شێوەیەكی زانستی نەبێت، دیسان بە هەمان شێوە نیشتمان و خاك و ئاو و هەوا پیس دەكات، ئەمە دووەم سەرچاوەی پیسبوونە كە تا دێت خاشاكەكان ڕووی لە زیادبوونە و بە چارەسەرنەكردنیشی تووشی بەڵامان دەكات. ڕەنگە ئەم پلاستیك و بۆیاخ و كۆمەڵێك پاشەڕۆی دیكەی ماددەی ژەهراویی لێ دروست دەبێت و بە لافاو و ڕاماڵین دەچێتەوە ناو خاك و ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی پیس دەكات، لە كاتێكدا ئەمانە سامانە و دەتوانین پلاستیك و پەینی كشتوكاڵی و چەندین بەرهەمی دیكەی لێ دروست بكەین. یەكێكی دیكە لە سەرچاوەكانی پیسبوون لە كوردستاندا دەردانی دووكەڵە، من ناتوانم بڵێم ئەوەی یەكەم و دووەم لە ئاوەڕۆ و خاشاكی ڕەق مەترسی نییە، بەڵام ئەمەیان بۆ پیسبوونی ژینگە و خاك و ئاو و هەوا و تاوەكو بە زنجیرەی خۆراكی دەڕوات و دەڕژێتەوە ناو لەشی ئێمە و دەیان دەرد و نەخۆشیمان تووش دەكات. لێرە بەراورد بە وڵاتانی پیشەسازیی و بەرهەمهێنەران، ئاستی پیسبوونی ژینگە ڕەنگە كەمتر بێت، بەڵام كاتێك چارەسەری بۆ نەكرێت، ئەوا مەترسییەكە لێرەوە زیاتر دەبێت.

### دکتۆر عەبدولڕەحمان جەعفەر کەمەکی
### ڕێڤەبەری هەرێمی یەکێتیی جیهانیی ژینگەپارێزی و کەشوهەوا:

# لە هەرێمی کوردستان پیسبوونی هەواو و بوونی گازێکی ژەهراوی زۆر مەترسی گەورەیە بۆ سەر ژیان و تەندروستیی مرۆڤ

○○○



پیسبوونی ژینگە بە هەرسێ جۆرەکەی (ئاو و خاك و هەوا) لە هەرێمی کوردستان مەترسی زۆری لەسەرە، بەتایبەتی کە بەپێی پێوەرە جیهانییەکان ئاو و هەوا و خاکی هەرێمی کوردستان ڕووی لە پیسبوون کردووە، موەلیدە و کارگە و پاڵاوتگە و ئاوەڕۆ و دووکەڵی ژەهراویی ئۆتۆمبێل و فڕێدانی خاشاك و پاشەڕۆی نەخۆشخانەکان و دەیان هۆکاری دیکە کە لەژێر کۆنتڕۆڵ دەرچوون و جێگای مەترسیی گەورەن بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤەکان و پیسبوونی ژینگەکەمان. ماددە ژەهراوییەکانی کاربۆن و نێترۆجین ودەیان تەن ماددەی دیکەی ژەهراوی پیسبوونی هەوای لێکەوتووەتەوە، دواتر لەڕێگەی دابارینەوە ئاو و خاکیش پیس دەکات و زیانی گەورەی لەسەر تەندروستی مرۆڤەکان دروست دەکات. ناکرێت ڕێژەی دەردانی کاربۆن و نێترۆجین لە ڕێژەی ئۆکسجین زیاتر بێت و هەر موەلیدەو کارگە و کارخانەیەك و کەسێك گازی ژەهراوی دەربکات و بێ هیچ چاودێری و لێپرسینەوەیەك ژینگەی هەرێمی کوردستان پیس بکات و ژیانی هەمووان بخاتە مەترسییەوە، دەبێت موەلیدە و کارگە و کارخانە و پاڵاوتگەکان بخرێنە دوور لە شارەکان و لە نزیك شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵك نەبێت. ڕەنگە تاکو ئێستا خاکی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە پیس نەبووە کە بڵێین بووەتە دیاردە و مەترسی لەسەر ژینگەی جوانی کوردستان هەبێت، بەڵام کێشەکە لە چارەسەرنەکردنی ئاو و ڕیسایکلینی خاشاکە ڕەقەکان و دووکەڵە زۆرەکەی موەلیدەکانە، ئەوەتا هەرچی سەرچاوەی ئاو هەیە مەترسییەکی جددیی لەسەرە بە هۆی ئاوەڕۆ و پیسبوونی هەوا و بوونی ماددەیەکی زۆری پلاستیك.

بۆ پاکڕاگرتنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و پاکژکردنەوەی هەواکەی، پێویستە ڕێژەی سەوزایی بەپێی ستانداردی جیهانی زیاد بکەین. ڕاستە ئێمە ناتوانین هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان وەکو یەك هەڵسەنگێنین و هەر ناوچە و پارێزگا و شارێك جیاوازیی ڕێژەی سەوزاییان وەکو یەك نییە، بۆ نموونە ئاو و هەوای پارێزگای دهۆك لە هەمووی باشترە، ئەگەرچی بوونی زنجیرە چیاکان بەتایبەتی لە نزیك سەنتەری شار وادەکات دووکەڵ و هەوایەکی پیس لەناو سەنتەری شارەکەدا بمێنێتەوە، بەڵام بوونی ڕێژەیەکی سەوزایی باش وا دەکات ئۆکسجین زیاتر بێت و گەرمی

کەمتر بێت. ڕاستە لە هەندێك شاری دنیا ڕێژەیەکی سەوزایی زۆری تێدایە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری مرۆڤی تێدا دەژی بۆیە ڕێژەی دانیشتووانیش بۆ بابەتی ستانداردی ڕێژەی سەوزایی گرنگیی خۆی هەیە. بۆیە من پێم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە لەناو شارەکان و لەو جێگایانەی چڕیی دانیشتوانی زۆرە ڕێژەی سەوزایی زیاتر بکات، ئەمە هاوکێشەیەکی قورس و ئاڵۆزە و دەبێت ڕێژەی سەوزایی لەناو شارەکان و دەوروبەری شارە گەورەکان زیاتر بکرێت، چونکە بوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان و کارگە و چالاکی ئابووری و ئۆتۆمبێلێکی زۆر وا دەکات، ڕێژەی گازی ژەهراوی لەناو هەوای سەنتەری شارەکان زۆر پیستر بێت.

کاتی ئەوە هاتووە هاووڵاتی و چالاکانی مەدەنی و کەرتی تایبەت و پەرلەمان و یاسا و حکومەت و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان دەست پێبکەن و هاریکار بن بۆ پاکژکردنەوەی ژینگەکەیان، پرسی پاراستنی ژینگە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانییە، هەر پیسبوونی ژینگەیەك کاریگەریی لەسەر گەرمبوونی گۆی زەوی دەکات. لە کوردستان هەموو چالاکانی مەدەنی و ژینگەیی و حزب و حکومەت و پەرلەمان و چین وتوێژەکان دەبێت لەپرسی پاراستنی ژینگەدا یەك تیم بن، ڕێگا نەدەن کەسانێك بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان زیان بە تەندروستی و ژیانی منداڵ و ئازیزانمان بگەیەنن.

مایەی خۆشحاڵییە حکومەتی هەرێم بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێکی گرنگی بۆ زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی و کۆنترۆڵکردنی پاڵاوگە و کارگە و دووکەڵی مولیدە و ئۆتۆمبێلەکان، لەبابەتی پاراستنی ژینگە ئەگەر دوای ٣٠ ساڵیش بێت لە ئێستادا مولیدەکان هەڵبگیرێن هێشتا دەستکەوتێکی گەلێك باشە، چونکە ڕاستەوخۆ لەناو جەرگەی ماڵاندا دووکەڵێکی زۆری ژەهراوی دەڕێژنە ناو لەشمانەوە کە زیانی بۆ سەر تەندروستی و سلامەتیی هەمووان هەیە.



**بژوێن خالید**
**مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان لە زانکۆی سلێمانی:**

# بۆ چارەسەرکردنی پیسبوونی ژینگە پێویستە حکومەت سوود لە توێژینەوە زانستییەکانی ناو زانکۆکان وەربگرێت

ooo

هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە زۆرن، هۆکاری سرووشتییەکان و هۆکارە دەستکردەکان کە بە هۆی خراپ مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەدا دروست دەبێت. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو هۆکارانەیە کە بەدەستی مرۆڤ دروست دەبێت، لەمەش پیسبوونی ژینگە بە هۆی ماددە پترۆهایدیۆکاربۆنییەکانەوە، کە تەنیا ئەم پیسبوونی ژینگەییە لەو شوێنەدا نییە کە دەرهێنانی نەوتی تێدا دەکرێت، بەڵکو زنجیرەیەك لە پیسبوونە تاوەکو هۆکارە بچووکەکانی وەکو ڕۆنگۆڕەکان کە لە

ناوچەی تانجەرۆ و ناوچە پیشەسازییەکان کە بە ڕوونی دیارە، ڕاستە لایەنی پەیوەندیدار دەستێکی باڵایان هەیە لە کەمکردنەوەی ئەم پیسبوونانەی ژینگە بەڵام مەترسییەکانیش زۆرن، هەروەها پیسبوونی دیکەمان هەیە بە هۆی مادده پلاستیکییەکان و پیسبوونی کەش و هەوامان هەیە بە هۆی دووکەڵی ئەو ئۆتۆمبێلە زۆرانەوە دروست دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو هۆکارانەی پیسبوونی ژینگە کە مرۆڤ دەستی تێدا هەیە، زۆر زیاترە لە هۆکارە سروشتییەکان، بۆ کەمکردنەوەی ئەم هۆکارانەش پێویستە مرۆڤ مەرج و ڕێنماییەکانی تایبەت بە پاراستنی ژینگە توندتر بکات و هەوڵی بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی بدرێت، کە لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە زیادکردن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەرییەکانی ئەو گازە ژەهراوییانەی لە کەشوهەوا و سرووشتدا هەیە، کەم بکەینەوە. زۆر پێویستە کار بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی بکەین، بەتایبەتی ڕێژەی $CO_2$ کە ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر دەبێت. بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی بە تاکە کەسی بێت، یا لە ڕێگەی حکومەتەوە بێت، بە هەردوو ڕێگاکە کاریگەریی خۆی هەیە و دەکرێت بە هاوکاریی یەکتر بێت. بەڵام بە بۆچوونی من چارەسەری پیسبوونی ژینگە دوو لایەنەیە و بە هاووڵاتی و حکومەت پێکەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە هەنگاوەکانی ئەم دواییەی کەمکردنەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی پلاستیك و دووبارە ڕیسایکلینی و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە، یان دروستکردنی باخچە و مەزرەعە لەلایەن هاووڵاتیانەوە کە هاوکاریی حکومەتە بۆ چاندنی نەمام و بەخێوکردنی، هەرچەندە ئەم هەنگاوە پێویستی بە کاری زیاترە و لەمەشدا پێویستە سوودی زیاتر لە توێژینەوەکانی مامۆستایانی زانکۆ وەربگرین و ئەم توێژینەوە زانستییانە تەنیا لەسەر کاغەز نەمێنێتەوە و لەڕووی پراکتیکییەوە سوودی لێوەربگیرێت.




**ساڵح فەرحان**

**مامۆستای زانستی ژینگەیی لە کۆلێژی زانستی زاخۆ:**

# پێویستە حکومەت و هاووڵاتی هەماهەنگ و هاوکار بن بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی، کە دواجار لە بەرژەوەندیی تەندروستیی هاووڵاتی و خێزانەکەی دەبێت

ooo

لە هەرێمی کوردستان هۆکاری پیسبوونی ژینگە زۆرە، بەڵام ئەوەی زۆر بەرفراوانە و نزیکە لە مرۆڤەکانەوە و ڕۆژانە ڕووی لە زیادبوونە، بوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێلە کە بەداخەوە ژمارەیەکی زۆریان پابەندی ڕێنمایی و مەرجەکانی پاراستنی ژینگە نین و لە ئەکسۆسی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە دووکەڵێکی ڕەش و ژەهراویی پیس دەردەدەن، دواتر بە پلەی دووەم دەردانی دووکەڵی ئەو ژمارە زۆرەی

موەلیدەی گەڕەك و كەرتی تایبەتە كە بەهۆی كەمی ماوەكانی پێدانی كارەبای نیشتمانییەوە ژمارەیەكی زۆری هاووڵاتیان و كەرتی تایبەت و بینایە و فەرمانگەكان پشتیان بە ئیشپێكردنی موەلیدەی كارەبا بەستووە و كە بێ هیچ فلتەر و ڕێنماییەك نزیك لە هاووڵاتییان و شوێنی نیشتەجێبوونیان دووكەڵێكی ڕەشی ژەهراوی دەردەن، ئەمە جگە لە چەندین هۆكاری وەكو دەردانی پاشماوە و دووكەڵی كارگەكان و ڕژانی ئاوەڕۆكان بۆ ناو سەرچاوەكانی ئاوی پاك و خاوێن و فڕێدانی زبڵ و خاشاك بێ ئەوەی ریسایكلین بكرێت.

بەداخەوە هەماهەنگی و هاوكارییەكی باش لە نێوان فەرمانگەكانی پاراستنی ژینگە و هاووڵاتیان نییە و وەكو ئەوەی زۆربەی هاووڵاتیانی كوردستان هێشتا شارەزاییەكی ئەوتۆیان نییە لەسەر مەترسییەكانی پیسبوونی ژینگە و كاریگەریی لەسەر تەندروستی و دەركەوتنی نەخۆشی و پەتای زۆر مەترسیدار، زۆر لە هاووڵاتیان شارەزایی ئەوەیان نییە فڕێدانی تەنیا یەك دەبەی پلاستیك كە بۆ ٣٠٠ ساڵ لە خاكدا شوێنەواری پیسبوونی ژینگە بەجێ دەهێڵێت و چەند مەترسیدارە بۆ سەر لایەنی تەندروستیی خۆی، ئەم مەترسییانە لە كاتێكدایە كە چەندین ساڵ حكومەتی بەعس چەكی كیمیایی و تەقەمەنی و چاندنی مین و وێرانكردنی گوندەكانی وەكو سیاسەتێكی قڕكردن و ئەنفالكردنی كوردستان بەكار هێناوە، كە بووەتە هۆی خراپ بوونی ژینگە و وێرانكردنی كوردستان و تێكچوونی تەندروستیی مرۆڤ و زیندەوەران و كەمبوونەوەی ڕێژەی دارستان و سەوزایی لە هەرێمی كوردستان.

ڕاستە لە چەند ساڵی ڕابردوودا حكومەتی هەرێمی كوردستان دەركی بەم مەترسییانەی پیسبوونی ژینگە كردووە و لەسەر ئاستی عێراق لە هەرێمی كوردستان ڕێژەی سەوزایی باشترە، بەڵام هێشتا ئەم ڕێژەی سەوزایی و ڕواندنی نەمام و درەختە نەگەیشتووەتە ئاستی ستانداردی جیهانی، پێویستە حكومەت و هاووڵاتی هەماهەنگ و هاوكاربن بۆ بەرزكردنەوەی ڕێژەی سەوزایی كە دواجار لە بەرژەوەندیی تەندروستی و سەلامەتی هاووڵاتییەكە و خێزانەكەی دەبێت.

باشترین میكانیزم بۆ بەشداریی هاووڵاتیان لە زیادكردنی ڕێژەی سەوزایی و چاندنی نەمام بابەتی هوشیارییە، پێویستە ڕۆشنبیركردن و هوشیاركردنی خەڵكی بكرێتە بەرنامەی پەروەردەیی ناو خێزان و قوتابخانە و چالاكی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانە جگە لەو پلان و بەرنامە ژینگەیی و پرۆژەكانی دروستكردنی باخچە و بارگەكان و بەرزكردنەوەی ڕێژەی سەوزایی بە دوو ئاراستەی دیكەش كار بكات، لەلایەك لە ڕووی هوشیارییەوە لە لایەكی دیكەوە لەڕووی بەدواداچوون و جێبەجێكردنی یاسا و ڕێنماییەكان و سەپاندنی سزای دارایی دژی ئەو كەس و كۆمپانییانەی كار لەسەر تێكچوونی ژینگە و زیانگەیاندن بە هەوا و خاك و ئاو دەكەن. لەم ڕووەوە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە، یاسا كۆنەكان هەموار بكرێنەوە و ڕێنمایی و مەرجەكان بەپێی قۆناغ و واقیعەكە توندوتۆڵتر بكرێن، بۆ نموونە ئێمە لە ناوچەی پیشەسازیی كواشێ كە ژمارەیەكی زۆری وێستگەی بەرهەمهێنانی كارەبا و كارگە و كارخانە هەیە، تاكو ئێستا پابەندی ڕێنماییە ژینگەییەكان نابن و دووكەڵ و خاشاك و پاشماوەیەكی زۆر فڕێ دەدەنە دەرەوە و لە بواری ژینگە پارێزی و دروستكردنی باخچە و دارستان و سەوزایی پارێزگاكەدا هیچ دەستپێشخەرییەكیشیان نییە، لە كاتێكدا وا پێویست بوو بە پشتێنەیەكی سەوزایی ئەم ناوچەیە دابخرایە و هەر هیچ نەبێت بەشێك لەو گازە ژەهراوییەی لەم ناوچەیەوە دەردەچێت، نەگاتە شار و شارۆچكەكانی دەوروبەری كواشێ، لەسەر پیسبوونی ژینگەی ئەم ناوچەیە لەلایەن مامۆستاكانی هاوڕێمەوە، بەتایبەتی لە كۆلێژی زانستی زانكۆی زاخۆ چەندین توێژینەوەی زانستیان هەیە كە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن كە ئەم ناوچەیە چەند ژەهراوییە و شوێنەوارەكانی لەسەر پیسبوونی ژینگە زۆر مەترسیدارە، بۆ كەمكردنەوەی بەكارهێنانی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێلیش كاتی ئەوە هاتووە هۆكارەكانی دیكەی گواستنەوەی وەكو میترۆ و سیستەمی پێشكەوتووی پاس دابین بكرێت .

## وەسفی حاجی سلێمان
### مامۆستای کۆلێژی زانست زانکۆی زاخۆ:

# بۆ یەکەمین جار لە دووکەڵی ڕەشی پیسی مۆلیدەکان بە هۆی پڕۆژەی ڕووناکییەوە ڕزگارمان دەبێت



○○○

هەموو هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە گرێدراون بەیەکەوە، هەندێك هۆکار هەیە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی دەکرێت لەژێر کۆنترۆڵی خۆمان بێت، چارەسەری هەیە، لەوانە ناهوشیاریی خەڵکی لە پاراستنی ژینگە و نەڕواندنی نەمام و گرنگی نەدان بە درەخت و سەوزایی، یان پابەندنەبوونی خاوەن کارگە و پاڵاوتگەکانی نەوت بە مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکانەوە، یان کوژانەوەی زەویی کشتوکاڵی و فراوانبوونی پانتایی شارەکان و نەبوونی بەرنامەیەکی ڕێکوپێك بۆ دروستکردنی باخچە و پارکی گەورە، یان لەبەر نەبوونی هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوە وەکو شەمەندەفەر و میترۆ کە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان ئۆتۆمبێلی شەخسی خۆیان بەکار دەهێنن، یەکێك لەو هۆکارانەی کاریگەریی لەسەر پیسبوونی ژینگە هەبوو لە دوای ساڵی ١٩٩١ ـەوە بوونی ئەو هەزارەها مۆلیدەیە بوو کە بە هۆی خراپی و کەمی ماوەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانییەوە لە هەموو گەڕەکێك دانراوە، ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆری مۆلیدەی کارەبای دامەزراوەکان و فەرمانگە و مۆڵ و هۆتێل و میوانخانەکان و تەنانەت نووسینگەکانیش، ئەم ژمارە زۆرەی مۆلیدە هەوای کوردستانی بە تەواوەتی پیس کردووە، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە ئاوەڕۆکان چارەسەر بکات و زۆر لەم ئاوەڕۆیانە دەرژێنە ناو زێ و ڕووبارەکانەوە و سەرچاوەی ئاوەکەمانی بە تەواوەتی پیس کردووە، بەتایبەتی کە وێڕای پیسیی ئەم ئاوەڕۆیانە گەلێك سەرچاوەی پاشماوەی نەخۆشخانە و ڕۆنگۆڕ و کارگەکان و ماددەی ژەهراویی دیکەش دەڕژێنە ناو ئەم ئاوەڕۆیانەوە .

سەبارەت بە ڕێژەی سەوزایی کە ڕێژەی ستانداردی جیهانی لەم ڕووەوە هەیە، جێگای داخە لە هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژەیە کەمە و نەتوانراوە هەنگاوی پراکتیکی گەورەی بۆ بنرێت، لەبەر نەبوونی بوودجە و وشکەساڵی و کەمیی ئاو، بەڵام ئەم چارەسەرییانە زەحمەت نین و دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری جددی بۆ بکرێت. بەشێوەیەکی گشتی کەمیی سەوزایی بۆ نەبوونی هوشیاریی هاووڵاتیان دەگەڕێتەوە کە لە ماڵ و سەر شۆستە و بەردەم دووکانەکانیان گرنگی بە ڕواندنی نەمامێك نادەن، کە دواجار بۆ خێر و خۆشیی خۆی و خانەوادەکەی دەگەڕێتەوە و ئۆکسیجینێکی پاك لەبری گازێکی ژەهراوی زیانبەخش دەردات و هەواکەمان بۆ پاك دەکاتەوە. جێگای داخە لەگەڵ ئەوەی گرنگی بە ڕواندنی نەمام نادرێت، کەچی هەڵمەتێکی ناشیرین و نامرۆڤانەش لە بڕینەوەی درەختە بەتەمەنەکان لێرەو لەوێ ئەنجام دەدرێت.

ئەم هوشیارییەی ژینگە پارێزی لەناو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، سەرەتا هەر لەناو خێزان تاوەکو باخچەی ساوایان و قوتابخانە و زانکۆ و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و چالاکان و چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە مرۆڤەکانیان پەروەردە کردووە لەسەر ڕێزگرتن لە ژینگە و ڕێگە نەدان بە بڕینەوەی درەخت و نەمام و پیس نەکردنی ژینگەکەیان، بەپێچەوانەشەوە سەرپێچیکاران و کەسانێك ئامادە نەبن هیچ خۆشەویستی و ڕێزێکیان بۆ خاك و نیشتمان و ژینگە و تەندروستیی خۆشیان نەبێت، پێویستە بە یاسا لێپێچینەوە و سزادانی توند بەرانبەریان بگیرێتەبەر. ئەوەی لەم ماوەیەدا جێگای خۆشحاڵی هەموان بوو، دەستپێکردنی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕووناکیی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بوو بەمەش لە هۆکارێکی سەرەکی دووکەڵی مۆلیدە و پیسبوونی ژینگەی نزیك بە ماڵ و خێزانەکانمان دەربازمان دەبێت، کە لەماوەی ئەم دوو ساڵەی داهاتوو پیسبوونی ژینگەکە چەندین پلە دێنێتە خوارەوە.

**د.دیار ئەحمەد بلیج**
ڕاگری کۆلێژی زانست لە زاخۆ:

# هەر سێ لایەنی (هەوا و ئاو و خاك) پێکەوە گرێدراون و نەپاراستنی زیانی گەورەی بۆ سەر تەندروستی و خراپی خاك و ئاو و هەوا هەیە

یەکەمین هۆکاری پیسبوونی ژینگە، مرۆڤ خۆیەتی، ڕاستە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە زۆرن، بەڵام ئەم گۆڕانکارییەی کەشوهەوا و گەرمبوونی گۆی زەوی و پیسبوونی هەوا و ئاو و خاك لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت و مەترسییەکەشی بۆ سەر خودی تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤەکە خۆیەتی. هەموو ئەو کارگە و کارخانە و دووکەڵی ژەهراویی مولیدە و بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری ئۆتۆمبێل و پابەندنەبوونی مرۆڤەکان و خاوەن کارگە و کارخانەکان بەلایەنی ژینگە، مەترسییەکی گەورەی لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی ریسایکلین و چارەسەری ئاوەڕۆکان مەترسییەکی دیکەیە بۆ سەر پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و دواتر دووبارە گەڕانەوەی ئەم پیسبوون و مەترسییە بۆ سەر مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، دواجار هەموو فاکتەرەکانی پیسبوونی هەر سێ لایەنی (هەوا و ئاو و خاك) پێکەوە گرێدراون و کاریگەریی لەسەر یەکتر هەیە و زیانی گەورەی بۆ سەر تەندروستی و خراپی خاك و هەوا و ئاو هەیە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە گەورەیە دەبێت لە ڕێگەی کەمکردنەوەی دووکەڵ و دوورخستنەوەی کارگە و کارخانەکان لەشوێنی نیشتەجێبوون و پابەندبوونی خاوەن کار و مولیدەکان بە مەرج و ڕێنماییەکانی ژینگەییەوە کار بکەین، هەروەها لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی کاریگەرییە خراپەکانی دەرهاویشتەی ژەهراوی و پیسبوونی ژینگە و ئاو و هەوا کەم بکەینەوە، چونکە سەوزایی دیاردەی گەرمبوونی زەوی و کەمبارانی و کەم ئاوی کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو و هەوا و خاك کەم دەکاتەوە، ئەمە ئەرکی وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و پلاندانان و شارەوانی و بازرگانی و پیشەسازیی و کارەبا و ناوخۆ و سامانە سرووشتییەکانە هەمووی پێکەوە هەر یەکەو بەپێی ئەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانیانە دەبێت کار بۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایی و مەرجەکانی پاراستنی ژینگە بکەن، بۆ نموونە پاڵاوگەکان پابەندی ڕێنماییە ژینگەییەکان بکرێن و ئۆتۆمبێلەکان بخرێنە ژێر مەرجەکانی پارستنی ژینگەییەوە و ڕێگا بە ئۆتۆمبێلێك نەدرێت دووکەڵی ڕەش فرێ بدات و پانتایی کشتوکاڵ فراوان بکرێت و سەرچاوەکانی ئاو لە تێکەڵبوونی ئاوەڕۆکان بپارێزرێت و پۆند و بەنداوەکان زیاد بکرێن و پلانی ستراتیژیی بۆ چارەسەرەکان و هەنگاوەکانی داهاتوو هەبێت و ڕێژەی سەوزایی و باخچەکان لەناو شارەکاندا زیاد بکرێت.



من پێم باشە چاندنی درەخت ونەمام زیاد بکرێت، چونکە درەختەکان هەوای کوردستان پاك دەکەنەوە لەو ڕێژەی بەرزەی گازی ژەهراوی کە لەناو هەوادا هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی کاریگەریی لەسەر فێنکبوونی کەشوهەوا هەیە کە دواجار ڕێژەی دابارینی باران زیاد دەکات، دەکرێت لە ڕێگەی دابینکردنی بودجەیەکی تایبەتەوە کار لەسەر هەموو ئەم پلان و ستراتیژیەتەی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان بکرێت.



ئەندازیار عەبدولڕەحمان سدیق

سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە:

# کاتێک وەزارەتی ژینگە دابەزێنیت بۆ ئاستی دەستە، دەسەڵاتەکانیشی دادەبەزێت

ئەندازیار عەبدولڕەحمان سدیق، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە بووە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پێشتریش لە ساڵی ٢٠٠٤ وەزیری ژینگەی حکومەتی عێراق بووە، هەروەها یەکێکە لەو بیرمەند و ڕووناکبیرانەی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە دیدوتێڕوانین و شرۆڤە و بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆی هەیە و بەردەوام لە کۆڕ و کۆڕبەند و هۆیەکانی میدیا ئامادەبوونی هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی بایەخدانی بە ژینگە لەو پۆستانەی لەم بوارە بەڕێوەی بردوون، بە تەنیا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان هەر لە ساڵی ٢٠١٠ هەتا ئێستا هەفتانە نووسینێکی لەسەر گرنگیی پاراستنی ژینگە بڵاوکردووەتەوە کە بەرنامەی هەیە، لە چەند کتێبێکدا پێشکەشی خوێنەران و کتێبخانەی کوردی بکات. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان)، بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. خوشك و برایانی بەڕێز.

گفتوگۆی ئەمجارە، بیست و هەشتەمین گفتوگۆیە کە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پرسە جیاوازەکان و لەسەر ئەم پلاتفۆرمە کراوەیە بەڕێوەی بردوون، بێگومان من ئاگاداری گفتوگۆکانی پێشتریشم کە پاشان هەر شەش گفتوگۆیەکیان کۆکردووەتەوە و کردوویانە بە کتێب و مەراسیمان بۆ کردووە و دابەشیان کردووە. بۆیە زۆر سوپاس بۆ بازنەی گفتوگۆ کە ئەمجارە هەموومانی بۆ گفتوگۆ لەسەر گرنگیی پاراستنی ژینگە لەم هۆڵە کۆکردووەتەوە.

باسکردنی بایەخی پاراستنی ژینگە لەم کۆڕ و کۆبوونەوە کە تیایدا هەموو ئەو بەڕێزانەی

پێکەوە کۆبووینەتەوە، خۆیان بە کردەیی لەناو ئەو بوارە کاردەکەن، دەزانن پێناسەی ژینگە چییە، دەزانن گرفتەکانی ژینگە چین، هەروەها هەمووشیان ئەو میکانیزم و ڕێگەچارانە دەزانن کە پێویستە بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە بگیرێنەبەر، لەم چوارچێوەیە دەبێت قسەکردنی ئەمجارەمان جیاواز بێت و دەست بخەینە سەر گرفتەکان وەك خۆی، نەك وەك تەنیا شێوازی گلەیی و گازندە بێت. لە بیرکاریدا دەڵێن «ئەگەر ئەنجامی شیکارکردنی پرسیارێك ڕاست دەرچوو، مەرج نییە ڕێگەی شیکارکردنەکە ڕاست بووبێت، بەڵام کاتێك ڕێگەی شیکارکردنی پرسیارێك ڕاستە، ئەوا هەمیشە ئەنجامەکەی هەر ڕاست دەردەچێت. کەواتە دەبێت ئێمە بە دوای ئەو ڕێگەیە بگەڕێین کە دەبێتە مایەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

لە ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆدا کە پێش گفتوگۆکە سەیرمان کرد، ئەگەر هەموو لێدوانی ئەو بەڕێزانەش کە هەر یەکەیان لە گۆشە نیگایەکەوە ئاماژەیان پێکرد، پێکەوە کۆبکەینەوە، نابێتە چوارچێوەیەك بۆ پێناسەکردنی ژینگە، چونکە وەك ئاینشتاین پێناسەی کردووە و دەڵێت «ژینگە هەموو شتێك لە کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بێجگە لە مرۆڤەکان»، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت، بواری ژینگە زۆر زۆر فراوانە، تەنیا ئەوەندە نییە کە لەسەر ئاستی شەقام باسی لێوە دەکرێت و هەندێك بە کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك و هەندێك بە دووکەڵی پڵاوگاکان، یان بە چەند جۆری دیکە باسی دەکەن. هەر لەبەر فراوانیی بواری ژینگەشە، ئێمە بە شێوازێکی ڕەنگاوڕەنگ و هەمە چەشن لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی باس لەم بوارە فراوانە بکەین.

لەم چوار چێوەیەدا دەبێت لە سەرەتاوە ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکان دابەش بکەین. ئێمە هەتا ئێستا دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥مان هەیە لە ماددەی ٣٣ی ئەو دەستوورە هاتووە «هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە لە بارودۆخێکی ژینگەیی سەلامەتدا بژی»، ئەمە ماددەیەکی دەستوورییە، کەواتە ئەمە لە یاسا گەورەترە و، هەر یەك لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە مافێکی دەستووری هەیە، وەکو مافە دەستوورییەکانی دیکە لە بواری کەلتووری و لە بواری سیاسی و لە بواری کۆمەڵایەتی و لە بواری ئابووری و...هتد.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادە دەستوورییە گرنگە، ئێمە هەموومان ئەرکەکە دابەش دەکەین. لە بەشێکی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێکردووە کە «ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمی کوردستانە»، بۆ ئەمەش دووخاڵی سەرەکی دیاری دەکات کە یەکەمیان هۆشیاریی ژینگەییە، واتە ئاشانکردنی تاك بە مافە دەستوورییە ژینگەییەکان، ئەم کارە هەموو لایەك دەتوانین بیکەین، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە مەرجێ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی حکومەتی هەرێم بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکات و کارا و ناکارا لە یەکتری جیا بکاتەوە.

هەروەها گرنگە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە (نووسراو، بینراو، بیستراو) ڕۆڵێکی گەورە بگێڕن. ئێمە لە کوردستان ١٧ زانکۆی حکوومی و ١٨ زانکۆی ئەهلیمان هەیە، هەروەها زیاتر لە ٣٠ هەزار کۆمپانیامان لە کەرتی تایبەت هەیە، کە ٣ هەزار کۆمپانیایان بیانین، ئەمان بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی داوایان لێدەکات لە خەمی پاراستنی ژینگەدا بن.

ئەرکی پاراستنی ژینگە، کۆی وەزارەتەکانی حکومەت (هەریەکەیان بە شێوازێك) دەگرێتەوە و پێویستە هەماهەنگی لە نێوانیان هەبێت. بۆ ئەمە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان و یاسای ژمارە ٢٧ی پەرلەمانی عێراق ئەم هەماهەنگییە ڕێك دەخات، بەپێی ئەم دوو یاسایە ئەنجومەنێك هەیە بە ناوی «ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە»، ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بە پلەی ڕاوێژکار، یان بەڕێوەبەری گشتی لە هەر وەزارەتێك ئەندامن و دوو مانگ جارێك کۆدەبنەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ژینگە و ناونیشانەکەی و ڕێنمایی و ڕێنیشاندەرەکەی بەپێی یاسا لای ژینگەیە و جێبەجێکردنەکەی لای تەواوی وەزارەت و فەرمانگە و ڕێکخراوەکانی دیکەیە.

**لە بەشێکی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێکردووە کە «ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمی کوردستانە»**

**ئێمە لە کوردستان ١٧ زانکۆی حکوومی و ١٨ زانکۆی ئەهلیمان هەیە، هەروەها زیاتر لە ٣٠ هەزار کۆمپانیامان لە کەرتی تایبەت هەیە، کە ٣ هەزار کۆمپانیایان بیانین، ئەمان بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی داوایان لێدەکات لە خەمی پاراستنی ژینگەدا بن**

**ئەرکی پاراستنی ژینگە، کۆی وەزارەتەکانی حکومەت (هەریەکەیان بە شێوازێك) دەگرێتەوە و پێویستە هەماهەنگی لە نێوانیان هەبێت**

**لایەنێکی دیکە کە دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لە پاراستنی ژینگە، ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە کە دەبێت ڕۆڵی کارایان هەبێت**

**دەبوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێک هەبووایە بە ناوی «وەزارەتی ژینگە»، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠وە هەتا ئێستا دەستەی ژینگەمان هەیە**

**قسەیەک هەیە لە ژینگەدا دەڵێت: لە کاتێکدا ئەرکی گشت وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان بریتییە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتێک، ئەرکی ژینگە بریتییە لە دۆزینەوەی گرفتی ناو چارەسەرەکانی ئەوان**

**تەکنەلۆژیای نوێ زۆر پێشکەوتووە و ئەمەش ژینگە پێش دەخات وچارەسەری تازەی بۆ دەدۆزێتەوە**

**ئێمە ئەنجومەنێکی شورای چالاکمان نییە وەک لە بەغدا هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەمریکییەکان پێنج راوێژکاریان هێنا، لە بەغدا یاسای پاراستنی ژینگەمان دەست پێکرد**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاڵ ئەرکەکانی خۆیدا، دەبێت بەپێی ماددەی ١١٤ی دەستوور ٧ سێکتەری ناو لێ ناوە «دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان»، بڕگەی سێهەمی ئەو ماددەیە ڕەنگرێژی سیاسەتی ژینگەیە کە دەڵێت «ڕەنگرێژی سیاسەتی ژینگە بە مەبەستی دڵنیابوون لە پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و پارێزگاریکردن لە خاوێنی بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، بە هاوبەشی دادەڕێژرێت». تەنانەت لە ماددەی ١١٥ دەڵێت «ئەگەر جیاوازییش کەوتە نێوان (فیدراڵ و هەرێمەکان) لەم حەوت بوارە، ئەوا ڕای کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمەکان، چونکە ئەوان ئەو گرفتەیان لە دەستە».

لایەنێکی دیکە کە دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لە پاراستنی ژینگە، ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە کە دەبێت ڕۆڵی کارایان هەبێت. چونکە ئەو دەوڵەتانەی کونسوولخانەیان لەم وڵاتە هەیە و ڕێکخراوەکانی ئەوان کە ئاژانسی وەکو KOICA و JICA و GIZ و FMI Finland و ئەمانە هەمووی لەم وڵاتەدا هەن. ئەوانە لە بەشێك لە بوودجەی خۆیان تەرخان بکەن لە ڕێگەی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNDP، UNEP و، WFP، FAO، بۆ ژینگە و هەموو ئەمانەش دەبێت ڕۆڵیان هەبێت. ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دەبوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێك هەبووایە بە ناوی «وەزارەتی ژینگە»، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠وە هەتا ئێستا دەستەی ژینگەمان هەیە، لەم بوارە دەستەی ژینگە کاری کردووە و لێرەدا نایەمە سەر باسی ئەوەی چیمان کردووە، دەگەڕێمەوە سەر گرفتەکان.

گرفتی سەرەکیمان بە پلەی یەکەم ئەوەی لە دەستەی ژینگە بینیم «دابەزاندنە»، ئەمەش واتە کاتێك وەزارەتی ژینگە دابەزێنێت بۆ ئاستی دەستە، بەمە دەسەڵاتەکانیش دادەبەزێنێت، کاتێك ژینگە وەزارەت بێت، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەشدار دەبێت، پرسیار ئەوەیە بەشداری وەزیری ژینگە لە کۆبوونەوەکان سوودی چییە؟

سوودەکەی ئەوەیە کاری وەزیرەکە دەبێتە کاری پێشگیری. چونکە لە بەغدا کە وەزیری ژینگە بووم، ئێمە ئەوەمان ئەبینی. تۆ لە ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی دەبینی، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، وەزیری کشتوکاڵ، هەر وەزیرێك پێشنیاری چالاکییەك، یان کارێك دەکات، تۆ لەوێ هەی. زوو پێشگیری دەکەی لە هەڵەکانی ناو پڕۆژەکە بۆ ئەوەی کە لە دواییدا گرفت دروست نەبێت. بەڵام کاتێك ژینگە دەبێت بەدەستە تۆ لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوونت نییە، هەر بۆ نموونە، وەزیری کارەبا دەڵێت وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای ئەوەندەمان لە خەبات دروست کرد. بەڵام کەس نییە لەوێ پێی بڵێ پاشماوەکانی ئەو وێستگەیە تێکەڵ بە زێی گەورە دەبێتەوە و زیانی هەیە و کێشە دروست دەبێت. کە کێشەکە دروست بوو، دەبێ بەدوایدا بگەڕێی. قسەیەك هەیە لە ژینگەدا دەڵێت: لە کاتێکدا ئەرکی گشت وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان بریتییە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتێك، ئەرکی ژینگە بریتییە لە دۆزینەوەی گرفتی ناو چارەسەرەکانی ئەوان. یان وەزیری بازرگانی لە کۆبوونەوەکەدا دەڵێت: «کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێل دەهێنینە کوردستان لێرە دروستی دەکەین. بەڵام کە وەزیری ژینگە لەوێ بێت، پێی دەڵێت ٢ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار ئۆتۆمبێلمان هەیە، کەم نییە؟ کۆمپانیای دروستکردنی پاس بێنە، چونکە ئێمە لە هۆکاری گواستنەوەی گشتیمان کەموکورتی و گرفتمان هەیە، لە سەیارەمان کەم نییە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە یاساکەمان، یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ە. لە بارودۆخێکدا نوسراوەتەوە، دوو گرفتی تیایە. گرفتی یەکەمیان کۆن بوونیەتی، چونکە ئاشکرایە تەکنەلۆژیای نوێ زۆر پێشکەوتووە و ئەمەش ژینگە پێش دەخات وچارەسەری تازەی بۆ دەدۆزێتەوە. ئەو چارەسەرانەی کە ئێمە لەناو یاسا کۆنەکان هەمانە ناگات بە چارەسەر. بە نموونەیەك دەڵێم: ئێمە لەسەر دووری کار دەکەین. دەڵێین ئەو پڕۆژەیە ڕێپێدراوە ئەگەر کشتوکاڵی بێ، پیشەسازی بێ، بیناسازی بێ، بەو مەرجەی ئەوەندە دوور بێ لە شەقامی

گشتی، ئەوەندە دوور بێ لە دانیشتووان. وڵاتانی دیکە ئەو ڕووبەرە فراوانەیان نییە ئەم دوورییانە حەوت کیلۆمەتر لەوەوە دوور بێ و پێنج کیلۆمەتر لەوی دیکەوە، ئەمە چۆن چارەسەر دەکەن؟ بە تەکنەلۆژیای دۆستی ژینگە چارەسەری دوورییەکان دەکەن، پڕۆژەکان لە نزیکی یەکیش بن، گرفتیان نابێت. کەواتە یاساکەمان لەو ڕووەوە گرفت بۆ ئەوانی دی دروست دەکات.

هەروەها ئێمە ئەنجومەنێکی شورای چالاکمان نییە وەك لە بەغدا هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەمریکییەکان پێنج ڕاوێژکاریان هێنا، لە بەغدا یاسای پاراستنی ژینگەمان دەست پێکرد. من تەواوم بوو، دوای منیش تەواو بوو. لە ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩ ئینجا بوو بە یاسای پاراستنی ژینگەی عێراق. بۆچی؟ چونکە دەچێتە ئەنجومەنی شورا. ئەنجومەنی شورای کارا ناهێڵێ هیچ یاسایەك لەگەڵ وەزارەتێك، وەزارەت لەگەڵ وەزارەت بە یەك بکەون. ئێمە هەر وەزارەتێك کە لە پەرلەمان یاساکە دەردەچێت، ئەو بەر یەك کەوتنانە هەیە، ئەوەش گرفتی بۆ ئێمە دروست کردووە.

خاڵێکی دیکە کە گرفتە بۆ ژینگە، لاوازیی پێگەی سەرۆکی دەستەی ژینگەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەشی ئەوەیە یاسای ژمارەی ٣ی ساڵی ٢٠١٠ کاتێك نووسراوەتەوە کە وەزارەتی ژینگە لە حکومەتدا نەماوە، بۆیە ئێستا دەبینین لە دەستەی ژینگەی کوردستان «ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی» نییە. بۆیە پێگەی دەستەی ژینگە زۆر لاوازە.

لە دوماهیدا زۆر بە خێرایی دیمە سەر ئەوەی سرووشتی کاری دەستەی ژینگە لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە تێکەڵبوونی تێدایە.

دەستەی ژینگە لەگەڵ فەرمانگەکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان جگە لە سێ، یان چواریان، هەمووی لە بینای کرێدان. بە خەڵك دەڵێی تۆ دەبێ بیناکەت بینایەکی ژینگەپارێز بێت. بە خەڵك دەڵێی دەبێت بیناکەت مەرجەکانی ڕێژەی سەوزایی تیا بێت. لە ژاوەژاو دوور بێت. بەڵام بینای دەستە ژینگە لەسەر شەقامی ١٠٠ مەترییە، لەناو ژاوەژاوە و خۆی موەلیدەی هەیە. خۆی پانێڵی سۆلار دانانێ. بۆچی دانانێ ؟ لەبەر ئەوەی بیناکەی کرێیە. کاتێ کە ئەو شتە دانێ سبەی بار دەکات، زەرەر دەکاتەوە.

دەستەی ژینگە کارمەندی زۆر کەمە. لە سەرتاسەری کوردستانە لە ماوەی ٢٠٠٦ تا ئێستا ٤٠٠ کارمەندی هەیە. لە سەدا ٤٨یان دەرچووی ئامادەیی و بەرەوخوارن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك ئەم کارمەندانە دامەزراون، بێجگە لە کابینەی نۆیەم ئەو مەرجەمان دانا، لە کابینەکانی دیکە ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، ئەوەی لە دەستەی ژینگە دامەزرێت، لە ژینگە دەزانێت، یان نە.

بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە هۆشیاریی ژینگەیی ئەم خاڵانە دەخەمەڕوو.

١- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەبەی پلاستیك لە دیوان و فەرمانگەکانی دەستەی ژینگە.

٢- پێکهێنانی بۆردێك بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخراوە ژینگەییە کاراکانی هەرێمی کوردستان.

٣- هۆشیارکردنەوی ژینگەیی بە پێشکەشکردنی ڕۆژانە وانەی ژینگەیی لە قوتابخانە و خوێندنگاکان.

٤- دیارکردنی (ڕۆژی ژینگە)ی تایبەت بە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ.

٥- دانانی وانەی ژینگەپارێزیی لە پەیمانگای پێشنوێژ و وتارخوێنانی وەزارەتی ئەوقاف.

٦- ئامادەکردنی کتێبی ڕێبەری ژینگەیی بۆ مامۆستایانی وانەی زانست لە قوتابخانەکاندا.

٧- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لە سنووری پەروەردەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٨- کردنەوەی خولی پێگەیاندنی میدیاکاری ژینگەیی بۆ کەناڵە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان.

٩- بەشداربوون لە ئامادەکردنی کتێبی «ژینگەپارێزی لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە».

١٠- هاوکاریی لەگەڵ بەشی زانستەکانی ژینگە لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سلێمانی و کوردستان.

**خاڵێکی دیکە کە گرفتە بۆ ژینگە، لاوازیی پێگەی سەرۆکی دەستەی ژینگەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەشی ئەوەیە یاسای ژمارەی ٣ی ساڵی ٢٠١٠ کاتێك نووسراوەتەوە کە وەزارەتی ژینگە لە حکومەتدا نەماوە**

**سرووشتی کاری دەستەی ژینگە لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە تێکەڵبوونی تێدایە**

**دەستەی ژینگە لەگەڵ فەرمانگەکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان جگە لە سێ، یان چواریان، هەمووی لە بینای کرێدان**

**بێجگە لە کابینەی نۆیەم ئەو مەرجەمان دانا، لە کابینەکانی دیکە ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، ئەوەی لە دەستەی ژینگە دامەزرێت، لە ژینگە دەزانێت، یان نە**



وەفا سلێمان محەمەد

نوێنەری ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری گۆڕینی کەشوهەوا:

# حکومەتی عێراق هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی ئاوی هەرێمی کوردستانەوە کێشەی ئاوی عێراق چارەسەر بکات

**وەفا حەمید سلێمان، ئەندامی نووسینگەی ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ کاروباری گۆڕینی کەشوهەوا و سیاسەتی دەرەوە، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) وەك نوێنەری تایبەتیی خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بەشداریی کرد و بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

سەرەتا دەمەوێت بە ناوی خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری گۆڕانی کەشوهەوا و سیاسەتی دەرەوە، سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم، بۆ بانگهێشتکردنمان بۆ ئەم گفتوگۆیە. خاتوو بەیان زۆری پێ خۆش بوو، بە شەخسی لەم گفتوگۆیەدا بەشدار بێت، بەڵام بە هۆی پابەندبوونی بە کارێکی دیکەوە، نەیتوانی ئامادە بێت، بۆیە ئێمە وەك نوێنەری بەڕێزیان ئامادە بووین.

بابەتی ژینگە و میکانیزمەکانی پاراستنی ژینگە، وەك بەڕێز سەرۆکی دەستەی پاراستن و ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاماژەی پێ کرد، بابەتێکی زۆر فراوانە و

کۆمەڵێك سێکتەری جیاواز لەخۆی دەگرێت و پێویستیشی بە هەماهەنگیی وەزارەتە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێم و هاریکاریی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیش هەیە.

کێشەی گەورەمان لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەیە، ئێمە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە وەك نووسینگەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ دەستەی پاراستن و ژینگە، لە هەوڵداین بۆ ئەوەی گرفتە ژینگەییەکان چارەسەر بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە پێویستی بە ئەنجامدانی پرۆژەیە و پرۆژەکانیش دەبێت بوودجەیان بۆ دابین بکرێت، ئەوا ئێمە لەسەر دابینکردنی بوودجە «Fund» بەردەوام لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی حکومەتی فیدراڵ لە هەوڵی ئەوەداین، ئەو بوودجەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەیدات بە عێراق، پشکی هەرێمی کوردستانی لێ جیا بکرێتەوە و بۆمان بنێرین، بۆ ئەوەی بتوانین گرفتە ژینگەییەکانی پێ چارەسەر بکەین.

یەکێك لەو بابەتانەی کە زۆر پەیوەستە بە گرفتی ژینگەوە بابەتی بەڕێوەبردنی کاربۆنە کە پێی دەگوترێت «carbon credit market»، ئەم پرۆسەیە پێویستی بەوەیە کە داوا لە وڵاتان بکەین بوودجە «Fund»ی بۆ دابین بکرێت، ئێمە هەوڵمان دا بۆ ئەم بابەتە کۆمپانیایەك دابمەزرێنین، بەڵام بەم دواییە تاکلایەنانە حکومەتی عێراق هەستاوە بە دامەزراندنی دامەزراوەیەك بۆ کریدت کاربۆن مارکێت، بۆیە ئەگەر وڵاتان بوودجەیەکیش بۆ ئەو پرۆژەیە بنێرن، ئەوا بە ڕێژەی ٩٥٪ی ئەو پارەیە تەرخان دەکرێت بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق و تەنیا ٥٪ی دەدرێتە کۆمپانیاکە، ئەم پرسە وا بڕیار بوو پەرلەمانی عێراق بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام بەبێ ئەوەی بەرز بکرێتەوە بۆ پەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوە.

کێشەیەکی گەورەی دیکەمان کێشەی ئاوە، ئێمە زۆر بە گرنگییەوە کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەین و مەزندەی ئەوە دەکەین قەیرانێکی گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکە دروست بکات.

عێراق هەوڵی دا کێشەی ئاو لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا چارەسەر بکات، بەڵام ئێران ئامادە نییە دانوستاندن بکات و تورکیاش بە بیانووی بەفیڕۆدانی ئاو کەمتر هاوکاری دەکات، بۆیە لە ئێستادا حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی هەرێمی کوردستان و ئاوی هەرێمی کوردستانەوە کێشەی ئاوی عێراق چارەسەر بکات.

وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا ئەندامین لە یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی سرووشت «IUCN»، کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و بایەخ بە هاوسەنگیی ژینگە دەدات و، توێژینەوە و ڕووپێووی گرنگ بۆ توخمە جیاوازەکانی ژینگە دەکات، کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر پێویستمان بەو توێژینەوە و ڕووپێوانە هەیە.

بە هەوڵەکانی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت و ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری گۆڕینی کەشوهەوا، ئێستا ئەندامین لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی چیاکان، کە بارەگای سەرەکیی ئەم ڕێکخراوە لە نیپاڵە، ئێمە لە کوردستان چیای زۆر جوانمان هەیە، بۆیە پاراستنی چیاکان گرنگییەکی زۆری بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان هەیە.

نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کات ئامادەباشیی هەبووە، کە هاریکاری و یارمەتی هەموو ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانە بکات کە خۆبەخشانە کاری ژینگەپارێزی دەکەن. پرسی پاراستنی ژینگە پرسێکی یەکجار گرنگە، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا مەترسیی گەورە لەسەر ژینگەی جیهان بەگشتی و ژینگەی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن، بۆیە ئەم بابەتە جێگەی بایەخ و گرنگیی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لە هەموو ئەو بوارانەی کە دەبنە کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، بەڕێزیان پلان و بەرنامەی بۆ داناوە و بەشێکی باشیشی وەك دروستکردنی بەنداو و پۆندەکان، بەرهەمهێنانی وزە بە میتۆدی وزەی پاك هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە و، بەشێکی باشی ئەو پرۆژانە تەواو بوون و بەشەکەی دیکەیشی بەردەوام کاری تێدا دەکرێت.

**لە هەوڵی ئەوەداین، ئەو بوودجەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەیدات بە عێراق، پشکی هەرێمی کوردستانی لێ جیا بکرێتەوە**

**کێشەیەکی گەورەی دیکەمان کێشەی ئاوە، ئێمە زۆر بە گرنگییەوە کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەین و مەزندەی ئەوە دەکەین قەیرانێکی گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکە دروست بکات**

**بە هەوڵەکانی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت و ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری گۆڕینی کەشوهەوا، ئێستا ئەندامین لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی چیاکان**

**نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کات ئامادەباشیی هەبووە، کە هاریکاری و یارمەتی هەموو ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانە بکات کە خۆبەخشانە کاری ژینگەپارێزی دەکەن**



## سەمەد محەمەد حوسێن

سەرۆکی پێشووی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە:

# زۆر گرنگ و پێویستە مامۆستایانی ئایینی بەفیڕۆدانی ئاو تەحریم و حەرام بکەن

**سەمەد محەمەد حوسێن کە بە (حاکم سەمەد) ناسراوە، سەرۆکی دەستەی پاراستنی ژینگە بووە لە کابینەکانی حەوتەم و هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، خاوەنی ئەزموونی گەورەیە لە بواری بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان و پاراستنی ژینگەی کوردستان، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دیدو تێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو.**

**ڕۆژتان باش، ئامادەبووانی خۆشەویست.**

**سوپاس بۆ ئامادەکارانی ئەم بازنەیە. هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.**

پرسی ژینگە پرسێکی گرنگە، هەم پەیوەندی بە ژیانی هەموو تاکێکمانەوە هەیە و هەم لەسەر ئاستی دنیاش یەکێکە لەو پرسە گەرمانەی کە بە بەردەوامی کۆنگرە و کۆنفرانس و گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان، گۆڕانکارییەکی زۆر لە کەشوهەوا لە ژینگەدا ڕووی داوە، کە کاریگەرییەکی خراپی دروست کردووە. ئێمەش لە هەرێمی کوردستان بەدەر نین لەو گۆڕانکارییانە و بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش زۆر بووە، خۆشمان دەیبینین بەتایبەتی ئەم ناوچەیە، عێراق، ئوردن، ئێران، کە کاریگەرییەکان لەو ناوچەیە بێ ئەندازە زۆر بووە.

هەر بۆ نموونە لە هەفتەی ڕابردوو خۆڵبارینێك بوو، خۆڵبارینێکی وا توندیش نەبوو، لە باشووری عێراق نزیکەی ٣٥٠٠ کەس بەهۆی ئەو خۆڵبارینەوە نێردرانە نەخۆشخانە، ئەمە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانیەتی لەسەر ئێمە.

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان پرسی ژینگە هێشتا بەڵای دەسەڵات و بەڵای تاکیشەوە نەبووەتە پرسێکی زۆر گرنگ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ پرسی ژینگە لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوە بەرین، وەك مامۆستا عەبدولڕەحمان ئاماژەی بۆ زۆر شت کرد، من هیچ شتێکی زیاترم لەسەر قسەکانی ئەو نییە، بەڵام باسی چەند لایەنێکی دیکە دەکەم بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاتری گفتوگۆکە.

یەکێك لە خاڵەکان باسی لە هۆشیاری و پەروەردەی ژینگەیی کرد، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئێمە چۆن دەتوانین سایکۆلۆژیەتی ژینگەیی لای تاکی خۆمان دروست بکەین؟ بێگومان دەبێت کردار و ڕەفتاری تاکی خۆمان بەرانبەر بە ژینگە بگۆڕین، ڕاشکاوانەتر واتە تاك چۆنماڵەکەی خۆی دەپارێزێت، دەبێت ئاوا ژینگەی وڵاتەکەش بپارێزێ و تێبگات لەوەی کە ژیانی خۆی و داهاتووی نەوەکانیشیان بەندە بەو ژینگەیەوە، بۆیە ئەم سایکۆلۆژیەتە دەبێ دروست بکرێ و دروست بکرێتەوە بەوەی تێبگەین دەستکاریی ژینگە نەکەین، تێکی نەدەین، بەرەو وێرانبوون و لەناوبردنی نەبەین. ئەمەش بەوە دەکرێ کە هەم پەروەردەیەکی باش هەبێت، هەمیش یاسامان هەبێت بۆ ئەوەی کە ئەوانەی دۆستی ژینگەن دوای هەڵسەنگاندنی کارەکانیان چۆن خەڵات بکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێت، ئەوانەشی کەوا ژینگە پیس دەکەن و کاریگەریی خراپ دروست دەکەن، چۆن سزا بدرێن.

سزا بۆ ئەوە نییە تۆ لە زیندان بەندی بکەی، بەڵام کەسێك زیان بە ژینگە دەگەیەنێت، یان بەبێ مۆڵەت ڕاو دەکات، دەبێت بە شێوەیەك سزای بدەی کە چوار پێنج ئەوەندەی ئەو زیانە سوود بە ژینگە بگەیەنێتەوە.

ئەمە خاڵێکە، بۆیە لە لایەنی پەروەردەیی بێئەندازە گرنگە و ئەرکی هەموو تاکێکە و ئەرکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، مامۆستایانی ئایینی، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ناوەندەکانی خوێندنە و هەموو یەکێك لەوانە دەبێت ڕۆڵی خۆیان ببینن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بونیادنانی پەروەردەدا.

• خاڵێکی دیکە، کە هەر مامۆستا ئاماژەی پێدا، ئەو یاسایەی کە هەیە، لەو کاتەوەی کە دەرچوو لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠١٠ کە یاسای دەستەی ژینگە دەرچوو، لەو کاتەوە تا ئێستا گۆڕانکاریی زۆر بووە، بۆیە پێداچوونەوەی پێویستە، یەکێك لەو شتانەی کە من لە یاساکەدا ئاماژەی پێ دەدەم، ئەنجومەنێك هەیە بە ناوی ئەنجومەنی باڵای ژینگە، کە نوێنەری زۆربەی وەزارەتەکانی تێدایە و لەو ئەنجومەنەدا ئەندامن، دوو مانگ سێ مانگ جارێك کۆدەبنەوە و گفتوگۆ دەکەن، بەڵام بە ڕای من ئەم پێکهاتەیە دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێت، سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە پێویستە سەرۆکی حکومەت خۆی یا جێگرەکەی بێت، سکرتێری ئەنجومەنەکەش با سەرۆکی دەستە بێ، یان ئەگەر دەستەی ژینگە کراوەیە وەزارەت، با وەزیری ژینگە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە بێت، ئەندامەکانیشی بەڕێوەبەری گشتی بن باشترە لە ڕاوێژکار. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنەکە دەردەچن بەڕێوەبەری گشتی ڕاستەوخۆ بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. هەورەها گرنگە چەند وەزیرێك وەك وەزیری «سامانە سرووشتییەکان، پیشەسازی، کشتوکاڵ، شارەوانی، تەندروستی و...هتد» ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بن، با ئەم ئەنجومەنە لە ساڵێکدا دووجار کۆببێتەوە و بڕیاری گرنگ دەربکات و ئەم بڕیارانە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئێستا لە ئێران کە یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕاستە وڵاتێکی دراوسێیە، بەڵام لە ڕووی ژینگەییەوە ئەگەر بەراوردی بکەین بە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا و یابان و سەنگاپورە، بەو ڕاددەیە نییە، بەڵام یەکێك لە هاوکارەکانی سەرۆك کۆماری ئێران بەرپرسی ژینگەی وڵاتەکەیە، تۆ تەماشای پێگەکەی بکە چەند پێگەیەکی گرنگە، هەروەها کۆمەڵێك ماددەی دیکەش لە یاسای ژینگە هەن دەبێت هەموار بکرێنەوە و پێویستیان بە گۆڕانکارییە.

• خاڵێکی دیکە، ئەو دامودەزگایانەی پەیوەستن بە کاری ژینگەوە، جا چ لە ناو دەستەی ژینگە بن، یان لە شوێنەکانی دیکە، بە ڕاستی ئەمانە پێویستە ڕۆڵی زیاتریان پێ بدرێ و پشتیوانیی زیاتر بکرێن.

**بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان پرسی ژینگە هێشتا بەڵای دەسەڵات و بەڵای تاکیشەوە نەبووەتە پرسێکی زۆر گرنگ**

**تاك چۆن ماڵەکەی خۆی دەپارێزێت، دەبێت ئاوا ژینگەی وڵاتەکەش بپارێزێ و تێبگات لەوەی کە ژیانی خۆی و داهاتووی نەوەکانیشیان بەندە بەو ژینگەیەوە**

**ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە دەرچوون لە پێناو پاراستنی ژینگە، بە ڕاستی دەبێ وەکو خۆیان جێبەجێ بکرێن و نابێ بە هیچ شێوەیەک چاوپۆشی یان سازشیان تێدا بکرێت**

**گوناهە بە ئاوی ژێرزەوی دار و درەخت ئاو بدەیت، ئەگەر بتوانی ئاوی دیکە دەستەبەر بکەیت**



**ئەو خۆڵ و خاشاکەی دەتوانرێت بسووتێنرێت، دەکرێ کۆی بکەیتەوە و بیسووتێنی و وزەی لێ بەرهەم بهێنی، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەمە نەکراوە**

**ئێمە لە کوردستان سەدان شوێنمان هەیە کە پێشتر تەنیا ئۆتۆمبێلیان دەشوشت، ئێستا فەرش و ڕایەخی ماڵانیش دەشۆن، ئەمانە بڕێکی زۆری ئاوی بەهەدەر دەدەن**

• ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە دەرچوون لە پێناو پاراستنی ژینگە، بە ڕاستی دەبێ وەکو خۆیان جێبەجێ بکرێن و نابێ بە هیچ شێوەیەك چاوپۆشی یان سازشیان تێدا بکرێت، بۆ نموونە ئێمە ڕێنماییەکمان هەیە لە دروستکردنی ئەو کۆمەڵگە نیشتەجێبوونانەی کە هەن، یەکێك لە مەرجەکانی ڕێپێدانی ئەم کۆمەڵگەیانە ئەوەیە کەوا پێویستە یەکەی چارەسەری ئاو دابنێن بۆ ئاوی پاشماوە، یانی ڕیسایکلی بکاتەوە تاوەکو بتوانێ بۆ ئەو سەوزاییەی کە ناوخۆی هەیەتی، یان لە شوێنێك کۆی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەکار بهێنرێتەوە بۆ دروستکردنی ڕێگەوبان، دروستکردنی بینا، ئاودانی. گوناهە بە ئاوی ژێرزەوی دار و درەخت ئاو بدەیت، ئەگەر بتوانی ئاوی دیکە دەستەبەر بکەیت. بۆیە جێبەجێ نەکردنی ئەم ڕێنماییانە کارەساتێکی گەورەی ژینگەیی خوڵقاندووە، ئێمە هەموومان دەزانین بۆ نموونە، بوونی پاڵاوگە نایاساییەکان کاریگەریی زۆر زۆر ناتەندروستیان هەیە و ناسەردەمییانەن، خاك پیس دەکەن، هەوا پیس دەکەن، ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوییش پیس دەکەن، کوالێتی بەرهەمەکانیشیان لەو ئاستەدا نییە، بۆیە چاوپۆشیکردن لێیان کارێکی بێ ئەندازە خراپە. ئەو بڕیارەی کە دەرچوو بۆ ئەوەی کە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و سزا بدرێن و دابخرێن، کارێکی زۆر باشە، بەڵام پێویستە باشتر جێبەجێ بکرێت.

• بابەتی ژینگە زۆر قووڵ و فراوانە، بابەتێکی دیکە پرسی خۆڵ و خاشاکە، ئەو خۆڵ و خاشاکەی هەمانە بە ڕاستی کارەساتە، تاوەکو ئێستاش ئێمە نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی زانستییانە چارەسەری ئەو پرسە بکەین، شێوە زانستییەکەشی سێ ڕێکارە: یا ڕیسایکل بکرێ، یا جیا بکرێتەوە، ئۆرگانی، کارتۆن، پارچە، شووشە، هەتا.. دوایی. یا ژێرخاك کردن، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی، ئەوە نییە هەر چاڵێك هەڵکەنیت و خۆڵی بەسەرا بکەیت و باران ببارێت بچێتە خوارە و و ئاوی ژێرزەوییش پیس بکات، ئەو خۆڵ و خاشاکەی دەتوانرێت بسووتێنرێت، دەکرێ کۆی بکەیتەوە و بیسووتێنی و وزەی لێ بەرهەم بهێنی، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەمە نەکراوە.

• یەکێك لە کارەساتەکانی دیکەی ئێمە پرسی ئاوە، لەم گفتوگۆیەدا «د.دانا» باسی



کرد، بەڵام من هەوڵ دەدەم بە وردەکاریی زیاترەوە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەم، بۆ ئەوەی چەند ڕێگەیەك بگرینە بەر و وەك خۆی سوود لە ئاو وەربگرین:

١- دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین ئەو شوێنانەی کە پێوەری ئاویان نییە پێوەریان بۆ دابنرێت، کۆمەڵێك شوێن لە دووکان و لە مۆڵ و بوارەکانی کەرتی تایبەت پێوەری ئاویان نییە، پێویستە هیچ شوێنێك بەبێ پێوەری ئاو نەمێنێتەوە.

٢- وەك پێشتر ئاماژەم پێ دا، پێویستە لە شارەکانی نیشتەجێ یەکەی چارەسەری ئاو دابنرێت.

٣- ئێمە لە کوردستان سەدان شوێنمان هەیە کە پێشتر تەنیا ئۆتۆمبێلیان دەشوشت، ئێستا فەرش و ڕایەخی ماڵانیش دەشۆن، ئەمانە بڕێکی زۆری ئاو بەهەدەر دەدەن. کاتی خۆی کە من لە دەستەی ژینگە بووم، تەنیا یەك شوێن هەبوو لە عەنکاوە، یەکەی چارەسەری ئاوی دانابوو، ئاوەکەی ڕیسایکل دەکردەوە، خەڵکەکەی دیکە هەموو ڕۆژێ ئاو بەکار دێنن، بەڵام ئەگەر یەکەی چارەسەری ئاو هەبێت، دەتوانرێت ئەوەندە ئاو بەفیڕۆ نەدرێت و بەلانی کەمەوە ٧-١٠ ڕۆژی دیکە بەکار بهێنرێتەوە.

٤- ئاوی ئەو شوێنانە ئاوێکی ئەوەندە پیس نییە تاوەکو نەتوانرێ جارێکی دیکە بەکار بهێنرێتەوە، بۆیە بۆ شووشتنی ئۆتۆمبێل، کارەساتێکی گەورەیە ئاوی پاکی خواردنەوەی بۆ بەکار بهێنی، بۆیە پێویستە ئەو شوێنانە هەر هەموویان یەکەی چارەسەری ئاو دابنێن و بە زووترین کات ئەوە بکرێتە فەرز.

٥- زۆر گرنگ و پێویستە هەڵمەتێکی گەورە لەلایەن مامۆستایانی ئایینی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بکرێت، بە ڕاستی پێویستە بەفیڕۆدانی ئاو تەحریم و حەرام بکرێت.

٦- ئەو بەنداوە بچووکانە کە ئێستا دروست دەکرێن کارێکی باشە، بەڵام پێویستە زیاتر دروست بکرێن.

٧- ئاوی ژێر زەوی سامانێکە موڵکی گشتییە، ناکرێت هەر کەسێك بێت و بە کەیفی خۆی بیرێك لێ بدات و ئەو ئاوەی کە سەدان ساڵە کۆکراوەتەوە ئەو دەریبهێنێت، هەروەها دەبێت بیرە تایبەتەکانی ئاویش پێوەریان لەسەر دابنرێت و بە شێوەیەکی زانستی و دروست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

**ئەگەر یەکەی چارەسەری ئاو هەبێت، دەتوانرێت ئەوەندە ئاو بەفیڕۆ نەدرێت و بەلانی کەمەوە ٧-١٠ ڕۆژی دیکە بەکار بهێنرێتەوە**

**زۆر گرنگ و پێویستە هەڵمەتێکی گەورە لەلایەن مامۆستایانی ئایینی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بکرێت، بە ڕاستی پێویستە بەفیڕۆدانی ئاو تەحریم و حەرام بکرێت**



شێخ ئیبراهیم بەرزنجی، یاریدەدەری پشکێنەری گشتییە لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، نوێنەری وەزارەتی ئەوقافە لە ئەنجومەنی باڵای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان)، زۆر بابەتییانە لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەڵوەستەی کرد و بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.

## شێخ ئیبراهیم بەرزنجی

یاریدەدەری پشکێنەری گشتی لە وەزارەتی ئەوقاف:

# پێویستە دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە بکرێتەوە بە وەزارەتی ژینگە و وەزارەتێکی چالاک بێت

دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆیە و کۆکردنەوەی ئەم هەموو خۆشەویستانە بۆ ئەوەی لەسەر پرسی پاراستنی ژینگە ڕاشکاوانە گفتوگۆ بکەین.

من وەك نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای پاراستن و چاککردنی ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانم، لە ماوەی کارکردنم لەگەڵ ئەم ئەنجومەنە و سەرۆکی دەستەی پاراستنی ژینگە، مامۆستا عەبدولڕەحمان سەدیق، هەست بەوە دەکەیت کە ژینگەی کوردستان لە دەستێکی ئەمیندایە، ڕاستە لە هەرێمی کوردستان وەزارەتی ژینگەمان نییە، بەڵام ئەو کار و پرۆژانەی دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئەنجامی داون، لەکاری وەزارەتێك گەورەترە و وەزارەتی ژینگەی حکومەتی عێراقی هێندەی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە کار و پرۆژە ئەنجام بدات.

لە ماوەی کارکردنم لە ناو ئەنجومەنی باڵای ژینگە، بەشداریی دوو کۆنگرەی

بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانم کردووە، کە یەکێکیان کۆپ ٢٧ بوو لە وڵاتی میسر، ئەوی دیکەیان کۆپ ٢٨ بوو لە وڵاتی ئیمارات، بەڵام بەشداریمان لە کۆپ ٢٩ نەکرد، کە پار لە وڵاتی ئازەربایجان بەڕێوەچوو. بۆیە لەماوەی کارکردنم لەم بوارە بەردەوام هەوڵمان داوە ڕاستەوخۆ لەناو کار و پڕۆژەکانی ژینگە ئامادەییمان هەبێت.

سەبارەت بە ژینگەی کوردستان، ڕاشکاوانە دەمەوێت بڵێم، بارودۆخی ژینگەی کوردستان نە ئەوەندە خراپە کە جێگەی مەترسیی گەورە بێت، نە ئەوەندە باشیشە کە پشتی لێ بکەین و کاری بۆ نەکەین.

ئەوەی لە میانەی بەشداریکردنم لە کۆنگرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان «COP» هەستم پێکردووە و سەرنجی ڕاکێشاوم، ئەوەیە کە وڵاتان زۆر لە خەمی پاراستنی ژینگەی خۆیانن، هەر بۆ نموونە ئەو کلینکسەی بەکاری دەهێنن، یان ئەو پەرداخەی ئاوی پێ دەخۆنەوە، ئەو کیسانەی کە شتوومەکی تێ دەکەن، هەر هەموویان چارەسەریان بۆ دۆزیوەتەوە، لەسەر ئاستی زانکۆکانیان بایەخیان بە پاراستنی ژینگە داوە و چەندەها توێژینەوەیان ئامادە کردووە، پسپۆڕ و تایبەتمەندیان پەروەردە کردووە و بە دەیان ناوەند و دەستەیان بە ناوی ڕاوێژکاریی ژینگەیی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان دروست کردووە.

ئەو گرفت و کەموکوڕییانەی لەم گفتوگۆیە خرانە ڕوو، جێگەی خۆیەتی ئەوانەی لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران هاتوون و بەشدارن لەم گفتوگۆیە، تۆماری بکەن و بیگەیەننە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی وەك بەرچاوڕوونییەك لە داڕشتنی بەرنامەی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێیان بکرێتەوە و، هەڵسەنگاندنێك بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت، لە کابینەی نۆیەم و لە کاری خولی پێشووی پەرلەمان لە چەند بڕگەیەکدا هەڵوەستە لەسەر ژینگەی کوردستان کراوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە بزانرێت لە کابینەی دەیەم و خولی تازەی پەرلەمانی کوردستاندا چۆن زیاتر بایەخ بە پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان دەدرێت و چ بەرنامەیەکمان هەیە بۆ ژینگەی کوردستان و عێراق.

ئەم قسانە لەسەر پاشخانی ئەزموونی خۆم دەکەم، ڕاشکاوانە دەڵێم، من نوێنەری وەزارەتی ئەوقافم لە «لیژنەی باڵای هۆشیاریی مادده هۆشبەکارەکان» کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، لەم پرۆسە گرنگەدا کە ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانە، بێجگە لە سەرۆك بارزانی کە چەند جارێك لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن جەختی لەسەر کردەوە و سێ جاریش لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی کۆبووەوە و مەترسیی ماددەی هۆشبەری باس کرد و پشتیوانیی خۆی دەربڕی بۆ قەڵاچۆکردنی ماددەی هۆشبەر، هیچ حزبێکی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا خۆی لەو بابەتە نەدا، یان خەمێکی لێ نەخوارد، وەك ئەوەی سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر کردەوە.

ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف، چەندین خولمان لەسەر گرنگیی پاراستنی ژینگە بۆ مامۆستایانی ئایینی کردووەتەوە و داوامان لێکردوون لە گوتاری هەینی باسی گرنگیی ژینگە بکەن، بەڵام کاتێك مامۆستایانی ئایینی لە گوتارەکانیان جەخت لەسەر بایەخدان بە ژینگە و پاراستنی ژینگە دەکەنەوە، سەرنجمان داوە بەشێك لە بەشداربووانی نوێژی هەینی حەزیان نەکردووە گوێی لێبگرن، یان بێزار بوون لەو باسە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، پرسی پاراستنی ژینگە وەك پرسێك بە جددی وەرنەگیراوە، لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەوجۆرە بۆ خەڵکی باس نەکراوە، وەك ئەوەی ئێمە لەم گفتوگۆیە باسی گرنگی و مەترسییەکانی دەکەین.

لێرەدا ناخوازم بچمە ناو وردەکاریی ئەم پرسە گرنگە، لەبەر ئەوەی کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام چەند پێشنیارێك بۆ حکومەت و ئەو لایەن و ڕێکخراوانە دەخەمە ڕوو کە لە بواری پاراستنی ژینگە کاردەکەن:

١. زۆر پشتگیریی پێشنیاری هەر دوو بەڕێزان «عەبدولڕەحمان سدیق و حاکم سەمەد» دەکەم، کە پێشنیاریان کرد، دەستەی پاراستنی و ژینگە

**وەزارەتی ژینگەی حکومەتی عێراقی هێندەی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە کار و پڕۆژە ئەنجام بدات**

**بارودۆخی ژینگەی کوردستان نە ئەوەندە خراپە کە جێگەی مەترسیی گەورە بێت، نە ئەوەندە باشیشە کە پشتی لێ بکەین و کاری بۆ نەکەین**

**ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف، چەندین خولمان لەسەر گرنگیی پاراستنی ژینگە بۆ مامۆستایانی ئایینی کردووەتەوە و داوامان لێکردوون لە گوتاری هەینی باسی گرنگیی ژینگە بکەن**

**تەنیا لە هەرێمی کوردستان ساڵانە ٦٠٠-٧٠٠ ملیۆن دۆلار زەکات کۆدەکرێتەوە، لەم سندوقی زەکاتە دەتوانرێت ساڵانە ڕێژەیەکی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی کوردستان تەرخان بکرێت**



بکرێتەوە بە وەزارەتی ژینگە، لەمەش زیاتر پێویستە وەزارەتێکی چالاك بێت، دەستەیەك لەو وەزارەتە دابمەزرێت بە ناوی «دەستەی راوێژکاری ژینگەیی» بۆ ئەوەی بتوانێت بەرنامەی ستراتیژیی ژینگەیی دابڕێژێت.

٢. بۆ چارەسەرکردنی گرفتی دابینکردنی بوودجە «تەمویل» بۆ پڕۆژەکانی ژینگە کە هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە زۆر لاوازە، ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف پڕۆژەیەکمان بە ناوی «پڕۆژەی سندوقی زەکات» ئامادە کردووە و پێشکەشی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە، بەڵام بەداخەوە پەرلەمان بە هۆی بڕیارێکی دادگای فیدراڵی عێراقەوە کارەکانی وەستێنرا، بۆیە ئومێد دەخوازین ئەم خولەی پەرلەمان زوو دەست بەکار بێت، بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیە بکات بە یاسا و «سندوقی زەکات» بێتە کایەوە. سەرنج بدەن تەنیا لە هەرێمی کوردستان ساڵانە ٦٠٠-٧٠٠ ملیۆن دۆلار زەکات کۆدەکرێتەوە، لەم سندوقی زەکاتە دەتوانرێت ساڵانە ڕێژەیەکی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی کوردستان تەرخان بکرێت، بۆ ئەم پرسەش دەتوانرێت فەتوای لێژنەی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستانیشی بۆ وەربگرین.

٣. خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە ئێمە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان دادگای ژینگەییمان نییە. ئەو ڕۆژە هەر بە ڕێکەوت برادەرێکم بینی، گوتی: «من یەکێکم لەو کەسانەی کە وەك نوێنەری ژینگە لەگەڵ تیمەکانی پۆلیس دەچین بۆ ئەوەی پاڵاوگە نایاساییەکان دابخەین، بەڵام ئەوە بوو پۆلیسەکان منیان بۆ ماوەی شەو ڕۆژێك بەند کرد و پێیان گوتم: کێ تۆی ناردووە بۆ ئێرە؟ ئەمەش لەبەر ئەوە بوو ئەو پاڵاوگە نایاساییە هی بەرپرسێکی ئەم وڵاتە بوو، بەڵام دوای ئەوەی پرسەکە بڵاو بووەوە، ئەوانەی ئەو کارەیان دژی من کردبوو، سزا دران». پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئێمەش لە هەرێمی کوردستان دادگایەکی ژینگەییمان نەبێت، لە ئێستادا ئەوانەی سەرپێچی ژینگەیی دەکەن، دەنێرینە دادگا مەدەنییەکان، بەڵام کە ئەو دادگا ژینگەییەمان هەبوو، دەیاننێرینە ئەو دادگایە و گرنگە ئەو دادگایە سزای پێویست بۆ ئەو کەسانە دابنێت کە سەرپێچیی ژینگەیی دەکەن، یان دار دەبڕنەوە.

**پێویستە ئامێری بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، بۆ هەموو مزگەوتەکانی کوردستان، وەزارەتەکان، قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکان دابنێن**




٤. گرنگە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستان ئەو یاسایانە هەموار بکرێنەوە کە پەیوەندییان بە ژینگەوە هەیە، لێرەوە پێشنیار بۆ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە گەورەترین فراکسیۆنە لە پەرلەمانی کوردستان، لەم خولەی پەرلەماندا کۆمەڵێک پرۆژەی گرنگ بۆ هەموارکردنەوەی یاساکان و پاراستنی ژینگە ئامادە بکات و هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی لۆبی بکات و دەنگی پێویستی بۆ کۆبکاتەوە و یاساکان تێپەڕێنێت، کە پێشنیاریش بۆ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، لەبەر ئەوەیە کە فراکسیۆنێکی گەورەیە و ئەو توانایەی هەیە بێتە سەرمەشقی بەرگریکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا.

٥. گرنگە لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی گەورە لەسەر پرسی ژینگە ڕێک بخرێت، گەلێک جار لە زانکۆکان کۆنفرانسی ژینگەیی ئەنجام دراون، بەڵام بەداخەوە وەک پێویست هۆیەکانی ڕاگەیاندن بایەخیان پێ نەداوە، بۆیە دەکرێت لەم هۆڵەوە کە هۆڵی بەشی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و تیایدا گفتوگۆ لەسەر گرنگیی پاراستنی ژینگە دەکەین، هەنگاوی دیکەی بەدوادا بێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخی زیاتر بە پاراستنی ژینگە بدەن و لێرەوە ئەو دەستپێشخەرییە دەستی پێبکرێت.

٦. پێویستە ئامێری بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، بۆ هەموو مزگەوتەکانی کوردستان، وەزارەتەکان، قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکان دابنێین، ئەمە وەک پرۆژەیەک زۆر خزمەتی پاراستنی ژینگە دەکات.

ئێمە لە کوردستان شەش هەزار مزگەوتمان هەیە کە کارەبایەکی زۆر بەکار دەهێنن و پارەی کارەباکەش بە حکومەت نادەین، بۆیە ئەگەر ئەم پرۆژەیە دەست پێبکەین، دەتوانین بە وزەی خۆر کارەبای مزگەوتەکان دابین بکەین، لە ئێستادا لە چەند مزگەوتی سلێمانی ئەو پرۆژەیە دەستی پێکردووە، بۆ مزگەوتەکانی دیکەش ئەگەر کاری جددی لەسەر بکەین، من دڵنیام لەم وڵاتە خێرۆمەندی زۆرمان هەیە لەوانەیە یەکێک لەو خێرومەندانە بڵێت «من کارەبای ١٠ مزگەوتتان بۆ دەکەمە سۆلەر»، بۆیە دەکرێت کاری زۆر جددی لەسەر ئەم پرۆژەیە بکرێت.

**ئێمە لە کوردستان شەش هەزار مزگەوتمان هەیە کە کارەبایەکی زۆر بەکار دەهێنن و پارەی کارەباکەش بە حکومەت نادەن، بۆیە پێویستە بە وزەی خۆر کارەبایان بۆ دابین بکەین**





## پ.د. دانا خدر مەولوود

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سەرچاوەکانی ئاو و پاراستنی ژینگە:

# ئەوەی ئێستا سەبارەت بە پاراستنی ژینگە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن باسی دەکرێت، بەڕاستی زۆر ڕووکەشە و وردبوونەوەی تێدا نییە

پ. د. دانا خدر مەولوود ئەندازیارە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سەرچاوەکانی ئاو و پاراستنی ژینگە و لە ئێستادا جێگری سەرۆکی زانکۆی کوردستانە لە هەولێر و، خاوەنی سەدان توێژینەوەی ئەکادییمە لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە بواری ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی، هەروەها بەرپرسە لە سەنتەری توێژینەوەی ژینگەیی لە زانکۆی کوردستان - هەولێر. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان)، بە شێوەیەکی ئەکادیمی باسی لە پاراستنی ئاو و خاك و ئاوی ژێر زەوی کرد، کە دەبنە سێ فاکتەری گرنگ بۆ پاراستنی ژینگە و بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستەڕوو.

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە بۆ ئەم گفتوگۆیە گرنگە لەسەر پرسی «پاراستنی ژینگە» بانگهێشتیان کردووین، کە بەڕاستی پرسێکە جێگەی مەترسیی ڕاستەقینەیە.

لەم ڕاستەوە من ڕاستەوخۆ و بێ پێشەکی دێمە ناو ئەم پرسە، ئەوەی ئێستا سەبارەت بە پاراستنی ژینگە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن باسی دەکرێت، بەڕاستی زۆر ڕووکەشە و وردبوونەوەی تێدا نییە. بۆیە من لێرەدا هەڵوەستە لەسەر چەند خاڵ دەکەم کە مەترسییەکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەخاتەڕوو:

**١- گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ئەگەری دروستبوونی لافاوی گەورە.**

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەرکەوتووە و، بەم ساڵانەی دوایی لافاوی گەورەمان بینیوە، هەر بۆ نموونە لافاوی ساڵی ٢٠١٩ ئاستی ئاوی زێی گەورەی گەیاندە لێواری پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی یەك و من خۆم کە سەردانی پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی یەکم کرد، هێندەی نەمابوو بگاتە ناو پڕۆژەکە، وەك دەبینین، هەولێر بە خێراییەکی زۆر فراوان دەبێت، ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەی فراوانبوونە بەردەوام بێت، ئەوا لەماوەی سێ تاپێنج ساڵی دیکە لەوانەیە سنووری شاری هەولێر بگاتە دەوروبەری زێی گەورە، ئەگەر لافاوێك ڕووبدات، بگاتە پڕۆژەکانی ئاوی «ئیفراز یەك، ئیفراز دوو، ئیفراز سێ و ئیفراز چوار»، ئەوا نیوەی هەولێر بۆ ماوەی سێ مانگ بێ ئاو دەبێت، لەم حاڵەتەشدا کەس ناتوانێت هاوکار بێت و ئەو کێشە گەورەیە چارەسەر بکات. بۆیە دەبێت خەمێك لەم پرسە بخۆین و هەوڵ بدەین چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە.

**٢- پرسی بە بیابانبوون کە بە هۆی گۆڕانکاریی کەشوهەواوە دروست دەبێت.**

لە دوایین کۆنگرەی بەرەنگاربوونەوەی کەشوهەوای سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پار لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بەڕێوەچوو، ئێمە لەو کۆنگرەیە بەشدار بووین. لەو کۆنگرەیە توێژەرێکی توونسی کە قوتابیی خوێندنی دکتۆرا بوو، توێژینەوەیەکی لابوو، کە من سەیری ئەو توێژینەوەیەم کرد، زانیاری و داتای زۆر گرنگی تێدابوو. زۆر هەوڵم دا، ئەو داتا و زانیارییانەی لێوەربگرم، بەڵام ڕازی نەبوو کە بیدات. بەپێی ئەو داتا و زانیارییانەی لەو توێژینەوەیە خوێندمەوە، لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو ئەو دیاردەی بە بیابانبوونەی ئێستا لە وڵاتانی «کوێت، سعودیە، سووریا، باشووری عێراق» ڕووی داوە، بەرەو ئێرە دێن و دەگاتە هەولێر، هەر بۆیە کاتێك ئێمە هۆشداری لەسەر ئەم پرسە دەخەینەڕوو، ئەوا دەبێت وەك مەترسییەك سەیر بکرێت و پلانی بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ببینەوە، هەنگاوی یەکەمیش لە دیراسەتی ئەو دار و درختەوە دەست پێدەکات کە دەیچێنین. ڕاشکاوانەتر دەبێت زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی و دارستانەکانمان بە شێوەیەکی زانستی بێت و بە دوای ئەو دارانە بگەڕێین کە ئەستوورن و ڕەگەکانیان بە قووڵی بە قووڵایی زەویدا ڕۆدەچن، ئەگەر وانەکەین، ناتوانین بەسەر ئەم مەترسییەدا زاڵ بین.

**لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو ئەو دیاردەی بە بیابانبوونەی ئێستا لە وڵاتانی «کوێت، سعودیە، سووریا، باشووری عێراق» رووی داوە، بەرەو ئێرە دێن و دەگاتە هەولێر**

**٣- ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی ئاوی ژێر زەوی و مامەڵەکردنی بە شێوەیەکی زانستی.**

هەتا ئێستا لە کوردستان کار بەوە دەکرێت کە دەبێت دووریی نێوان بیرێکی ئاو لەگەڵ بیرێکی دیکە ٥٠٠ مەتر بێت، بەڵام ئەم بۆچوونە بەسەر چووە، لەبەر ئەوەی زانایەکی ڕووسی سەلماندوویەتی «ئەگەر دووریی نێوان دوو بیری ئاو ١٠٠٠ مەتریش بێت، هەردوو بیرکە بکەونە ناو یەك حەوزی ئاوی ژێر زەوی، ئەوا گرفت دروست دەکات، بەڵام ئەگەر تەنیا دووریی نێوانیان ١٥ مەتر بێت، بەڵام بکەونە ناو دوو حەوزی ژێر زەوی، ئەوە گرفت دروست ناکات». بۆیە دەبێت ئێمە شێوازی خۆمان لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی بگۆڕین، بۆ ئەمەش بە پلەی یەکەم وەزارەتی کشتوکاڵ و لایەنی پەیوەندیدار کاتێك مۆڵەت بە لێدانی بیرێکی ئاو دەدات، دەبێت پێشتر شوێنی حەوزی ژێر زەویی ئاوەکە دیاری بکات، پاشان بینێرێت بۆ دەستەی ژینگە و پێکەوە بە هەماهەنگی ڕێوشوێنی یاسایی لەسەر پیادە بکەن.

**کوردستان ئاوێکی زۆر زۆری هەیە، بەڵام مامەڵەکردنمان بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی زۆر زۆر خراپە**

> **ئەو بارانەی ساڵانە لە کوردستان دەبارێت، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە کۆی بکەینەوە، دەتوانرێت بکرێتە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی ئاو، نەک هەر بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراقیش**

خاڵێکی دیکە هەر سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی، دەبێت پێش لێدانی بیرەکە تاقیکردنەوە بکەیت، بەوەی ئایا ئەم بیرەی لێ دەدرێت، بەرهەمدارە یان نا، ئەگەر بەرهەمدارە، بۆ چەند ساڵ توانای ئەوەی هەیە ئاوی لێ دەربهێنرێت، بەڵام ئەم ڕێوشوێنە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بوونی نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بیرێکی ئاو لێدرا، دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بچێت تێستی ئەو بیرە بکات، ئەگەر بەهەمدار نەبوو دەبێت ئەو بیرە دابخات، لەبەر ئەوەی دانەخستنی ئەو بیرە دەبێتە هۆکاری ئەوەی حەوزێکی ژێر زەوی ئاو پڕ ببێتەوە و نەمێنێت، ئەمەش زیانێکی زۆر گەورە لە ئاوی ژێر زەوی دەدات.

**٤- مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی.**

بەپێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن کوردستان ئاوی کەمە، من دەڵێم: کوردستان ئاوێکی زۆر زۆری هەیە، بەڵام مامەڵەکردنمان بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی زۆر زۆر خراپە. ئەو بارانەی ساڵانە لە کوردستان دەبارێت، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە کۆی بکەینەوە، دەتوانرێت بکرێتە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی ئاو، نەك هەر بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراقیش.

یەکێك لەو ڕێگە دروستانەی لەم ساڵانەی دوایی بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە، ئەو بەنداوانەیە کە لە دەوروبەری هەولێر دەستی پێکردووە، کە یەکێکیان بەنداوی گۆمەسپانە کە هەنگاوێکی زۆر باشە، بەڵام میتۆدی زانستی بۆ کۆکردنەوەی دروستی ئاوی باران دەڵێت «پێویستە ئەم بەنداوە یەکەمجار لە خاڵی یەکەم دروست بکرێت، کە ئەویش ناوچەی حاجی ئۆمەرانە لەسەر سنوور، دوای ئەوە لە ڕایات و جوندیان دوو بەنداوی دیکە دروست دەکەین، بەمجۆرە قۆناغ بە قۆناغ دروستکردنی ئەو بەنداوانە بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە دەوروبەری هەولێر، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە یەك دڵۆپ ئاوی باران



بەفیڕۆ نەچێت و بڕژێتە ناو ئەو بەنداوانە، ئەگەر لە میتۆدی زانستەوە بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو سەیر بکەین، دەبوو ئێمەش لە حاجی ئۆمەرانەوە دەست پێبکەین و قۆناغ بە قۆناغ بەنداومان دروست بکردایە، تا دەگەیشتینە دەوربەری هەولێر.

ئەوەی دەمێنێتەوە و لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، ئەوەیە کە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، هەنگاوی سەرەکی و گرنگە بۆ پاراستنی ژینگە، بەتایبەتی ئێستا کە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە مەزندەی هەموو مەترسییەکی لێدەکرێت، ئەمەش بەو مانایەی هەم مەترسی وشکەساڵی و بەبیابانوون بوونی هەیە، هەمیش مەترسیی لافاو و بارانبارینێکی زۆر، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەم مەترسییانە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەگرێتەوە، بەڵام سرووشتی هەرێمی کوردستان بەوجۆرە هەڵکەوتووە کە دەتوانین هەم پێشبینی مەترسییەکان بکەین و هەمیش پلانی گونجاو دابنین و ڕووبەڕوویان ببینەوە، ئەو بەنداو پۆندانەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە دروستکردنیان کردووە، هەنگاوێکی دروستە بۆ ڕێگرتن لە وشکە ساڵی و مەترسیی لافاو، بەڵام گرنگە بە شێوەیەکی زانستی و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو هەوڵ بدات هەوڵەکان بخاتەوە سەر ڕێگا زانستییە ڕاستەکە و هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بن، کە ڕێگە نەدات یەك دڵۆپ ئاوی باراناو بەفیڕۆ بچێت.

سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی کە سامانێکی نیشتمانییە و ئەو حەوزی ئاوانەی ژێر زەوی کە بە سەدان ساڵ و هەزاران ساڵ بە دڵۆپ دڵۆپ ئاوی باران پڕ بوون لە ئاو، دەبێت زۆر بە زانستییانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و، ڕێگە نەدرێت بە ڕێگەی هەرەمی هەر کەس بە ئارەزووی خۆی بەرانبەر بە نرخێك دراو ئاوی ژێر زەوی دەربهێنێت و بەفیڕۆی بدات، یان بەبێ ئەوەی بیرەکە تاقیکردنەوەی بۆ کرابێت، ڕێگە بدرێت بیر لێ بدرێت، پاشانیش ئەمە ببێتە هۆکاری ئەوەی حەوزی ئاوی ژێر زەوی دوای ئەوەی ئاوەکەی هێنرایە دەرەوە، حەوزەکە پڕ ببێتەوە و لە کیسمان بچێت.

**ئەو بەنداو پۆندانەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە دروستکردنیان کردووە، هەنگاوێکی دروستە بۆ ڕێگرتن لە وشکە ساڵی و مەترسیی لافاو**





**پ.د. گەلاوێژ عوبێد**

پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان:

# پرۆژەی ڕووناکی ژمارەیەکی زۆری موەلیدەکانی کوژاندەوە بەمەش ژینگە خاوێن دەبێتەوە

**پ.د. گەلاوێژ عوبێد، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لێژنەی تەندروستی و ژینگەش بووە، پسپۆڕە لە زانستی «بۆماوەزانی»، وێڕای ئەمانەش یەکێکە لەو خانمە چالاکانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چاودێریی تەندروستی و پاراستنی ژینگە لە چوارچێوەی کارەکانی وەك پەرلەمانتاری کوردستان هەبووە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان)، بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو.**

جێگەی دەستخۆشییەکی گەورەیە کە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم گفتوگۆیەی لەسەر پرسێکی زۆر گرنگ «بایەخدان بە پاراستنی ژینگە» ڕێك خستووە و ئەم هەموو بەرپرس و پسپۆڕەی پێکەوە کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی زۆر ڕاشکاوانە گفتوگۆی لەسەر بکەین.

ژینگەی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی ئەو گۆڕانکارییە ژینگەییانە نییە کە ئێستا عێراق و جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنن، بۆیە ئێمەش پێویستمان بەوەیە توێژینەوەی زۆر گرنگ و ئامادەکاریی زۆر باش بکەین، بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژینگەدا ڕوو دەدەن.

وەك پسپۆڕیی خۆم دەمەوێت لە لایەنە تەندروستییەکەیەوە باس لە پاراستنی ژینگە بکەم، ئەمەش لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکان تەنیا کاریگەرییان لەسەر ژینگە نییە، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەری لەسەر تەندروستیی مرۆڤەکانیش دروست دەکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوە لەسەر گۆڕانکارییە ژینگەییەکان

بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە ساڵی ٢٠٢٢ توێژەرانی هۆڵەندا بۆ یەکەمجار مایکرۆپلاستیکیان لە خوێنی مرۆڤدا دۆزییەوە. هەروەها گەردیلەی پلاستیکی وردبینی لە دڵی ئەو کەسانەدا دۆزرایەوە کە لە ساڵی ٢٠٢٣ نەشتەرگەریی دڵیان بۆ کراوە، هەروەها گەردیلەی پلاستیکی لە ئەندامەکانی زاوزێی پیاوان دۆزرایەوە.

لەوانەیە ئاسایی بێت کە گەردیلە پلاستیکییەکان ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە بۆ ناو ئەو ئەندامانە. بەڵام سەرسوڕمانەکە ئەوە بوو کە لە مێشکدا دۆزرایەوە کە بۆ ئەوە دروست کراوە شتەکان لە دەرەوە بمێنێتەوە، لە ڕێگەی ئەو شتەی کە پێی دەوترێت «بەربەستی خوێن- مێشك».

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لە گۆڤاری (Nature) بڵاو کراوەتەوە، نانۆپلاستیك دەتوانێت بچێتە ناو پەردەی خانەکان و بگاتە مێشك، کە تا ٣٠ هێندەی جگەر و گورچیلە مایکرۆپلاستیك لەخۆ دەگرێت. توێژەران پێیان وایە خانەکانی بەرگری ئەو گەردیلە پلاستیکییانە دەخۆن و بەناو خوێندا دەڕۆن و دواجار لە خوێنبەرەکانی مێشکدا جێگیر دەبن.

تەنۆلکەکان کە دەتوانن لە شانەکانی ناوەوە کۆببنەوە، دەبنە هۆی کاریگەری درێژخایەنی تەندروستی، وەك هەوکردن، یان تێکچوونی هۆرمۆنەکان. توێژینەوەکە دەری خستووە کە چڕیی مایکرۆپلاستیك لەو کەسانەی کە بەهۆی نەخۆشیی بیرچوونەوە گیانیان لەدەست داوە، نزیکەی شەش هێندە زیاترە لە چاو ئەوانەی مێشکی تەندروستیان هەبووە.

لەم چوارچێوەیەدا «هۆشیاریی ژینگەیی» بە پلەی یەکەم دێت. بەپێی توێژینەوەیەك کە لەمانگی شوباتی ٢٠٢٢ بڵاو کراوەتەوە سەبارەت تەنە هەڵواسراوەکانی ناو هەوا «air particles» کە پێوەرێکە بۆ ڕێژەی ئەو تەنە وردانە لە هەوادا و پێی دەگوترێت پارتیکڵ ماتەر «PM» و، پێوەرێکیان داناوە بریتییە لە «PM٢,٥ »، بەپێی ئەم پێوەرە هەوای عێراق دەیەمین پیسترین هەوایە لە جیهاندا، ئەم پێوەرە دەریخستووە کە ڕێژەی پاتیکڵ ماتەر لە هەوای عێراقدا (٣٩,٦) مایکرۆگرامە لە هەر مەتر سێجایەکدا، کە بەپێی ستاندەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی نابێت لە پێنج مایکرۆگرام لە مەتر سێجایەکدا زیاتر بێت، لەمبارەوە ئاژانسی ژینگەی ئەمریکی ئاماژەی بەوە کردووە، ئەگەر ڕێژەی پارتیکڵ ماتەر زیاتر بوو لە ٣٥,٥ مایکرۆگرام لەیەك مەتر سێجای هەوادا ئەوا چەندین کێشەی تەندروستی بۆ دانیشتووانی ئەو وڵاتە دروست دەکات و دەبێتە هۆکاری زیادبوونی نەخۆشییەکانی سی و زۆر بوونی شێرپەنجە.

بەپێی توێژینەوەی ماستەرنامەیەك کە لەسەر نەخۆشییەکانی شێرپەنجە کراوە، ئێستا شێرپەنجەی پێست لە هەرێمی کوردستان هاتووەتە ناو دەیەمین نەخۆشییەکانی شێرپەنجە کە پێشتر لەو ڕیزبەندەدا نەبوو.

ئێمە وەك لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە پەرلەمانی کوردستان، سەردانی نەخۆشخانەکانمان کردووە و بەدواداچوونمان بۆ شێوازی مامەڵە و لەناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان کردووە، بۆ ئەم پرسە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ لەناوبردنی ئەو پاشماوانە چەندین پێشنیارمان پێشکەشی پەرلەمان و حکومەت کردووە.

ئەگەر تەنیا بچینە شەقامی پزیشکان لە هەولێر و سەرنج بدەین چۆن مامەڵە لەگەڵ پاشماوە پزیشکییەکان دەکرێت، دەبینین پاشماوەی پزیشکیی تاقیگاکان دەکرێنە هەمان ئەو حاویەیەی کە پاشماوەی خۆڵ و خاشاکی ئاسایی تێدەکرێت، بۆیە ئێمە پێشنیارمان بۆ وەزارەتی شارەوانی کرد کە چەند سەیارەی گواستنەوەی خۆڵ و خاشاك تایبەت بکات بە کۆکردنەوەی پاشماوە پزیشکییەکان و ڕێگە نەدات تێکەڵی خۆڵ و خاشاکی ئاسایی بکرێت.

هەروەها پێشنیارمان کرد کە پاشماوەی شلەکانی پزیشکی ناکرێت تێکەڵاوی ئاوەڕۆ بکرێت و دەبێت چارەسەر بکرێن. هەروەها بۆ پاشماوەی نەخۆشخانەکان تەنیا دوو دانە شوێنی چارەسەر بە ئۆتۆکلیف شرێدەر هەبوو لە نەخۆشخانەی نانەکەلی و نەخۆشخانەی منداڵان و لەدایکبوون، پێشنیاری ئێمە ئەوە بوو، کە دەبێت هەموو نەخۆشخانەکان ئامێری تایبەت بە سووتاندنی پاشماوەی پزیشکی هەبێت کە

**ژینگەی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەی ئەو گۆڕانکارییە ژینگەییانە نییە کە ئێستا عێراق و جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنن**

**بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کە لە گۆڤاری (Nature) بڵاو کراوەتەوە، نانۆپلاستیک دەتوانێت بچێتە ناو پەردەی خانەکان و بگاتە مێشک، کە تا ٣٠ هێندەی جگەر و گورچیلە مایکرۆپلاستیک لەخۆ دەگرێت**

**هەوای عێراق دەیەمین پیسترین هەوایە لە جیهاندا، ئەم پێوەرە دەریخستووە کە ڕێژەی پاتیکڵ ماتەر لە هەوای عێراقدا (٣٩,٦) مایکرۆگرامە لە هەر مەتر سێجایەکدا، کە بەپێی ستاندەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نابێت لە پێنج مایکرۆگرام لە مەتر سێجایەکدا زیاتر بێت**

**ئێستا شێرپەنجەی پێست لە هەرێمی کوردستان هاتووەتە ناو دەیەمین نەخۆشییەکانی شێرپەنجە کە پێشتر لەو ڕیزبەندەدا نەبوو**

**پێشنیارمان بۆ وەزارەتی شارەوانی کرد کە چەند سەیارەی گواستنەوەی خۆڵ و خاشاک تایبەت بکات بە کۆکردنەوەی پاشماوە پزیشکییەکان و ڕێگە نەدات تێکەڵاوی خۆڵ و خاشاکی ئاسایی بکرێت**

پێی دەڵێن «autoclave shredder» نەك ئاگردان «المحرقة»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نابێت دووکەڵی ئەو پاشماوە پزیشکییانە تێکەڵی هەوا بێت و پیسی بکات. بۆ ئەمەش پێشنیاری ئێمە ئەوە بوو ئامێری ئۆتۆکلەیڤ شرێدەر زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی ڕۆژانە ئەو نەخۆشخانە تایبەتانە بڕی ١٢٠ کیلۆگرام پاشماوەی پزیشکیان هەبوو، بەڵام تەنیا ١٥ کیلۆگرام یان دەنارد بە ئامێرەکانی ئۆتۆکلەیڤ شریدەر بسووتێنرێت .

سەبارەت بە مەترسیی وشکەساڵی، بێگومان وەك بینیمان لەساڵی ٢٠٢٢ بە هۆی وشك بوونی زۆنگاوەکانی باشووری عێراق نزیکەی ٣٠٠٠ خێزان ئاوارە بوون، لەسەر ئەم پرسە ڕاپۆرتێکم پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرد، لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە لە ساڵی ٢٠٤٠ هەردوو ڕووباری «دیجلە و فورات» وشك دەبن و ئەمەش دەبێتە مەترسییەکی گەورەی بە بیابانبوون، بۆیە دەبێت لە ئێستا کار بکەین بۆ ئەوەی ڕێگە لەو مەترسییە بگرین.

بۆ بایەخدان بە پاراستنی ژینگە چەند پێشنیارێك سەبارەت بەو سێکتەرانە دەخەمەڕوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پیسبوونی ژینگەوە هەیە:

١- بۆ ڕێگرتن لە پیسبوونی هەوا پێویستە ئەم ڕێکارانە بگیرێنەبەر:

- بەکارهێنان و دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی گشتی بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵیی شەقامەکان و کەمکردنەوەی تێکەڵاوبوونی دووکەڵ لەگەڵ هەوادا.

- وەبەرهێنانی گەورە لە وزە نوێبووەکان بکرێت، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی وزەی خۆر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.

- بە وردی چاودێریی کارگە و پاڵاوگاکان بکرێت و ڕێنماییەکانیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت.



- پێشتر لە هەموو هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی هێجگار زۆر مولیدە هەبوون، بەڵام خۆشبەختانە لە چوارچێوەی پرۆژەی رووناکی، ژمارەیان کەم بووەتەوە و کەمتریش دەبێتەوە، بەڵام گرنگە ڕێگە نەدرێت نانەواخانە، یان کارگەکان نەوتی ڕەش بەکار بهێنن.

٢- ڕێگرتن لە پیسبوونی سەرچاوەکان ئاو:

- نابێت ڕێگە بدرێت پاشماوەی کارگەکان لە نزیک و لێواری سەرچاوەکانی ئاو فڕێ بدرێن.

- نابێت ڕێگە بدەین سەرچاوەکانی ئاو بە پاشماوەی ماددە کیمیاییەکان پیس بکرێن.

- پێویستە لە هەندێک شوێن پێوەر دابنرێت بۆ زانینی ڕێژەی ترشە باران «Acid rain» کە بە هۆی ئاوێتە بوونی گۆگرد و نایترۆجین لەکاتی باران بارین دێتەخوارەوە.

٣- پاککەرەوەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ پیسبوونی ژینگە، دەبێت سنووردار بکرێن.

٤- دەبێت بە هۆشیارییەوە پەین و قڕکەرەکان لە پرۆژە کشتوکاڵییەکان بەکاربهێنرێت، لەبەر ئەوەی ئەوانیش هۆکارێکن بۆ پیسبوونی ژینگە و خاک.

٥- جیاکردنەوەی ئاوەڕۆی ناوچە پیشەسازییەکان لەگەڵ ئاوەڕۆی گشتی.

٦- دەبێت توێژینەوەی مەزندە و ئایندەسازی بکرێت لەسەر کەشوهەوا، هەر بۆ نموونە بەپێی زانیارییەکانی کەشوهەوا مەزندەی ئەوە دەکرێت بۆ نموونە سبەی باران دەبارێت، دەبێت توێژینەوە لەسەر ئەوە کرابێت ئەو بارانە سوودمەندە، یان زیانی دەبێت.

٧- پێویستە لە زانکۆ و پەیمانگاکان بەشی زانستیی تایبەت بە گۆڕینی کەشو هەوا بکرێنەوە و زانکۆکان پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ حکومەت هەبێت بۆ دانانی پلانی ستراتیژی بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا.

**بەکارهێنان و دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی گشتی بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵیی شەقامەکان و کەمکردنەوەی تێکەڵاوبوونی دووکەڵ لەگەڵ هەوادا**





**هەژار ماهیر عەبدولڕەحمان**

**بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران:**

# دەڤەری بارزان خاوەن فەرهەنگێکی جوانی ژینگەپارێزییە، هەوڵ دەدەین بیگوازینەوە بۆ هەموو کوردستان

**هەژار ماهیر عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە، پێش ئەوەش ماوەی ١١ساڵ وەك ژینگەپارێزێکی خۆبەخش لەگەڵ ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك سەرۆکی ڕێکخراو کاری کردووە، هەروەها بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرۆکی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکان بووە لە پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سۆران، تا ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ژینگەی هەرێمە و خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووی گەورەیە لە بواری ژینگەپارێزیدا. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە ئەم گفتوگۆیەی ڕێك خستووە و دەرفەتێکی دروست کردووە، بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە گرنگە ڕاو بۆچوونی خۆمان دەرببڕین.

لە دەستپێکدا و لەبەر ئەوەی نوێنەری ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ کاروباری کەشوهەوا و سیاسەتی دەرەوە، لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵمان بەشدارە، دەمەوێت ئەم دەرفەتە بقۆزمەوە و هەڵوەستەیەك لەسەر فەرمانگەی ژینگە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بکەم.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك بڕیاری داوە فەرمانگەیەك بە ناوی فەرمانگەی «پاراستن و چاککردنی ژینگە» لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بهێنێتە کایەوە، پێویستە بیر لەوەش بکاتەوە کە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بوودجەی پێویستی بۆ دابین بکەن و سەرجەم پێداویستییەکانی فەرمانگەکەش دابین بکرێت.

ئەم فەرمانگەیە کە ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە «پاراستن و چاککردنی ژینگە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری« لە ڕووی جوگرافییەوە شەش قەزا و ١٣ ناحیە و ٨٠٠ گوند لەخۆی دەگرێت، لە کاتێکدا نزیکەی ٣٥٠ هەزار کەس

لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دەژین، ئەمەش بێگومان ئەرکمان قورستر دەکات، بەوەی بۆ ڕاییکردنی هەر مامەڵەیەکی هاووڵاتییان، کە بەشێك لە خاوەنی پڕۆژەکان بە مەبەستی دەرهێنانی مۆڵەتی کارکردن، یان نوێکردنەوەی پێشکەشی فەرمانگەکەی دەکەن، ئەوا کارمەندەکانی فەرمانگەکە نزیکەی ٧٠ بۆ ٨٠ کم ڕێگە دەبڕن بە مەبەستی ئەنجامدانی کەشفی شوێنەکە و گونجاویی پڕۆژەکان و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان، وێڕای ئەوەی کە میلاکی فەرمانگەکەمان زۆر کەمە و پێداویستییەکانی سنوورەکە پڕ ناکاتەوە، لە کاتێکدا ئەم فەرمانگەیە بەپێی هەیکەلی دامەزراوەکە، دەبوایە ٦١ فەرمانبەری میلاکی هەبوایە، بەڵام تەنیا ٣٠ فەرمانبەری گرێبەستی بۆ دامەزرێندراوە، ئەمەش لە ئاست بەرفراوانیی سنوورەکەدا نییە. لەو ژمارەیەش ١٠ فەرمانبەر کێشەی یاساییان هەیە، چونکە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە، بەڵام پەسەندی داراییان بۆ نەکراوە، لە کاتێکدا پێویست بوو پەسەندی داراییان بۆ بکرێت لە بەر ئەوەی لە ٢٠٢٤/١٠/١ دەوامی ئاسایی خۆیان کردووە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا دەکرێت فەرمانگەیەك سەرجەم فەرمانبەرانی بە شێوەی گرێبەست بەڕێوەی ببەن، کە تا وەکو ماوەی شەش مانگە دەستبەکار بوون و مووچەیان وەرنەگرتووە؟ بۆ یەك ساتیش کارەکانی فەرمانگە لەم سنوورە نەوەستێندراون، بە شایەدیی کارگێڕی ناوچەکە پڕ چالاکترین فەرمانگەی میریی سنوورەکەیە.

پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە، ئایا دەکرێت فەرمانگەیەك بەم هەموو کەموکوڕییانەوە بەردەوام بێت؟ لە کاتێکدا شەش قەزا و ١٣ ناحیەی هەیە، تا ئێستا ئۆتۆمبێلێکی خزمەتگوزاریی حکوومیی بۆ دابین نەکراوە. لە کاتێکدا سێ ساڵە ئەم فەرمانگەیە هاتووتە کایەوە، بۆیە لە کاتێکدا من خۆم وەك فەرمانگەی ژینگە ئەو هەموو کێشانەم هەبێت، ئیتر چۆن بتوانم باسی کێشەکانی ژینگە بکەم؟ بۆیە پێویستە ئەم دەنگانە بگەنە جەنابی سەرۆکی حکومەت کە پارێزەری سەرەکیی ژینگەی کوردستانە و لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگی بە چاککردن و پاراستنی ژینگە دراوە، ئەم فەرمانگەیەش بەرهەمی ئەم کابینەیە بوو، ڕاشکاوانەتر وەك بەڕێز سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەش ئاماژەی پێ کرد، ئێمە وەك پێویست گوێمان لێ ناگیرێت، من بەڕێوەبەری فەرمانگە بووم، ساڵێك و هەشت مانگ بە تەنیا دەوامم کردووە، زۆرجار بەڕێز سەرۆکی دەستەی ژینگە پێی دەگوتم تۆ بە تەنیا لە هەندێك فەرمانگەی دیکەی ژینگە چالاکتر بوویت، ئەمەمان وەك پابەندبوون بە کارەکەمان ئەنجام داوە، بۆ ئەوە بووە حکومەت گلەییمان لێ نەکات، چونکە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی ئەگەر قوربانییشی بۆ بدەیت ئەمانەتێکە و دەبێت جێبەجێی بکەیت و لە خزمەت هاووڵاتیاندا بین.

بۆیە هیوادارم ئەم پەیامە بگاتە حکومەت، ئێمە داوای دامەزراندنی فەرمانبەری زیاتر لە حکومەت ناکەین، بەڵام ئەوەی هەمانە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن.

دوای ئەمانە دێمە سەر ژینگەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، ژینگە ئێستا لە جیهاندا وەك بابەتێکی گرنگ باسی دەکرێت و بووەتە جێگەی مشتومڕی زۆرێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، چونکە ژینگە وەك سێیەم بنەما لە پێشکەوتنی وڵاتدا گرنگیی پێ دەدرێت دوای هەریەکە لە «سیاسەت و ئابووری»ی وڵاتان ڕاستەخۆ ژینگە دەبێتە سێیەم بنەمای پێشکەوتنی وڵاتیان، چونکە زۆرێك لە لایەنەکانی دیکە لەم چوارچێوەیەدا کۆ دەبنەوە.

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان خاوەن ژینگەیەکی دڵڕفێنی شیاوە بۆ سێکتەری گەشتیاری، لە هەمان کاتدا خاك و ئاو و هەواکەی بۆ کشتوکاڵکردن و زۆر لایەنی دی سوودی لێ وەردەگیرێت و ژینگەیەکی دەوڵەمەندە بە کانزا و نەوت و گاز و...هتد. بۆیە گرنگە دەست لە ناو دەست بۆ پاراستنی ئەو ژینگەیەی کە بە خوێنی ڕۆڵەکانمان ئاو دراوە، پارێزگاری لەم گەنجینەیە بکەین.

ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە هەر یەك لە قەزاکانی سۆران، مێرگەسۆر، ڕواندز، چۆمان، خەلیفان و سیدەکان، پڕن لە سرووشتی جوان و ژینگەیەکی دڵڕفێنیان هەیە، بەڵام هاوشانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی دیکە بێبەش بووین لە فەرمانگەیەکی ژینگەیی، کاتێك لە کابینەی نۆیەم بڕیاری کردنەوەی فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سۆران درا، وێڕای هەموو ئاستەنگەکان، بەڵام هەر زوو دەستمان بە دانانی ژێرخانی مرۆیی کرد بۆ پتەوکردنی پایەکانی

**من بەڕێوەبەری فەرمانگە بووم، ساڵێك و هەشت مانگ بە تەنیا دەوامم کردووە، زۆرجار بەڕێز سەرۆکی دەستەی ژینگە پێی دەگوتم تۆ بە تەنیا لە هەندێك فەرمانگەی دیکەی ژینگە چالاکتر بوویت**

**گرنگە دەست لە ناو دەست بۆ پاراستنی ئەو ژینگەیەی کە بە خوێنی ڕۆڵەکانمان ئاو دراوە، پارێزگاری لەم گەنجینەیە بکەین**

**جیاواز لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەک سنووری ناوچەکە خاوەن فەرهەنگێکی جوانی ژینگە پارێزیی دەڤەری بارزانە و هەوڵ دەدەین ئەم فەرهەنگە جوانە ژینگە پارێزییە بگوازینەوە بۆ هەموو کوردستان**

**سەدەیەک بە سەر پاراستنی ژینگە لە دەڤەری بارزاندا تێدەپەڕێت، بەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئاژەڵە کێوییەکان زیاد دەبن و ژینگەی ناوچەکەش سیمای جوان و بووژانەوەی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت**

**بۆچی گەشتیار دەچێتە ناوچەی ڕواندز پاشماوەی خۆی کۆ ناکاتەوە و فڕێی دەدات، بەڵام هەمان گەشتیار بچێتە ناوچەی بارزان پاشماوەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو فڕێی نادات؟**

**گەشتیاری زۆر بە عەلاگەوە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن و ماددەی زۆری پلاستیکی دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن، کە ئەمەش هۆکارێکی مەترسیدارە و کاریگەریی خراپ بەسەر ژینگە و خاک و کشتوکاڵی ناوچەکە جێ دەهێڵێت**

**ڕێگەمان نەداوە ئەو پاڵاوگانە لەم سنوورە هەبن، تەنیا چەند کارگەیەک هەن ئەویش بە پێی یاسا مەرجە ژینگەییەکانیان بە سەردا جێبەجێ دەکەین**

فەرمانگەکە و دەستپێکردنی خزمەتگوزارییەکان.

هاتنەکایەی فەرمانگەی ژینگەیی سۆران، گرنگی و تایبەتمەندیی زۆری هەبوو بۆ خزمەتی زیاتری ژینگەی ئیدارەی سۆران، جگە لەوەی سنوور و سرووشتی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران جیاوازە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی ژینگە و سێکتەری گەشتوگوزارەوە سرووشتێکی دەوڵەمەندە، بوونی ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران و ناوچەی پارێزراوی سرووشتیی دەڤەری بارزان و دۆڵ و چیای جوانی ئەم ناوچانە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، هەروەها دەبێتە هۆی ئاسانکاریی زیاتر بۆ ئەو هاووڵاتیانەی خاوەن پڕۆژەن، بەوەی لە جیاتی ئەوەی سەردانی هەولێر بکەن، هەر لە ئیدارەی سۆران مامەڵەکانیان ڕایی بکرێت. ئاشکرایە تا پێش کردنەوەی فەرمانگەی ژینگەیی سۆران دەزگایەکی فەرمیی تایبەت بە چاودێری ژینگەیی نەبووە لەم سنوورە، کە بتوانێت گوزارشت لە خواستە ژینگەییەکانی دەڤەرەکە لە بواری ژینگەدا بکات، ئەوەی هەبووە پۆلیسی دارستان و ژینگە و پێشمەرگەی بەتالیۆنی ژینگەپارێزی بارزان بووە، کەواتە بوونی فەرمانگە لەم سنوورەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی بە وردی چاودێری و پشکنین بۆ پڕۆژەکان بکرێت، ئەویش بە ڕێگەی تاقیگە زانستییەکانەوە، هەروەها دەتوانین ببینە چەترێك بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی ڕێکخراوە ژینگەییەکان.

پێشتر دەبوایە بۆ هەر کارێکی پەیوەست بە ژینگە بۆ هەولێری پایتەخت گەڕابایناوە، کە ئەمەش ڕەنگە بارگرانییەکی زۆر بوایە بۆ هاووڵاتیان، بەڵام ئێستا کارئاسانیی زیاتری تێدایە بۆ خەڵکی ناوچەکە بەگشتی. ئێمەش بە هەموو توانایەکمان هەوڵ دەدەین جێبەجێکار و چاودێر بین بەسەر پێشێلکارییە ژینگەییەکانەوە، هەروەها جیاواز لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەك سنووری ناوچەکە خاوەن فەرهەنگێکی جوانی ژینگەپارێزیی دەڤەری بارزانە و هەوڵ دەدەین ئەم فەرهەنگە جوانە ژینگەپارێزییە بگوازینەوە بۆ هەموو کوردستان.

لە ئیدارەی سۆران دەڤەری بارزانمان هەیە، یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی فەرهەنگی دەڤەری بارزان، پاراستنی ژینگەیە، کە زیاتر لە سەد ساڵە تاوەکو ئێستا لەلایەن پێشەوا و شێخەکانی بارزانەوە بە میرات ماوەتەوە و، لەسەر ئاستی جیهانی پێشکەوتووشدا تا ئەمڕۆش یەکێکە لە بەنرخترین بەها شارستانییەکان، کە زیاتر خۆی لە گرنگیدان بە تێگەیاندن و پێگەیاندن و هۆشیاریی خەڵك بە شێوەیەکی خۆویستانەوە دەبینێتەوە.

سەدەیەك بە سەر پاراستنی ژینگە لە دەڤەری بارزاندا تێدەپەڕێت، بەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئاژەڵە کێوییەکان زیاد دەبن و ژینگەی ناوچەکەش سیمای جوان و بووژانەوەی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرهەنگە هۆشیارییە ژینگەپارێزییەی کە سەردەمێکە ئاوێتەی خەڵکی ئەم ناوچەیە بووە، هاووڵاتییانیش خۆیان بەرانبەر بە پاراستنی ژینگەی دەڤەرەکە بە بەرپرسیار دەزانن.

وەك فەرمانگەی ژینگەیی ئیدارەیی سۆران، پێشنیارمان بۆ «دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە»ی هەرێم کردووە و لێرەش دووبارەی دەکەینەوە، قەزای مێرگەسۆر بە «پایتەختی ژینگەپارێزی» بناسرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەلتووری ژینگەپارێزیی ناوچەی بارزان بکەینە کەلتوورێك بۆ ئەوەی ناوچەکانی دیکەش چاوی لێ بکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی گەشتیار دەچێتە ناوچەی ڕواندز پاشماوەی خۆی کۆ ناکاتەوە و فڕێی دەدات، بەڵام هەمان گەشتیار بچێتە ناوچەی بارزان پاشماوەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو فڕێی نادات؟ بۆیە ئێمە دەبێت بە شۆڕشێك ئەم کەلتوورە بگوازینەوە بۆ سەرتاسەری کوردستان.

پێکهاتەی سرووشتیی ژینگەی دەڤەری بارزان تەنیا خۆی لە پەلەوەر و ئاژەڵە کێوییەکاندا نابینێتەوە، بەڵکو ژینگە و سرووشت و دارستان و ڕووبار و کانیاوەکانیش دەگرێتەوە، هەر ئەمەش وای کردووە، جۆرەها ئاژەڵی کێوی لە دەڤەرەکە بەرچاو بکەون و پارێزراویش بن، هەروەها هەزاران جۆر دار و درەخت و گژوگیا لەو ناوچەیە گەشە دەکەن، ئەمانە چەند نموونەیەکی زیندوون، کە ئێمە دەتوانین لە هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەربگرین و کەلتوورەکە بگوازینەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و ئیدارەی سۆران بەتایبەتی کێشەی ژینگەیی هاوبەش هەن، بەڵام هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ئیدارەی سۆران کێشەی بوونی هەندێ کارگەی قیر و کارگەکانی دیکە هەیە وەك نەبوونی مۆڵەتی ژینگەیی و کێشەی مۆلیدە

ئەهلییەکان و کۆنیی بەشێك لە ئۆتۆمبێلەکان و نەبوونی هێڵی گواستنەوەی گشتی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و زیادبوونی زبڵ و خاشاك و کەمیی ڕێژەی سەوزایی و زۆربوونی پرۆژەکان لەسەر حیسابی سەوزایی و ناهۆشیاریی بەشێك لە هاوولاتیان لە بەرانبەر پرسی ژینگە، بە شێوەیەکی گشتی ئەمانە کۆمەڵێك ئاستەنگ و گرفتی ژینگەیین، چارەسەرنەکردنیان ڕەوشی ژینگە دەباتە قاڵبێکی مەترسیدارەوە، کە ڕەنگە لە داهاتوو باجی ئەم کێشانە بدەین.

کێشەیەکی دیکەی پیسبوونی ژینگە لە ئیدارەی سۆران ئەوەیە کە ناوچەیەکی گەشتیارییە، بەمەش گەشتیاری زۆر بە عەلاگەوە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن و ماددەی زۆری پلاستیکی دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن، کە ئەمەش هۆکارێکی مەترسیدارە و کاریگەریی خراپ بەسەر ژینگە و خاك و کشتوکاڵی ناوچەکە جێ دەهێڵێت.

ئەم دەڤەرە سرووشتێکی جوانی چیای سەرکەشی هەیە، ئەوجا ئەگەر لەناو ئەم سرووشتە جوانەدا ئێمەش وەك هەولێر تەنیا دوو پاڵاوتگەی نایاساییمان هەبوایە، تووشی کێشەیەکی گەورەی پیسبوونی هەوا دەبووینەوە، لەبەر ئەوەی وەك دەڵێن هەولێر دەشتە و دووکەڵەکە بڵاو دەبێتەوە، بەڵام لێرە هەمووی چیایە حاڵەتی خنکاندن دروست دەبێت، بەڵام خۆشبەختانە ئێمە توانیمان ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین و ڕێگەمان نەداوە ئەو پاڵاوتگانە لەم سنوورە هەبن، تەنیا چەند کارگەیەك هەن ئەویش بەپێی یاسا مەرجە ژینگەییەکانیان بە سەردا جێبەجێ دەکەین.

ئێمە ئێستا لە سۆران بۆ ڕێگری لە پیسبوونی هەوا و بە مەبەستی کەمکردنەوەی جەنجاڵی و پاراستنی ژینگە لە ماددە پیسکەرکانی ژینگە، سیستمی تەکسیی تەلەفۆنی بۆ گواستنەوەی هاوولاتییان پیادە دەکەین.

ئەوەی جێگەی داخە لە ئیدارەی سۆران بۆ هەندێك کار و پیشە و کردنەوەی باڵەخانەی نوێ، بە بڕینی داری گەورەی بەتەمەن لە پێش دووکان و مارکێت و باڵەخانەکان کێشە بۆ ژینگە و سەوزایی دروست دەکەن، هەرچەندە هەندێك جار بە ئاگاداریی شارەوانی ئەنجام دەدرێت و مۆڵەت لە شارەوانی وەردەگیرێت، کە لەبری بڕینی دارەکە چەند نەمامێك لە شوێنێکی دیکە دەڕوێنێتەوە، بەڵام ئەمەش چارەسەر نییە، چونکە دەبێتە نەریتێکی باو هەر کەسێك لای خۆیەوە داری پێش ماڵ و باڵەخانە و مۆڵ و مارکێتی خۆی دەبڕێتەوە، بۆیە دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێت و ناکرێت دارێك تەمەنی دەیان ساڵە بە چاندنی چەند نەمامێکی بچووك قەرەبوو بکرێتەوە.

لە کوردستان پێنج جۆری دار بەڕوو هەیە و جۆری (مەکرانسێرا، یان قەوقازی، شادار) مەترسی لەناوچوونی لەسەرە، بەهۆی گۆڕانەکانی کەشوهەواوە تەنیا نزیکەی ١٠ دانەیەکی لێ ماوەتەوە، لە هەرێمی کوردستان ئەو ١٠ دانەیەش دەکەونە شاخی حەسەن بەگ لە دەڤەری برادۆست/ لە ئیدارەی سۆران، کە لە ماوەی ڕابردوودا دامەزراوەی ڕووەکیی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیکەی نێودەوڵەتی سەردانیان کردین، لەوێ پێیان گوتین لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە کوردستان ئەم جۆرە دارە هەیە، لە ئیدارەی سۆران زیاتر لە ٤٠٠ جۆر ڕووەکی دەگمەن هەن کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی کوردستان نییە، کە هەتا ئێستا سوودمان لێ وەرنەگرتووە، بەڵام کاتێك وەك شاندی کوردستان سەردانی وڵاتی چینمان کرد، بینیمان ئەوان سوود لە هەموو گیا و ڕوەکێکی خۆیان وەردەگرن.

ئەم جۆرە دارانەی باس کران، زۆربەیان کەوتوونەتە ئەم سنوورە، پرسیار ئەوەیە چۆن بتوانین دارەکانی ئەو چیایە بپارێزین لە کاتێکدا پۆلیسی دارستان و ژینگە میلاکی پێویستییان نییە، فەرمانگەی ژینگەش وەك باسمان کرد تەنیا ئۆتۆمبێلێکی هەیە.

لەم گفتوگۆیەدا باس لە داتا کرا، ڕاشکاوانە دەڵێم هەتا ئێستا هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەك داتایەکی تایبەت بە ژینگەی کوردستانی نییە، قوتابییانی زانکۆ سەردانی فەرمانگەی ئێمە دەکەن و داوای داتامان لێ دەکەن، بەڵام جگە لە داتای ڕێژەیی هیچ داتایەکی دروستمان لەبەردەست نییە، بۆیە ئەم پرسە دەبێت هەموومان بەیەکەوە کاری لەسەر بکەین و ناکرێت وەك فەرمانگەی ژینگە و دامەزراوەکانی دیکە داتای تایبەت بەخۆمان نەبێت.

سرووشتی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران جیاوازە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ئێمە لە چوار وەرزی ساڵدا گەشتیارمان هەیە، لە هەر چوار وەرزکە ئێمە کێشەی ژینگەییمان هەیە،

**لە ئیدارەی سۆران بۆ هەندێک کار و پیشە و کردنەوەی باڵەخانەی نوێ، بە بڕینی داری گەورەی بەتەمەن لە پێش دووکان و مارکێت و باڵەخانەکان کێشە بۆ ژینگە و سەوزایی دروست دەکەن**

**لە ئیدارەی سۆران زیاتر لە ٤٠٠ جۆر ڕووەکی دەگمەن هەن کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی کوردستان نییە، کە هەتا ئێستا سوودمان لێ وەرنەگرتووە**

**قوتابییانی زانکۆ سەردانی فەرمانگەی ئێمە دەکەن و داوای داتامان لێ دەکەن، بەڵام جگە لە داتای ڕێژەیی هیچ داتایەکی دروستمان لەبەردەست نییە**

بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا کە خۆتان دەزانن ئیدارەی سۆران ناوچەیەکی زۆر سارده و خەڵك ناچار دەبێت بۆ خۆ گەمکردنەوە پەنا بۆ داربڕینەوە ببات، پرسیار ئەوەیە ڕاستە دەستپێك حکومەت دابەشکردنی نەوتی سپیی لە ناوچە شاخاوییەکانی ئێمەوە دەست پێ دەکات، بەڵام کاتێ ١٠٠ لیتر نەوتی بەغدا دێت بە شێوازێك دابەش دەکرێت کە هاووڵاتیانی هەریر و شەقڵاوە وەری دەگرن، هێشتا هاووڵاتیانی ئیدارەی سۆران وەریان نەگرتووە، ئەمە لە کاتێکدا بۆ ئەوەی ڕێگە لە داربڕین بگرین و ڕێگە نەدەین ڕێژەی سەوزایی کەم ببێتەوە، هەر ماڵێك لە وەرزی زستاندا لە ناوچە شاخاوییەکانی ئیدارەی سۆران پێویستی بە پێنج بەرمیل نەوت دەبێت.

وێڕای هەموو ئەمانە، بەشێك لە ناوچە سنوورییەکانی ئەم دەڤەرە بەردەوام لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە بۆمبباران دەکرێن، بۆ ئەمەش دەبێت گوشار بخەینە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کارێك بکات و هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە، کە ڕێز لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بگرن و سەروەریی عێراق پێشێل نەکەن.

سەبارەت بە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی، ئێمە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە پرۆژەی «لەبری سەوزکردن»مان هەیە، ئەم پرۆژەیە خزمەتێکی گەورە بە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی دەکات، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستن، ڕێژەی سەوزایی لە هیچ شارێکی کوردستان نەگەیشتووەتە ئاستی ستاندەری جیهانی، بۆیە پێویستە کاری زیاتر لەسەر ئەم پرۆژەیە بکەین.

لیژنەی «لە بری سەوزکردن»ی فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سۆران پێك هێنراوە، بۆ ئەو کارگە و پرۆژانەی کە شوێنی چاندنیان نییە و دامەزراون و بوونەتە ئەمری واقع، بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان دەبێت لە شوێنێکی دیکە هەڵسن بە چاندنی ئەو ڕێژە سەوزاییەی کە بۆیان دیاری کراوە، چونکە مۆڵەتی ژینگەییان پێ نادرێت، تا ئەو ڕێژە سەوزاییەی بۆیان دیاری کراوە، جێبەجێی نەکەن، ئەمەش بە پاڵپشت بە ماددەی (١٣)ی حوکمە کۆتاییەکانی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢٤)ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم، بۆیە وەك فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سۆران لە دەستپێکی ساڵی کارکردنمانەوە هەوڵی تەواو دەدەین بۆ زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا سۆران بووەتە ئیدارەی سەربەخۆ، بە خۆشحاڵییەوە لە لایەن سەرۆکی حکومەتەوە بەردی بناغەی پرۆژەی پارکی نیشتمانی دانراوە کە ٣٨٠ دۆنمە و پارکی ناو شار ١٠ دونم و پارکی کۆرنیش لە کاولۆکان ٤٦٤ دونمە، ئەمانە بکەونە بواری جێبەجێکردن، ڕێژەی سەوزایی لە قەزای ناوەندی سۆران دەگاتە ئاستی ستاندارد، بۆیە ئێمە وەك فەرمانگە پاڵپشتی و چاودێریی تەواوی ئەو پرۆژانە دەکەین لەپێناو زیادبوونی ڕێژەی سەوزایی، بۆ ئەوەی بتوانین لایەنی کەم قەرەبووی ئەو لەناوچوونە سەوزاییە بکەینەوە کە ساڵانە لە ئیدارەی سۆران ڕوو دەدات، جگە لەوەی لە سنووری ئیدارەی سۆران ناشناڵ پارکی «هەڵگورد - سەکران»مان هەیە، کە نۆزدەهەمین ناشناڵ پارکە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام نەمانتوانیوە وەك ناشناڵ پارکێکی نێودەوڵەتی بە تەواوی بیپارێزین، یان چەند گۆمێکی دەگمەن وەك گۆمی فێلاو و بێرمەسارد و بێکودیان و چەندانی دیکە ئەوانیش بە هەمان شێوەن.

ژیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە ژینگەوە هەیە، ژینگەیەکی پاکوخاوێن و دوور لە مەترسیی پیسبوون، لە پێویستییە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ و ژیانە، هەر تاکێکی کۆمەڵگەش بەرپرسیارە لە پاکڕاگرتنی ژینگە، بەلای کەمی دەوروبەرەکەی فێری ڕەفتاری پاکڕاگرتنی ژینگە بکات و لە خێزانەوە دەست پێ دەکات، چونکە پێویستە خێزان بەرپرسیارانە و پەروەردەیەکی ژینگەدۆستەوە ڕۆڵەکانیان پەروەردە بکەن.

هەموومان دەزانین پیسبوونی ژینگە هۆکارێکی سەرەکییە لە گۆڕانی کەشوهەوا و وشکبوونی زەوی و بەرزبوونی پلەی گەرما و کارەساتی سرووشتیدا، سەرباری هەموو ئەوانەش هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی چەندان نەخۆشی.

ئەگەر بێینە سەر باسی لایەنە پەیوەندیدارە بەرپرسەکان بە هۆشیاریی ژینگەیی، بە مەزندەی من چەند لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە کە گرنگترینیان خێزان و پەروەردەیە، کە دەبێت لە ناوەندەکانی خوێندنی پەروەردەیی و خوێندنی باڵادا بابەتی ژینگە زەق بکرێتەوە و گرنگیی زیاتری پێ بدرێت.

**بۆ ئەوەی ڕێگە لە داربڕین بگرین و ڕێگە نەدەین ڕێژەی سەوزایی کەم ببێتەوە، هەر ماڵێك لە وەرزی زستاندا لە ناوچە شاخاوییەکانی ئیدارەی سۆران پێویستی بە پێنج بەرمیل نەوت دەبێت**

**بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستن، ڕێژەی سەوزایی لە هیچ شارێکی کوردستان نەگەیشتووەتە ئاستی ستاندەری جیهانی، بۆیە پێویستە کاری زیاتر لەسەر ئەم پرۆژەیە بکەین**

**لە سنووری ئیدارەی سۆران ناشناڵ پارکی «هەڵگورد - سەکران»مان هەیە، کە نۆزدەهەمین ناشناڵ پارکە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام نەمانتوانیوە وەك ناشناڵ پارکێکی نێودەوڵەتی بە تەواوی بیپارێزین**

بۆیە گرنگە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا پاراستنی ژینگە لە ئەستۆی کێدایە؟

یەکەم: لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و فەرمانگەکانی سەر بەو دەستەیە، دامەزراوەکانی دیکەی ژینگە لەم گفتوگۆیەدا هەموو هۆکارەکان دەستنیشان کران و پێویست نییە دووبارەیان بکەمەوە.

دووەم: مامۆستایانی ئایینی لە بواری هۆشیاریی ژینگەییدا ڕۆڵی خۆیان بینیوە، بەڵام پێویستە ڕۆڵێکی گەورەتر و زیاتر بگێڕن و تەنیا لە بۆنە ئایینی و نیشتمانییەکاندا باسی ژینگە نەکەن، بەڵکو پێویستە لە هەموو گوتارەکانیاندا بەشێکی بۆ هۆشیاریی ژینگەیی تەرخان بکەن.

سێیەم: هۆیەکانی ڕاگەیاندن (بە بینراو، بیستراو و خوێنراو)ـەوە، هێندەی بایەخ بە ڕیکلامێك دەدەن لەبەر دەستکەوتنی داهاتێك بۆ خۆیان، ئامادە نین باسی ژینگە بکەن، یان ڕیکلامێك بۆ هۆشیاریی ژینگەیی دروست بکەن و ڕۆژانە پەخشی بکەن، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن زۆر بایەخ بە کۆڕ و کۆبوونەوە ژینگەییەکان نادەن، بەڵام ئامادەن شتی زۆر سادە ڕووماڵ بکەن و خەڵکی پێ سەرقاڵ بکەن. ڕاگەیاندن وەك دەسەڵاتی چوارەم بەردەوام ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە ژیانی خەڵکدا و هۆکارێك بووە بۆ گواستنەوەی پەیامی حکومەت بۆ خەڵکی و بە پێچەوانەشەوە.

چوارەم: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بە ژینگەپارێزی، ڕێکخراوەکان لایەنێکی دیکەن کە بەرپرسن لە پارستنی ژینگە، بەتایبەت ڕێکخراوە ژینگەییەکان، چونکە ڕێکخراوەکان زیاتر تێکەڵاو بە خەڵکی دەبن و ڕۆڵی کاریگەریان لە گەیاندنی هۆشیاریی ژینگەیی و پاراستنی ژینگەدا هەیە. من خۆم ماوەی ١١ ساڵ خۆبەخش بووم و لەو ڕێکخراوانە کارم کردووە، بۆیە دەبێت ئێمە زۆر پشتگیریی ئەو ڕێکخراوە ژینگە پارێزانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین و لەو ڕێگەیەدا فشاری مەدەنی بۆ سەر حکومەت و ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرس لە گیروگرفتە ژینگەییەکان دروست بکرێت.

پێنجەم: هاووڵاتی داوی ئەوەی کە حکومەت هەستا بە ئەرکی خۆی لە دانانی یاسای تایبەت بە پاراستنی ژینگە و لە ڕێگەی لایەنەکانی دیکەوە ئەم پەیامەی بە هاووڵاتی گەیاند، ئەو کات ئەرکی هاووڵاتی لە پاراستنی ژینگەکەی دەست پێ دەکات، چونکە بۆی ڕۆشن بووەتەوە کە ئەم ژینگەیە تەنیا موڵکی کەسێکمان نییە، بەڵکو بۆ هەموانە، بە رووەك و گیانەوەرەکانیشەوە، بۆیە دەبێت بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین وەك ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانپەروەری، بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش و تەندروستییەکی باشمان هەبێت، هەروەها ژینگەیەکی لەبار دروست بکەین بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

کەواتە لێرەوە گەیشتینە ئەوەی کە ئەرکی پاراستنی ژینگە تەنیا لە ئەستۆی یەك لایەندا نییە، بەڵکو لە ئەستۆی هەمووماندایە، چونکە ژینگە بۆ هەموانە.

لە کۆتاییدا باس لەوە دەکەم هەروەك لای هەمووان ئاشکرایە کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا تووشی تێکچوونی سیستمی ژینگەیی بوو، چونکە هەموو هێرشەکانی سوپای بەعس هۆکاری وێرانکردنی سیستمی ژینگەیی بوون لە هەرێمی کوردستاندا، بەگشتی کۆمەڵگەی گوندنشینانی کوردستان کۆمەڵگەی ژینگەپارێز بوون، کە خاوەنی کەلتوورێکی خۆرسك بوون، تەنانەت ئێستا جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان گوندنشینەکانی پێش ئەنفال و دوای ئەنفال، گوندەکانی پێش ئەنفال بەشێك بوون لە سرووشتی کوردستان، بۆ نموونە پێش ئەنفال خانووی قوڕ هەبوو، کە هیچ زیانێکی نەبوو بۆ ژینگە، چونکە وزەیەکی کەمی تێدا بەکار دەهێندرا و گازی گەرمکەرەوەی نەبوو بۆ کەشوهەوا، بەڵام گوندەکانی ئەمڕۆ هەموویان بوونەتە کۆنکرێت.

لە ئیدارەی سۆران لە بەشێکی گوندەکاندا سیستمی وزەی خۆر دانراوە، ئەمەش سوودی خۆی هەبووە، بۆیە گرنگە بۆ پاراستنی ژینگە لە گوندەکاندا بگەڕێینەوە پێش سەردەمی ئەنفال، بۆ ئەوەی تووشی کۆچ نەبین لە گوندەوە بۆ شار، چونکە ئەمە کارەسات دروست دەکات.

لە کۆتاییدا ئەم وتەیەی (یۆکۆ وەن) لە بارەی ژینگەوە بیرتان دەهێنمەوە کە دەڵێت: «هەموو دڵۆپێکی ئاو بۆ دەریا گرنگە»، بۆیە دووبارە سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەم بازنەگفتوگۆیەدا ئێمەی کۆکردەوە، هەموو ئەم دڵۆپانە بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان گرنگن.

**هۆیەکانی ڕاگەیاندن (بە بینراو، بیستراو و خوێنراو)ـەوە، هێندەی بایەخ بە ڕیکلامێک دەدەن لەبەر دەستکەوتنی داهاتێک بۆ خۆیان، ئامادە نین باسی ژینگە بکەن، یان ڕیکلامێک بۆ هۆشیاریی ژینگەیی دروست بکەن و ڕۆژانە پەخشی بکەن**

**کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا تووشی تێکچوونی سیستمی ژینگەیی بوو، چونکە هەموو هێرشەکانی سوپای بەعس هۆکاری وێرانکردنی سیستمی ژینگەیی بوون لە هەرێمی کوردستاندا**

**ئێستا جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان گوندنشینەکانی پێش ئەنفال و دوای ئەنفال، گوندەکانی پێش ئەنفال بەشێک بوون لە سرووشتی کوردستان**



د.سیراج محەمەد

پسپۆڕی تەندروستی و ژینگە لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر:

# هەتا ئێستا لە پرۆسەی ئیدارەدانی ژینگەدا سەرکەوتوو نەبووین

د.سیراج محەمەد، سەرۆکی بەشی تەندروستی و ژینگەی کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر بووە، ئێستاش مامۆستایە لە هەمان زانکۆ و یەکێکە لە ئەکادیمیست و پسپۆڕە دیارەکانی زانستی تەندروستی و ژینگە، لەم بوارەشدا جیا لە بواری ئەکادیمی و زانستی، لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەندامی ڕێکخراوی «یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی سرووشت – IUCN» بووە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان»، بەشێوەیەکی زانستییانە هەڵوەستەی لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان کرد و بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستەڕوو.

کاتێك بیر لە گرفتە ژینگەییەکان دەکەینەوە، بە شێوەیەکی گشتی گرفتەکان بەسەر سێ سێکتەردا دابەش دەکەین، «پیسبوونی ئاو، پیسبوونی خاك، پیسبوونی هەوا»، بەڵام گرفتی سەرەکیی ئێمە لە شێوازی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردنمانە لەگەڵ ژینگە، گەلێك جار لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەم پرس،ە هەندێك گرفتمان هەیە کە بە هەمان شێوە ژینگە پیس دەکات، بەبێ ئەوەی بیرمان لێ کردبێتەوە. بۆ نموونە کاتێك ئێمە پاشماوە ڕەقەکان فڕێ دەدەین، یان لە شوێنێك کۆیان دەکەینەوە، دەبینین بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان و بەتایبەتی لە شاری هەولێر هیچ چارەسەرێکمان بۆ نەدۆزیوەتەوە و ئەو پاشماوانە دەخەینە ژێر خۆڵەوە و ناپرسین ئایا چ گرفتێکمان بۆ دروست دەکەن؟ کە لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم چەند گرفتمان بۆ دروست دەکات:

١. ئەو پاشماوە ڕەقانە گرفتی پیسبوونی خاکمان بۆ دروست دەکات.

٢. گرفتی پیسبوونی هەوامان بۆ دروست دەکات بەتایبەتی لەکاتی سووتان و کەوتنەوەی ئاگر، یان شیبوونەوەی بەشێك لەو پاشماوانە.

٣. پیسبوونی ئاویشمان بۆ دروست کە ئەویش ئاوی ژێر زەوییە.

لایەنێکی دیکە و سەرچاوەی سەرەکیی پیسبوونی هەوا بەکارهێنانی زۆری سووتەمەنییەکانە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش بە ڕێژەیەکی لە ڕاددەبەدەر سووتەمەنی بەکار دەهێنین، کە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا بەکارهێنانی سووتەمەنییەکانە. ئەمەش بەو مانایەی کاتێك سووتەمەنی بەکار دەهێنین، ئەو سووتەمەنییە هەواکە پیس دەکات، دوای ئەوەی هەواکەمان پیس کرد، لەگەڵ هەڵم یەك دەگرێت و دێتەوە سەر زەوی، ئەوەش مانای وایە خاك و ئاوەکەشمان بۆ پیس دەکات. سەرباری ئەمانەش گۆڕینی کەشوهەواش دروست دەکات. ئەمە بێجگە لەوەی ئەو ئامێرانە هەمووی جەنجاڵی و ژاوەژاو دروست دەکات، کە ئەمەشیان کاریگەریی نەرێنی لەسەر تەندروستی دروست دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا خاڵی سەرەکی کە دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، لەو قسەیەی مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق دەست پێدەکەم کە ئاماژەی بەوە کرد، پێگەی ژینگە لە هەرێمی کوردستان پێشتر لەسەر ئاستی وەزارەتێك بووە، ئێستا دابەزێنراوە بۆ ئاستی دەستەیەك، ئەمەش مانای ئەوەیە بایەخی ژینگە لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی وەزارەت هاتووەتە خوارەوە، ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە بایەخپێدانەکەشی هێنراوەتە خوارەوە.

هەر لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی ژینگە لەم گفتوگۆیە، باس لە یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی سرووشت «IUCN» کرا. من لە دوای ساڵی ٢٠١٧وە کە بوومە سەرۆکی بەشی زانستی تەندروستیی ژینگە، ئەم بەشە بووینە بەشێك لە «IUCN» و، ساڵانە ئەندامیەتی و یەکەم ساڵیش خۆم دابینم کرد. لەسەر ئەم پرسە جارێك لەگەڵ مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق سەرۆکی دەستەی پاراستن و ژینگە باسمان کرد و گوتی: لەوانەیە زیاتر پێویستمان بەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ببێتەوە، بۆ پڕۆژەکانی گۆرانکاریی کەشوهەوا لەوانەیە سوودبەخش بێت. بەڵام پێش چەند مانگێك بە ئیمێلێك ئاگاداریان کردینەوە کە ئەندامیەتی ئێمە هەڵپەسێراوە لەبەر ئەوەی چەند ساڵێکە ساڵانەمان نەداوە.

لە ساڵی ٢٠٢١ کە ئەوکات سەردەمی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بوو، دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت بۆ ماوەی ١٠-١٥ خولەك لەگەڵ «ڕازان خەلیفە ئەلمبارك» کە ببووە سەرۆکی «IUCN» قسەی لەگەڵ بکەم بۆ ئەوەی بتوانین بۆ بوارەکانی ڕووپێویی «ڕووەك، ئاژەڵ، شیردەرەکان و...هتد» سوود لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە وەربگرین، لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هیچ توێژینەوەیەکی دوورمەودا نەکراوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە پێشتر سەنتەری عێراق نەیچەر کردوویەتی، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکەم سەری نەگرت.

هەر لەم گفتوگۆیە باس لە هاریکاری و هەماهەنگیی نێوان هاووڵاتی و حکومەت کرا، بەڵام ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم هەماهەنگی و هاریکارییە لە حاڵەتێکی باشدا نییە، لەمەش زیاتر باس دابینکردنی بوودجە کرا، یەکەم شت بۆ ئەوەی هەوڵەکان سەرکەوتوو بێت، پێویستە

**ئێمە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش بە ڕێژەیەکی لە ڕاددەبەدەر سووتەمەنی بەکار دەهێنین، کە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا**

**ئەگەر لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران لایەنێک نەبێت، هەموو وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە، بێگومان پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت**

**بەشێکی زۆر گرنگی سەرکەوتنی پلانەکە دەکەوێتە سەرشانی ئەو لایەنەی چاودێریی جێبەجێکردنی پرۆسەکە دەکات**

**پرسی بەڕێوەبردنی پاراستنی ژینگە پێویستی بە ئەزموون و پسپۆڕیی کەڵەکەبوو هەیە**



**دەبێت بیر لە دانانی کەسی شیاوی خاوەن ئەزموون لە شوێنی گونجاوی خۆی بکەینەوە**

ئێمە پڕۆپۆزەڵی باش ئامادە بکەین، ئەمەش پێویستی بە داتا و زانیاریی دروستە، بۆیە ئەم گرفتەش چارەسەر نەکرا، یان زۆر وەك ئەو گرفتی پیسبوونی هەوایەی «PM.2.5» د.گەلاوێژ باسی کرد، لەسەر ئەم پرسە خۆم لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی هەرێم گوێم لێ بووە، خەڵك هەبووە بە نەزانی باسی ئەم ڕێژانەی کردووە و باسی هەندێك گرفت دەکەن و خەڵك دەترسێنن و مەسەلەکەش بەوجۆرە نییە، لە کۆی ئەم قسانە دەمەوێت بڵێم، لە پرۆسەی ئیدارەدانی ژینگەدا سەرکەوتوو نەبووین.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەوەیە کە هەموو ئەو بەڕێزانەی لەم گفتوگۆیە کۆبووینەوە، هەر یەکەیان بە ڕێگەی ڕێکخراوێك، یان دامەزراوەیەك، یان تەنانەت هەوڵی تاکەکەسیش هەوڵی خۆیان داوە بۆ ئەوەی کار بۆ پاراستنی ژینگە بکەن، بەڵام ئەم هەوڵانە بەم شێوە پەرتەوازییە قەت سەرکەوتوو نابێت، بۆیە ئەگەر دەستەی ژینگە کرایەوە بە وەزارەت ئەوە زۆر باشە، بەڵام ئەگەر نەکرایەوە بە وەزارەت و هەر بەدەستە مایەوە، ئەوا دەبێت لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران ناوەندێك دروست بکرێت بۆ بەڕێوەبردنی ژینگە، هەر بۆ نموونە ئێمە کاتێك باسی ستراتیژیەتی ژینگە دەکەین، ئایا ژینگەی ستراتیژی مانای چییە؟ بێگومان مانای ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت پلانێکمان هەبێت، ئەو پلانە جێبەجێ بکەین، بەڵام دەبێت پێداویستیی ئەم جێبەجێکردنەش دابین بکرێت، بۆ نموونە دەبێت ناوەندێك هەبێت کۆی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتە جیاوازەکان وەك «کارەبا، سامانە سرووشتییەکان، خوێندنی باڵا، دەستەی ژینگە و.. هتد» هەموویان پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە هەوڵەکانیان یەك بخەن و ئەو پلانەی مەبەستە جێبەجێی بکەن.

لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە و چەندین جاریش لەم گفتوگۆیە ئاماژەیان پێکرد، مەسەلەی بایەخدانە بە «هۆشیاریی ژینگەیی». بێگومان دانانی پلان بۆ ئەم پرسە گرنگە، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن جێبەجێ دەکرێت؟ ئایا بە دەستەی ژینگە بە تەنیا ئەمە جێبەجێ دەکرێت؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی ئیمکانیەتی پێویستی لەبەر دەست نییە، لە هەمان کاتدا پرسەکە پرسێکی



فره ڕەهەندە و زۆر لایەنی دیکەش دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران لایەنێك نەبێت، هەموو وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەژێر یەك چەتردا کۆبکاتەوە، بێگومان پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت.

لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکان، لایەنی چاودێریکردنە، کە بە مەزندەی من بەشێکی زۆر گرنگی سەرکەوتنی پلانەکە دەکەوێتە سەرشانی ئەو لایەنەی چاودێریی جێبەجێکردنی پرۆسەکە دەکات و زۆر گرنگە ئەو لایەنەی ئەرکی چاودێریکردنەکە لە ئەستۆ دەگرێت، بڕیار بەدەست بێت و توانای بڕیاردانی هەبێت، ئەمەش واتە ئەگەر لەکاتی جێبەجێکردندا بە ئاراستەیەکی هەڵە جێبەجێ کرا و لایەنێك نەبوو چاودێری بکات و هەڵەکە ڕاست بکاتەوە، ئەوا پرۆسەکە سەرەنجام بە کەموکورتی کۆتایی دێت و شکست دەهێنێت و، دەبێت جارێکی دیکە لە سفرەوە دەستی پێ بکەینەوە. بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە نەبینەوە، ئەوا دەبێت بیر لە دانانی کەسی شیاوی خاوەن ئەزموون لە شوێنی گونجاوی خۆی بکەینەوە.

من ناڵێم بایەخ بە توانا و لێهاتوویی گەنجەکان نەدرێت، بەڵام پرسی بەڕێوەبردنی پاراستنی ژینگە پێویستی بە ئەزموون و پسپۆڕیی کەڵەکە بوو هەیە، هەروەها زۆر گرنگە ئاستی بەڕێوەبردنی ژینگە ڕاستەوخۆ گرێ درابێتەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و بڕیارەکانی پابەندبوونی لەسەر بێت، وەزارەتێك نەڵێت من جێبەجێی ناکەم، یان بۆچی خۆم جێبەجێی نەکەم، بۆیە کە ئاستی بەڕێوەبردنی ژینگە چووە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکان ناچار دەبن بە بڕیارەکانی ئەو ناوەندە پابەند بن و، هەوڵەکان یەك دەخرێن بۆ ئەوەی ئەو پلان و ستراتیژییەی بۆ بەڕێوەبردنی ژینگە دانراوە، وەك خۆی جێبەجێ بکرێت.

هەتا ئێستا ئەوەی دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان جۆرێك لە پەرتەوازەیی پێوە دیارە و نەتوانراوە کۆی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە سێکتەرەکانی ژینگە پێکەوە کۆبکرێنەوە و بەیەك ئیرادە بۆ یەك ئامانج کە ئامانجی پاراستن و چاککردنی ژینگەیە ئاراستە بکرێن و ئامانجە ستراتیژییەکەمان جێبەجێ بکەین.

**کە ئاستی بەڕێوەبردنی ژینگە چووە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکان ناچار دەبن بە بڕیارەکانی ئەو ناوەندە پابەند بن**




**د.شارا کەمال**

سەرۆکی بەشی تەکنەلۆژیای پەترۆڵ لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی هەولێر:


# مافی نەوەکانی داهاتووشە کە ئێمە ژینگەیەکی پاکیان تەسلیم بکەین

د.شارا کەمال، سەرۆکی بەشی تەکنەلۆژیای پەترۆڵە لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی هەولێر و، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە پسپۆڕیی وزەی نەوت و گاز لە زانکۆی نۆتینگهامی بەریتانیا. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان)، وەك ئەکادیمیست و پسپۆڕێك لە بواری پاراستنی ژینگە بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستەڕوو.

سەرەتا دەخوازم لەو هۆکارانەوە بێمە سەر ئەم پرسە گرنگە کە هۆکارن بۆ پیسبوونی ژینگە و بەشێکیان پێش من لەم گفتوگۆیە ئاماژەیان پێکرد، وەك فڕێدانی پاشماوەکان بەبێ کۆنترۆڵ، سووتاندنی پاشماوە پزیشکییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی ستاندەرەکان، پیسکردنی ژینگە بە پاشماوە پلاستیکییەکان کە هەرگیز شی نابنەوە و لەناو ئاو و خاك دەمێننەوە، تێکەڵبوونی پاشماوەی پیشەسازی لەگەڵ ئاوەڕۆی گشتی، یان تێکەڵاوبوونی ئاوەڕۆ بە سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکان، واتە تێکەڵبوونی ئاوی پاك و پیس، کە ئەمە کاریگەری لەسەر ئاوی ژێر زەویش دروست دەکات. هەموو ئەمانە ئەو سەرچاوانەن کە هەموو سێکتەرەکانی ژینگە وەك «هەوا، خاك، ئاو» پیس دەکەن.

خاڵی گرنگ بۆ ڕێگرتن لە پیسبوونی ژینگە ئەوەیە کە یاسای ژینگە زۆر بە توندی لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ بکرێت. ئەو یاسایەی ئێستا هەمانە بەشێکی ماددەکانی پێویستی زۆری بە هەموارکردنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا زیاتر بوون، بۆیە یاسای ژینگەش پێویستی بە ئەپدەیت و نوێکردنەوە هەیە.

خاڵێکی دیکە کە گرنگە بۆ پاراستنی ژینگە ئاستی ڕێژەی سەوزاییە لە وڵاتدا و لە ڕاپۆرتە مەیدانییەکەشدا ئەم پرسیارە ورووژێنرابوو، بەپێی ستاندەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی «WHO» دەبێت بۆ هەر تاکێك نۆ مەتر دووجا سەوزایی هەبێت، بەپێی ئەو داتانایەی لەبەر دەستن، کە نازانین ١٠٠٪ تەواون، یان نا، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەو ڕێژەی سەوزایی لە پارێزگاکانی کوردستان (هەولێر، سلێمانی ودهۆك) دەگاتە پێنج مەتر دووجا بۆ هەر تاکێك، ئەمەش مانای ئەوەیە کەمترە لەو پێوەرە جیهانییەی بۆ ڕێژەی سەوزایی دیاری کراوە.

بەرزیی ڕێژەی سەوزایی زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی سەوزایی کاربۆن هەڵدەمژێت واتە «car-bon capture» و ئۆکسجین دەداتەوە و تێکەڵی هەوا دەبێتەوە، لەمەش زیاتر سرووشتی دار بەو جۆرەیە ئاستی شێ و ئاوی ناوخاك لە شوێنی خۆی ڕادەگرێت، هەروەها دارستان هۆکاریکە بۆ پاراستنی سیستمی ژینگە «ecosystem».

خاڵێکی دیکە کە بۆ پاراستنی ژینگە زۆر گرنگە، هاریکاری و هەماهەنگیی نێوان هاووڵاتیان و حکومەتە، بێگومان ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە نە حکومەت و نە هاووڵاتیان ناتوانن بە تەنیا ژینگە بپارێزن، بەڵکو پێویستیان بە هەماهەنگی و هاریکاری هەیە، بەڵام پشکی گەورەی ئەو ڕۆڵە دەکەوێتە سەر هاووڵاتیان، هەر بۆ نموونە:

- پێشان ئەرکی دایك و باوکان ئەوە بوو منداڵەکەی بە جوانی بەخێو بکات، پاشان پەروەردەی بکات و فێری خوێندنی بکات، بەڵام لە ئێستادا ئەرکێکی دیکەی بۆ زیاد بووە، ئەویش ئەوەیە دەبێت پاکیشی بۆ ئامادە بکات، لەمەدا تەنیا مەبەستم ژینگەیماڵەوە نییە، بەڵکو ژینگەی هەموو وڵاتە، بۆیە کاتێك بیر لە ئایندەی منداڵەکانمان و نەوەی داهاتوو دەکەینەوە، ئەوا چۆن ئێستا خۆمان مەبەستمانە کە ژینگەیەکی پاکمان هەبێت و لەناو ژینگەیەکی پاکدا بژین، کە لەوانەیە مەزندەکان بەو ئاستە بێت تا ئێستا باش بین، ئەوا مافی نەوەکانی داهاتووشە کە ئێمە ژینگەیەکی پاکیان تەسلیم بکەین.

- ئەم گفتوگۆیە بە دەرفەت وەردەگرم بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە پەیامێك ئاراستەی هەموو خەڵك بکەم و پێیان دەڵێم: «ئەو خاکەی لەسەری دەژین، ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە، ئەو هەوایەی هەناسەی پێ دەدەین، ئەمانە هەمووی ئەمانەتن و دەبێت بە باشی مامەڵەی لەگەڵ بکەین و ڕێزی بگرین و بیپارێزین بۆ نەوەکانی داهاتوومان. سرووشتی خاکی کوردستان وایە، شاخ و ڕووبار و دەشتی جوان و بەپیتن، بەڵام ئەمڕۆ دارستانەکانمان بچووك دەبنەوە، ئاوەکانمان وشك دەبن، دەشتەکانمان خەریکە ڕووبەڕووی بە بیابانبوون دەبنەوە، بۆیە دەبێت هەر یەکەمان لە خۆمانەوە دەست پێبکەین و ڕێگە نەدەین سیمای جوانی سرووشتی کوردستان تێکبچێت.

لایەنێکی دیکە کە دەبێتە ئەرکی حکومەت لە پاراستنی ژینگە، لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەی پێدەکەم کە بریتین لە:

- هەموارکردنەوە و بەهێزکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی پاراستنی ژینگە لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا.

- دروستکردنی ناوچەی پارێزراو، جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زەوییە کشتوکاڵییەکان و ڕاگرتنی کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەکارهێنانیان بە مەبەستی پرۆژە و نیشتەجێکردن.

- پەرەپێدانی ئەو شوێنانەی پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاکی لێ کۆدەکرێتەوە و دامەزراندنی کارگەی ڕیسایکلین و شوێنی چارەسەرکردنی پاشماوەکان.

- بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە.

- دروستکردنی هاوکاری و هەماهەنگی

**خاڵی گرنگ بۆ ڕێگرتن لە پیسبوونی ژینگە ئەوەیە کە یاسای ژینگە زۆر بە توندی لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ بکرێت**

**ئەو یاسایەی ئێستا هەمانە بەشێکی ماددەکانی پێویستی زۆری بە هەموارکردنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا زیاتر بوون**

**بە پێی ستاندەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی«WHO» دەبێت بۆ هەر تاکێک نۆ مەتر دووجا سەوزایی هەبێت**

**ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە نە حکومەت و نە هاووڵاتیان ناتوانن بە تەنیا ژینگە بپارێزن، بەڵکو پێویستیان بە هەماهەنگی و هاریکاری هەیە**

**ئەو خاكەی لەسەری دەژین، ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە، ئەو هەوایەی هەناسەی پێ دەدەین، ئەمانە هەمووی ئەمانەتن و دەبێت بە باشی مامەڵەی لەگەڵ بکەین و ڕێزی بگرین و بیپارێزین بۆ نەوەکانی داهاتوومان**

**دەبێت هەر یەکەمان لە خۆمانەوە دەست پێبکەین و ڕێگە نەدەین سیمای جوانی سرووشتی کوردستان تێکبچێت**

لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ژینگە بۆ بونیادنانی توانای کارمەندانی بواری ژینگە.

- سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتان بۆ پرسی پاراستن و چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.

لێرەوە ئەگەر هەماهەنگیی نێوان هاووڵاتی و حکومەت پێکەوە گرێ بدەینەوە، ئەوا لە چەند بوارێکدا دەتوانن هەماهەنگیی زۆر باش بکەن، لەوانە:

١- بەرنامەی هاوبەشی پەروەردەی ژینگەیی

- دەزگاکانی حکومەت وەك «دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، وەزارەتی پەروەردە» دەتوانن بە هاوبەشی لەگەڵ قوتابخانەکان، مزگەوتەکان، ناوەندەکانی گەنجان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کار بۆ فێرکردنی بەها ژینگەییەکان بکەن.

- هاووڵاتیان دەتوانن بە شێوەیەکی خۆبەخشانە بۆنەی تایبەت، یان چالاکیی تایبەت ڕێك بخەن، بۆ بایەخدان بە ژینگە و بەشداری تێدا بکەن.

٢- لیژنە ناوخۆییەکان و ئەنجومەنی گوندەکان

- حکومەتی خۆجێی لە پارێزگاکان دەتوانن لە هەموو قەزا و ناحیەیەك ئەنجومەنێکی ژینگەیی دروست بکەن، هاووڵاتیان دەتوانن بەشداری لەم ئەنجومەنە بکەن بۆ خستنەڕووی نیگەرانییە ژینگەییەکان و خستنەڕووی بۆچوون و پێشنیارەکان، وەك پێویستیی دروستکردنی دارستان و چاودێریکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان.

٣- دروستکردنی بەرپرسیاریەتی هاوبەشی نێوان حکومەت و هاووڵاتی لە بەڕێوەبردنی پاشماوەی خۆڵ و خاشاکدا.

- حکومەت ژێرخانی »حاویە، بارهەڵگر، پرۆژەی ڕیسایکلین» دابین دەکات.

- هاووڵاتیان پاشماوەکان لە یەکتری جیا دەکەنەوە و خۆیان لە فڕێدانی خۆڵ و خاشاکی نایاسایی بەدوور دەگرن.

- هاووڵاتیان و شارەوانییەکان دەتوانن ڕۆژی هەرەوەزی بۆ پاککردنەوەی شار و شارۆچکەکان و کەناری دەریاچە و ڕووبارەکان دروست بکەن.

٤- دروستکردنەوەی دارستانەکان بە سەرپەرشتیی کۆمەڵگە.



- حکومـەت نەمـام، ڕاهێنـان، هانـدان دابیـن دەکات، بـۆ هەڵمەتـی نەمـام چانـدن.

- هاووڵاتیـان چالاکانـە بەشداری لـە هەڵمەتـی نەمـام چانـدن بکـەن، بەتایبەتـی لـەو ناوچانـەی دارسـتانەکان زیانـی گەورەیـان پـێ گەیشـتووە، وەك ناوچەکانـی برادۆسـت و پێنجوێـن.

- خۆبەخشـی ئـەو ناوچانـە کـە هەڵدەسـتن بـە چاودێـری و پاراسـتنی دارسـتانەکان لەلایـەن حکومەتـەوە خـەڵات بکرێـن.

٥- جێبەجێکردنـی یاسـای ژینگەیـی بـە پشـتیوانی ڕای گشـتی.

- حکومـەت یاساکانی «ڕاوکردنـی نایاسایی، بڕینـی دار، پیسـبوونی خـاك و شـێوازی بەکارهێنانـی زەوی» جێبەجـێ دەکات، هێڵێکـی گـەرم دادەمەزرێـت بـۆ ئـەوەی سـەرپێچییە ژینگەییـەکان تۆمـار بـکات.

- هاووڵاتیـان چاودێریـی سـەرپێچییە ژینگەییـەکان دەکـەن، بـە ڕێگـەی هێڵی گەرمـی تۆڕەکانـی سۆشـیال و لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی حکومەتـی لـێ ئاگادار دەکەنـەوە، ئـەم خاڵـە کـە دەبێتـە پاڵپشـتێك بـۆ پۆلیسـی دارسـتان و ژینگـە هەماهەنگـی و متمانـە لەنێـوان فەرمانگـەی پۆلیسـی ژینگـە و خۆبەخشانی پارێزەری ژینگە زیاتـر دەکات.

٦- دابینکردنـی بوودجـەی شـەفاف و پشـتگیریکردنی پـڕۆژەی ژینگەیـی هاووڵاتـی.

- حکومەتـی خۆجێیـی پارێـزگاکان دەتوانـن یارمەتییەکـی بچـووك بـۆ پـڕۆژە ژینگەییـەکان دابیـن بکـەن کە لەلایـەن هاووڵاتیانەوە سەرپەرشتی دەکـەن، وەك «نۆژەنکردنـەوەی باخچـە و پارکـی گەڕەکـەکان، گەشـتیاری ژینگەیـی، باخچـەی قوتابخانـەکان».

- هاووڵاتیـان گـرووپ دروسـت دەکـەن بـۆ بەشـداریکردن لـە پـڕۆژەکان و پاشـان ڕاپۆرتـی خۆیـان لەسـەر ئاکامـی کارەکانیـان دەنووسـن و دەیدەنـەوە حکومـەت.

ئەمانـە هەمـووی ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەکات، کـە پرسـی پاراسـتنی ژینگـە پرسـێکی گشـتییە و دەبێـت لـە بەرژەوەنـدی بـاڵای نیشـتمانەوە مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت و گرنگـە هاووڵاتـی و حکومـەت پێکـەوە هەماهەنـگ بـن بـۆ ئـەوەی ئـەم بەرژەوەندییـە باڵایـە بپارێـزن.

**بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە**

**هاووڵاتیان دەتوانن بە شێوەیەکی خۆبەخشانە بۆنەی تایبەت، یان چالاکیی تایبەت ڕێک بخەن، بۆ بایەخدان بە ژینگە و بەشداری تێدا بکەن**





عەمید فەرمان فازڵ، بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەولێرە، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەرکی ئەوەیە کە پارێزگاری لە دارستانەکان بکات و هاوسەنگیی ژینگە بپارێزێت. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.

**عەمید فەرمان فازڵ**

بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەولێر:

# پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دارستان و ژینگە لە ڕووی تەکنیکییەوە بەشێک بێت لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی ژینگە لایەنێکی جێبەجێکارین بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەی بۆ پاراستنی ژینگە و ڕێگرتن لە بڕینەوەی دار و پاراستنی دارستانەکان و ڕێگرتن لە ڕاوی نایاسایی کار دەکەین، ئەو بەشەی لایەنی جێبەجێکارین کە ڕێگە نادەین خەڵك سەرپێچیی ژینگەیی بکات، یان ناهاوسەنگی لە سرووشتی کوردستاندا دروست بکات.

یەکێك لە گرفتەکانی ئێمە ئەوەیە کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانین و ئەو ڕێنمایی و فەرمانانە جێبەجێ دەکەین کە لە سەرووی خۆمان لە وەزارەتەوە بۆمان دەنێرن، کە دەبوو ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەر بە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووینانە، ئەوان ڕێنمایی و ڕاسپاردەیان بە ئێمە بدایە و سەرپێچییە ژینگەییەکانیان بۆمان دەستنیشان بکردایە.

پاراستنی ژینگە و جێبەجێکردنی ڕێنمایی و یاسا ژینگەییەکان پێویستی بە پاڵپشتی و پشتگیریی لایەنێکی جێبەجێکاری هێزی پۆلیس هەیە، لەمەشدا زیاتر وەك بەڕێزان لەم گفتوگۆیە ئاماژەیان پێ کرد، پێویستە دادگایەکی سەربەخۆی ژینگەییش هەبێت، بۆیە ئەو لایەنانەی وەك پاڵپشتیکەر بۆ شکۆی ژینگە لە کوردستان دیاری دەکرێن، وەك لایەنی جێبەجێکار هێزی پۆلیس و لایەنی یاسایی وەك



دادگای ژینگەیی، دەبێت پەیوەندییەکی زۆر نزیك و ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگەی كوردستاندا هەبێت و ئەوان هاریكار و هەماهەنگ بن، بۆ ئەوەی فەرمانەكان بەو جۆرە جێبەجێ بكرێن، كە خزمەتی پاراستنی ژینگەی كوردستان بكات.

لایەنێكی دیكە كە دەخوازم بۆ هەموو لایەك ئاشكرا بێت، ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دارستان و ژینگە، توێژینەوە لەسەر ژینگە ناكەین، تا بزانین كامە سەرپێچی ژینگەییە و پێویستە ڕێگری لێ بكەین، یان هەڵسین بە كۆكردنەوەی داتا و زانیاری و بزانین كێ سەرپێچی دەكات، یان پابەند نابێت بە ڕێنمایی و یاسا ژینگەییەكان، بەپێچەوانەوە ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەتی ناوخۆ دەگاتە دەستمان فەرمانەكان جێبەجێ دەكەین.

كوردستان سرووشتێكی زۆر جوانی هەیە، توخمەكانی ناو ئەم سرووشتە بە دارستان و ئاژەڵی كێوی و سەرچاوەكانی ئاو و دەشتە بەپیت و بەرەكەتەكەی، هەر یەكەیان لەگەڵ ئەوی دیكە جوانیی سرووشتی كوردستان تەواو دەكەن و ژینگەیەكی پاكیان دروست كردووە، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو ژینگەیە هەر بە پاكی بمێنێتەوە و پارێزراو بێت، ئەوا دەبێت هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە ژینگەوە، هەر لایەك ئەوی دیكە تەواو بكات و پێكەوە هێزێك دروست بكەین بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگە لە سەرپێچیكارانی ژینگە بگرین و بە ڕێگەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بكەین.

لەم چوار چێوەیەدا من بە گرنگی دەزانم ئەو پێشنیارە بكەم كە گرنگە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دارستان و ژینگە لە ڕووی تەكنیكییەوە بەشێك بێت لە دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ڕێنمایی لەم دەستەیە وەربگرێت و فەرمانەكانی ئەم دەستەیە جێبەجێ بكات.

**دادگای ژینگەیی دەبێت پەیوەندییەكی زۆر نزیك و ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگەی كوردستاندا هەبێت**



## هەڤاڵ ئەحمەد

بەڕێوەبەری فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوا لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە:

# وەزارەتی ژینگەی حکومەتی عێراق بوودجەیان لەبەردەستە و بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراقی دەنێرن، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستانی نانێرن

هەڤاڵ ئەحمەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوایە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووە لە بواری گۆڕانکاریی کەشوهەوا لەسەر ئاستی جیهان و هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆڕبەندی نێودەوڵەتیی لەسەر گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کردووە، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) بە شێوەیەکی زانستی و پراکتیکی بیروبۆچوونەکانی خۆی لەسەر ئەم پرسە دەربڕی و بەم جۆرە پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو.

کۆبوونەوەی هەموو ئەم بەڕێزانە لەم هۆڵەدا بۆ گفتوگۆکردن بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لەسەر بایەخی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، جێگەی دەستخۆشییە بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ئاماژەیەکی گرنگە بۆ بایەخی پاراستنی ژینگە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

بەپێی ئەو دیراسەت و توێژینەوانەی لەسەر گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لەسەر ئاستی جیهان دەکرێن، بەداخەوە ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە بۆ سەر ناوچەکەی ئێمە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر دەبێت، ئەمەش واتە ئەم گۆڕانکارییانە وەك: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، زیادبوونی ئەگەری لافاو، وشکەساڵی و...هتد، لە باکووری ئەفریقیاوە دەستی پێ کردووە و هەڵکشاوە و گەیشتووەتە عێراق و مەترسیشی خستووەتە سەر هەرێمی کوردستان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمەوە هەستی بەو مەترسییانە کردووە و دەستی بە جێبەجێکردنی هەنگاوی ستراتیژی کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانە، وەك: دروستکردنی بەنداوی گەورە و مامناوەند و بچووك، گرتنەبەری ڕێگەی بەرهەمهێنانی وزەی پاك و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی $CO_2$، $CH_4$، ئەم هەنگاوە پراکتیکییە ستراتیژییانە هەنگاوی گرنگن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە.

ئێمە وەك فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوا، دوو پلانی ستراتیژیمان داڕشتووە، کە بریتین لە:

یەکەم : پلانی خۆگونجاندن بۆ هەرێمی کوردستان (LAP)، ئەم پلانە کۆتایی پێ هاتووە و دەست دەکەین بە جێبەجێکردنی.

دووەم : پلانی کەمکردنەوە بۆ هەرێمی کوردستان (LAMA)، ئەمیش کاری زۆر باشمان لەسەر کردووە و گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێکردنی دەکەین.

هەریەك لەم پلانانە کۆمەڵێك پڕۆژە لەخۆ دەگرێت، بوودجەی هەر پلانێك نزیکەی ١,٥ ملیار دۆلارە، بۆیە ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئەم پڕۆژانە جێبەجێ بکەین، ئەوا دەبێت لەو ناوەندە جیهانییانەی بایەخ بە گۆڕانی کەشوهەوا دەدەن، هەوڵ بدەین بوودجە دابین بکەین، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ئەو پارانە دابین بکرێت.

پلانی «خۆگونجاندن» سێ سێکتەری گرنگ لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە سێکتەرەکانی «ئاو، کشتوکاڵ، فرەیی بایۆلۆژی biodiversity و ئیکو سیستم»، هەروەها پلانی کەمکردنەوە، ئەویش چەند سێکتەرێك لەخۆی دەگرێت، وەك: خۆڵ و خاشاك، دارستان، گواستنەوە، وزە نوێبووەوەکان، نەوت و گاز، بێگومان جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژانە پێویستی بە دابینکردنی بوودجە هەیە.

لە بواری دابینکردنی بوودجە وەك ئاماژەی پێ کرا، هەندێك گرفتمان لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی حکومەتی عێراق هەیە، ئەوان بوودجەیان لە بەردەستە، بەڵام بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراقی دەنێرین، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستانی نانێرن، دەبێت بۆ وەرگرتنی بوودجەکە پلانمان هەبێت، هەر بۆ نموونە: ئەو پڕۆژانەی لە پلانی خۆگونجاندن دامان ناون ئەگەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پشتگیریمان نەکەن، ئەوا من ناتوانم بۆ وەرگرتنی بوودجە پڕۆپۆزەڵی خۆم پێشکەش بکەم، بۆیە ئێمە چەندین جار پەیوەندیمان بە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کردووە، ئەگەر ئەوان پشتگیریی ئێمە نەکەن، لەو پڕۆژانەی پەیوەندیی بەوانەوە هەیە، ئەوا من ناتوانم پڕۆپۆزەل پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بوودجەی بۆ تەرخان بکرێت.

پرسێکی دیکەش هەیە کە زۆر پەیوەندیی بە پرسی گۆڕانی کەشوهەواوە هەیە، ئەویش مەسەلەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی دروستە، هەر بۆ نموونە کاتێك ئێمە دەمانەوێت ڕاپۆرتێك ئامادە بکەین لەسەر ئەو زیانانەی کە گۆڕینی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان دروستی کردووە، ئەوا بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبووی ئەو زیانانە پێویستمان بەوەیە لەبەر ڕۆشنایی داتا و زانیاریی دروست پڕۆپۆزەڵێك ئامادە بکەین، بۆ ئەوەی پێشکەشی بکەین و لەبەر ڕۆشنایی ئەو پڕۆپۆزەڵە داوای قەرەبووەکە بکەینەوە، بەڵام ئەوەی جێگە داخە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان تایبەت بەو پرسانە وەك پێویست هاوکاریمان ناکەن، کە داتاو زانیاریی دروستمان بخەنە بەردەست، بۆ ئەوەی بتوانین پڕۆپۆزەڵەکە ئامادە بکەین.

ئێمە زۆر جار بەشداریمان لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا «COP» کردووە کە ساڵانە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکی دەخات، هەر بۆ نموونە ئێمە بەشداریی چەندین کۆنگرەمان کردووە وەك: (کۆپ ٢٧، ٢٨، ٢٩) کاتێك دەگەڕێینەوە ئەو پرسیارانەمان لێ دەکەن، ئایا لەو کۆنگرانە توانیتان بوودجە «fund» وەربگرن، بە ڕاستی ئەمەش جۆرێکە لە ناحاڵیبوون، لەبەر ئەوەی کۆنگرەی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا شوێنی وەرگرتنی بوودجە «fund» نییە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت بوودجە بۆ گۆڕینی کەشوهەوا و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر

**دەبێت لەو ناوەندە جیهانییانەی بایەخ بە گۆڕانی کەشوهەوا دەدەن، هەوڵ بدەین بوودجە دابین بکەین، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ئەو پارانە دابین بکرێت**

**وەزارەتە پەیوەندیدارەکان تایبەت بەو پرسانە وەك پێویست هاوکاریمان ناکەن، کە داتاو زانیاریی دروستمان بخەنە بەردەست، بۆ ئەوەی بتوانین پڕۆپۆزەڵەکە ئامادە بکەین**

**ئێمە دەبێت هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە بۆ ئەوەی سوود لە پسپۆڕی و شارەزایی ئەکادیمیست و زانکۆکانی خۆمان وەربگرین**

**لە هەرێمی کوردستان چەندین زانکۆ و کەسی پسپۆڕ و تایبەتمەندی زۆر باشمان هەیە و دەتوانین ناوەندێکی ئەکادیمی بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دابمەزرێنین**

**ئێمە وەک فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوا، پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەدا هەیە کە کار لەسەر گۆڕینی کەشوهەوا دەکەن**

**ماقووڵ نییە عێراق ٣٨ ملیۆن دۆلار لە سندووقی سەوزی کەشوهەوا (GCF) بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرێت، بەڵام هیچ برە پارەیەک بۆ کوردستان نەنێرێت**

هەرێمی کوردستان پەیدا بکەین، دەبێت پێشوەختە پرۆپۆزەڵی خۆمان ئامادە بکەین و پێشکەشی «سندووقەکانی کەشوهەوای نێودەوڵەتی»ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی بکەین، بەڵام کاتێك بەشداریی کۆنگرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەکەین، ئێمە بەشدار دەبین بۆ ئەوەی ئەو ڕێوشوێنانە باس بکەین کە لە هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە گرتوومانەتەبەر بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، ئەمەش بەو مانایەی ئایا ئێمە بەو کارانەی ئەنجامی دەدەین، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگاتە قەناعەت کە کاری سەرکەوتووانەمان لەم بوارە ئەنجام داوە و، هاریکار بووین بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا؟

لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە بایەخی پێ بدەین، ئەوەیە کە ئێمە دەبێت هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە بۆ ئەوەی سوود لە پسپۆڕی و شارەزایی ئەکادیمیست و زانکۆکانی خۆمان وەربگرین، ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان چەندین زانکۆ و کەسی پسپۆڕ و تایبەتمەندی زۆر باشمان هەیە و دەتوانین ناوەندێکی ئەکادیمی بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دابمەزرێنین، بۆ ئەوەی کاتێك دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەیەوێت پلانی ستراتیژیی خۆی دابڕێژێت، ئەم سەنتەرە بتوانێت هاریکاریی بکات و بەشدار بێت لە دانانی ئەو پلانە ستراتیژییەدا.

ئێمە وەك فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوا، پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەدا هەیە کە کار لەسەر گۆڕینی کەشوهەوا دەکەن، هەروەها دەبێت هەوڵەکانمان زیاتر چڕ بکەینەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی حکومەتی فیدراڵییەوە بەشێك لەو بوودجەیەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ گۆڕینی کەشوهەوا لە عێراقدا تەرخان دەکرێت، پشکی کوردستانی لێ دیاری بکرێت، بە ڕاستی ماقووڵ نییە عێراق ٣٨ ملیۆن دۆلار لە سندووقی سەوزی کەشوهەوا (GCF) بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرێت، بەڵام هیچ برە پارەیەك بۆ کوردستان نەنێرێت.

لایەنێکی دیکە کە پرسی کاربۆن کریتدە «carbon credit» بۆ ڕێگرتن لە دەرچوونی زیاتر گازی CO٢، بۆ ئەم پرسە پێویستە ئێمە زیاتر لە پڕۆژەکانی کەمکردنەوەی وەبەرهێنانی تێدا بکەین و کۆمپانیایەکی بە ناوی کۆمپانیای کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی ڕەسیدی کاربۆنی خۆمان هەبێت، بۆیە کاتێك پارەیەك تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی دارستانی زیاتر دروست بکرێت، ئەوا دارستان پرسێکە زیاتر پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەوەی پەیوەندیی بە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هەبێت، بۆیە دەبێت بەشی زۆری ئەو پارەیەی بۆ دارستان تەرخان دەکرێت، بدرێتە هەرێمی کوردستان، نەك وەك ئێستا کە بڕیار دراوە ٩٥٪ی ئەو پارەیەی بۆ کاربۆن کریتد تەرخان دەکرێت، بدرێتە وەزارەتی دارایی فیدراڵ و ٥٪ی بدرێتە کۆمپانیای «اقتصاديات كاربون»، ئەوە عایدی وەزارەتی ژینگەی فیدراڵە و هیچ داهاتێك ڕاستەوخۆ بۆ هەرێمی کوردستان نایەت.

ئەم پرسانە کاری زۆر جددییان بە هاوکاریی کۆی لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە ساڵانی ڕابردوو کاری ستراتیژیی زۆر باشی کردووە، بە دەیان بەنداوی گەورە و مامناوەندی و بچووك و بە دەیان پۆندی گلدانەوەی ئاوی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. لە بواری دەرهێنانی نەوت و گاز، میتودی بەرهەمهێنانی وزەی پاکی گرتووەبەر و دووبارە ئەو گازەی لەگەڵ دەرهێنانی نەوت لە بیرەکان دێنە دەرەوە، بەکاری هێناوەتەوە و ڕێگەی نەداوە تێکەڵاوی ژینگە ببێت، بەڵام هەموو ئەو کارانەی لە هەردوو پلانی «خۆگونجاندن و کەمکردنەوە» ئاماژەمان پێ کردن، جێبەجێکردنیان پێویستی بە دابینکردنی بوودجەیەکی گەورە هەیە، دابینکردنی ئەم بوودجەیەش پێویستی بە ئامادەکرنی پرۆپۆزەڵی دروست هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین پێشکەشی بکەین و لە سندووقی کەشوهەوای سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بوودجەی «FUND» پێویستی بۆ دابین بکەین.



# چاودێری ژینگەییمان زۆرن، بەڵام گرفتە ژینگەییەکانمان زیادیان کردووە و لە ئاستی ئاسایی بەرەو ئاستێکی مەترسیدار دەڕۆن

## ئاسۆ شکاک

سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاریی ژینگە :



**ئاسۆ شکاک، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاریی ژینگەیە لە پارێزگای هەولێر و، یەکێکە لەو چالاکە ژینگەپارێزانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژە لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا وەك خۆبەخشێك کاری ژینگەپارێزی دەکات. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستە ڕوو.**

خۆشحاڵم جارێکی دیکە لەگەڵ ئەم هەموو پسپۆڕ و خۆبەخشانە کۆدەبینەوە بۆ باسکردنی بابەتێکی گرنگ، کە ئەویش بابەتی پاراستنی ژینگەیە، بەڵام لە دەستپێکی قسەکانمدا یەك دواکاریم لە تەواوی ئامادەبووانی ئەم گفتوگۆیە هەیە و، داوا لە بەڕێزتان دەکەم لەم ساتەوەختەوە کۆتایی بە بەکارهێنانی پلاستیك بهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەمڕۆ ئێوە نەتوانن بەکارهێنانی پلاستێك کۆتایی پێ بهێنن، ئەی چۆن سبەی داوا دەکەن ژینگە بپارێزین، بۆیە هیودارم کۆتایی بە بەکارهێنانی پلاستیك بهێنن.

ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو داتایەی لای منە، بریتین لە ٢٦٥ ڕێکخراو لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا، لەم ژمارەیە ١٣٢ ڕێکخراوی ژینگەیی لە پارێزگای هەولێرن بە ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانیشەوە، ٨٩ ڕێکخراویان لە سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەن و ٣٦ ڕێکخراویان لە پارێزگای دهۆکن بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆشەوە، یەك ڕێکخراو لە مووسڵ و یەك ڕێکخراویش لە کەرکووك هەن، لە ٢٦٥ ڕێکخراوی ژینگەیی، ٢٤٤ ڕێکخراویان کوردستانین.

بەڵام بەداخەوە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، بۆ ئامراز و

کارێکی تایبەت دامەزراون، تەنیا ٤٠ ڕێکخراو دڵسۆزانە کار بۆ پاراستنی ژینگە دەکەن، ئەم ٤٠ ڕێکخراوە چالاکەش کار دەکەن بەبێ گرنگیدان بە ناو.

ئێمە وەك ڕێکخراوێکی ژینگەپارێز لە هەولێر و نزیکەی ١٦ی دیکە لە دامودەزگای حکوومی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ژینگە، پێکەوە کاردەکەین لە پێناو پاراستنی ژینگەدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بازنەی بەیەك گەیاندنن لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هاووڵاتیاندا بۆ کەمکردنەوەی گرفتە ژینگەییەکان.

لە بواری کاری ژینگەپارێزیدا ئێمە دوو یاسامان هەیە کە بریتین لە یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠١٠و ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٨، بەڵام زیاتر کار بە یاسای ژمارە ٨ دەکەین، وێڕای ئەوەش کۆمەڵێك ڕێنمایی گرنگ دەرچوون کە لێرەدا من ئاماژە بە دووانیان دەکەم:

لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەر وەزارەتێك یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوەی گرفتی بۆ ژینگە دروست کردووە ئەوەیە، بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی یاسایەکی هەیە و وەزارەتی کشتوکاڵ یاسایەکی هەیە و لەگەڵ یاسای دەستەی پاراستنی و چاککردنی ژینگەدا تێکەڵکێشی لە ڕووی بابەتە هەڵسەنگاندنە ژینگەییەکانەوە دروست ناکات، بەڵام هەر بۆ نموونە فڕێدانی پاشماوە لە ئۆتۆمبێلەوە گرفتێکی گەورەی ژینگەیی بۆ ئێمە دروست کردبوو، بەڵام لە یاسای وەزارەتی ناوخۆدا نەبوو ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەوە پاشماوە فڕێ بدات، ڕێوشوێنی یاسایی لەگەڵدا بگیرێتە بەر، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی دەسەڵاتە ژینگەییەکان نەیانتوانی وەکو پێویست هەماهەنگی لە نێو خۆیاندا دروست بکەن، هەروەها لە پرۆژەی «لەبری سەوز کردن» هەرکاتێك ئەو پرۆژانەی کە بڕیار بوو لە ماوەی کابینەی نۆیەم ڕووبەری سەوزایی لە شوێنی خۆیان جێبەجێ بکرێن و جێبەجێ نەکران، ئەوکات لایەنە ژینگەییەکان و ئەندازەی پارکەکان و بەڕێوەبەرایەتیی دارستانەوە دارستانێکی گەورە دروست بکرێت و، لەبری ئەوەی داری یەك مەتریی تێدا بچێندرێت، داری چەند مەتریی تێدا دەچێنران.

لە دامەزراندنی ئەو کەسانەی هەڵسەنگاندنی ژینگەیی دەکەن، دوای ئەو ڕێنماییانە دەرچوون، ڕێگە درا ئەگەر دەرچووی ژینگەش نەبن، دەتوانن لەو بوارەدا کاربکەن، بۆ ئەمەش ئەگەر ئێستا سەیر بکەین دەبینین چاودێری ژینگەییمان زۆرن، بەڵام گرفتە ژینگەییەکانمان زیادیان کردووە و لە ئاستی ئاسایی بەرەو ئاستێکی مەترسیدار دەڕۆن.

بەپێی قسەی ئەو ژینگەپارێزانەی سەردانی دەرەوەی وڵاتیان کردووە، سەبارەت بە پیسبوونی ژینگە «ئاستی ژینگەی هەرێمی کوردستان نەگەیشتووەتە ئاستی مەترسی»، ئەگەرچی داتای فەرمی لەسەر ژینگە بەپێی پێویست نییە، لەم پرسەدا ئێمە تەنیا باس لە پیسبوونی هەوا دەکەین، بەڵام ئەگەر سەیری بکەین، پاڵاوتگە نایاساییەکان جیا لەوەی هۆکارێکن بۆ پیسبوونی هەوا، لە هەمان کاتدا خاك و ئاوەکەشیان پیس کردووە، بەڵام کەس باسی پیسبوونی خاك و ئاوەکە ناکات، بەمەش گرفتێکی گەورەی ژینگەییان بۆ دروست کردووین، ئێمە کە بەشدار بووین لە خولێکی ژینگەییدا، لەوێ بینیمان خەڵك زەوییەکانیان پاك دەکردەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە لێرە پاشماوەی پاڵاوتگە نایاساییەکانمان فڕێ دەدەینە ناو ئاو و ڕووبارەکان و خاکەوە.

یەکێك لە گرفتەکانی دیکەی پیسبوونی ژینگە زبڵخانەکانی کوردستانە، بەپێی ڕاپۆرتێك کە دراوەتە حکومەتی هەرێم، ١٠٠ زبڵخانە لە هەرێمی کوردستان هەن، نۆ دانەیان لە زبڵخانە گەورەکانن و زبڵخانەی هەولێر لە هەموویان گەورەترە، کە ڕۆژانە ٢٠٠٠ تەن زیاتر زبڵ و خاشاك دەبەنە ئەو زبڵخانەیە، ئێمە وەکو لایەنە ژینگەییەکان نەمانتوانیوە هانی هاووڵاتی بدەین و تێیانبگەیەنین کە هاووڵاتیش بەرپرسیاریەتیی لەسەر شانە و، چۆن مافی هەیە بە هەمان شێوە ئەرکیشی لەسەر شانە، بە هەمان شێوە حکومەتیش مافی هەیە و ئەرکیشی هەیە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە جێبەجێکارەکان بەگشتی و لایەنە ژینگەییەکان بەتایبەتی، نەیانتوانیوە ئەرکە ژینگەییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، خودی ئەو لایەنانە موەلیدەیان هەیە، یان پرۆژەکانیان هیچ مەرجێکی

**لە ٢٦٥ ڕێکخراوی ژینگەیی تەنیا ٤٠ ڕێکخراویان دڵسۆزانە کار بۆ پاراستنی ژینگە دەکەن**

**لە یاسای وەزارەتی ناوخۆدا نەبوو ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەوە پاشماوە فڕێ بدات، ڕێوشوێنی یاسایی لەگەڵدا بگیرێتە بەر، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی دەسەڵاتە ژینگەییەکان نەیانتوانی وەکو پێویست هەماهەنگی لە نێو خۆیاندا دروست بکەن**

**لە خولەکانی پێشووی پەرلەمان ٦٠٪ی ئەو پەرلەمانتارانەی لە لیژنەی تەندروستی و ژینگە بوون، هیچ گرنگییەکیان بە ژینگە نەداوە**

ژینگەیی تێدا نییە، یان ڕێژەی سەوزاییان تەواو نییە، بۆیە کە ئەم کەموکوڕییانە لە لایەنە ژینگەییەکاندا هەبێت، چۆن دەتوانین بە هاووڵاتیان بڵێین ئەم هەموو گرفتە ژینگەییەمان هەیە؟ یان ئەگەر من وەك لایەنێکی ژینگەیی بە لایەنێکی حکوومی بڵێم تۆ گرفتی ژینگەییت هەیە، یان بە لایەنێکی زانستی بڵێم تۆ گرفتی ژینگەییت هەیە، ئەوا ئەو لایەنە وەك شتێکی کەسی مامەڵەمان لەگەڵ دەکات و لە داهاتوودا وەك لایەنێکی ژینگەیی هاریکاریمان ناکات. ئەو لەوە تێناگات کە ئەمە پرسێکی ژینگەییە و تایبەتە بە هەمووان، بەڵام ئەو لایەنانەی کە ژینگەیین بەدواداچوونی ژینگەییان زۆر کەمە، تەنانەت لە خولەکانی پێشووی پەرلەمان ٦٠٪ی ئەو پەرلەمانتارانەی لە لیژنەی تەندروستی و ژینگە بوون، هیچ گرنگییەکیان بە ژینگە نەداوە، کە ئەو کات ئێمە داوامان لە پەرلەمان کرد، لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە پەرلەمانی کوردستان لێك جیا بکرێتەوە، لەبەر ئەوە بوو ئەگەر گرفتە ژینگەییەکانمان چارەسەر کرد، پێویستمان بە چارەسەری گرفتە تەندروستییەکان نابێت.

سەبارەت بە پاشماوە کیمیاوییەکان، یان ئەو مادده هۆشبەرانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەبردرێنە شوێنێك و دەسووتێندرێن، ئەوانەش گرفتن بۆ ژینگە، بۆیە ئەم تیمەی لێرە کۆبووینەتەوە، ئەگەر مانگانە کۆببینەوە و نووسراو ئاراستەی هەر وەزارەتێك، یان لایەنێکی پەیوەندیدار بکەین، ئەوا ئەو لایەنە پەیوەندیدارە بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە دەکات و بە دژایەتی تێناگات، ئەگەر بەم شێوەیە بارودۆخەکە بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوە لە چەندساڵی داهاتوودا کەس ناتوانێت بایەخ بە پاراستنی ژینگە بدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەندێك لەو خەڵکانە دێنە ناو بواری کاری ژینگەیی، ئاستی پسپۆریی ژینگەیی، یان ئاستی ئەو پرۆژانەی لە ناو خزمەتگوزاریی ژینگەییدا هەن بەپێی پێویست نایانبینێت، هەندێك کەسیش تەنیا بۆ ناو و ناوبانگ و خۆدەرخستن هاتوونەتە ناو بواری کاری ژینگەیی، ئەوانەشی بە دڵسۆزی لە بواری ژینگەدا کار دەکەن، پەراوێز دەخرێن و دەیانگێڕنەوە بۆ دواوە.

لێرەوە ئێمە دەبێت هانی هاووڵاتیان بدەین چی بکەن؟ دەبێت لەوە ئاگادار بین گرفتە ژینگەییەکانی ئێمە لە ناو ماڵەکانەوە دەست پێ دەکەن، ئەگەر ئێمە لە ماڵەکانی خۆماندا توانیمان گرفتە ژینگەییەکان کەم بکەینەوە و پلاستیك بە هیچ شێوەیەك بەکار نەهێنین، کاتێك لە بازاڕ شتومەك دەکڕین ڕێگە نەدەین دوکاندار بە کەیفی خۆی بیخاتە ناو نایلۆنەوە، ئەوا سنوورێك بۆ گرفتە ژینگەییەکان دادەنێین، یان کاتێك ئێمە وەك ڕێکخراوێکی ژینگەپارێز خولێکی هۆشیاری دەکەینەوە، نابێت ڕێگە بدەین بە هیچ شێوەك پلاستیك یان دەبەی ئاو لەو شوێنەدا هەبێت.

ئێمە ئەگەر لە خۆمانەوە دەست پێ نەکەین و هەوڵ نەدەین هەستی خۆبەخشیی ژینگەیی لە ناخی خۆماندا دروست بکەین، ناتوانین تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ژینگەپارێزی ڕابهێنین، بەڵام لە سەرووی ئەمانەشەوە دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە حکومەتە، بە توندی بێتە سەرخەت و یاسا ژینگەییەکان جێبەجێ بکات.

بۆیە داوا دەکەم ئەم گفتوگۆیە تەنیا بۆ گفتوگۆ نەبێت، دڵنیام هەموو بەشداربووانی ئەم کۆڕە زۆر لەوە زیاتریان پێیە کە باسیان کرد، بەڵام ئایا ئەم هۆشیارییە ژینگەییانە چۆن بگەیەنینە هاووڵاتیان، من ناڵێم خەتای فڵان لایەنە، بەڵکو پێش هەموومان دەڵێم خەتای ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزییە، ئێمە ٢٦٥ ڕێکخراوین بە قەد ژمارەی خۆمان ناو و شوێنمان داگیر کردووە، ئایا ئێمە چیمان کردووە؟ بێگومان دەڵێم هیچ.

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە ئێمە گرفتی ژینگەیی گەورەمان هەیە، مەترسییە ژینگەییەکان ڕوویان لە هەڵکشانە، ڕێژەی سەوزاییمان کەمە، ئاستی هۆشیاریی ژینگەییمان نزمە، دەپرسم ئایا چەندمان لە بەردەم ماڵەکانماندا سەوزاییمان هەیە و، چەندمان هانی دراوسێکانمان داوە بۆ ئەوەی دار بروێنن؟

لە هەرێمی کوردستان کەلتوورێکی ژینگەیی یەکگرتوومان نییە، ئەگەر سەرنج بدەین لە ناوچەی بارزان کەلتوورێکی ژینگەیی هەیە، بەڵام لە هەولێر و سلێمانی کەلتوورێکی

**پاشماوە کیمیاوییەکان، یان ئەو مادده هۆشبەرانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەبردرێنە شوێنێک و دەسووتێندرێن، ئەوانەش گرفتن بۆ ژینگە**

**هەندێک کەس تەنیا بۆ ناو و ناوبانگ و خۆدەرخستن هاتوونەتە ناو بواری کاری ژینگەیی، ئەوانەشی بە دڵسۆزی لە بواری ژینگەدا کار دەکەن، پەراوێز دەخرێن**

**ئێمە ئەگەر لە خۆمانەوە دەست پێ نەکەین و هەوڵ نەدەین هەستی خۆبەخشیی ژینگەیی لە ناخی خۆماندا دروست بکەین، ناتوانین تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ژینگەپارێزی ڕابهێنین**



ژینگەیی جیاوازمان هەیە، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێك بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ئاستی کەلتووری هۆشیاریی ژینگەی لە کوردستان بەرز بکەینەوە و بیکەینە مۆدێلێك، کە ژینگە تایبەت نییە بە ناوچەیەك، یان کۆمەڵگەیەك و، تایبەتە بە هەموومان و دەبێت هەموان پارێزگاریی لێ بکەین.

دەمەوێت ئاماژە بەو ڕاپرسییەش بکەم کە لە لایەن ڕێکخراوی ئاڤیاری ژینگەییەوە لە سنووری شاری هەولێر بە بەشداریی (١٠٠٠) هاونیشتمانی لە ئاستی جیاواز و پیشەی جیاواز ئەنجام دراوە، کە بە ڕای زۆرینە کێشە ژینگەییەکان لە زیادبووندان، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چالاکییە مرۆییەکان، کە کێشە ژینگەییەکان بریتین لە پیسبوونی هەوا و پاشماوەی سووتەمەنی و کارگە و پیشەسازییەکان و ئاو و ئاوەڕۆ و نەبوونی هۆشیاریی ژینگەیی لای تاکەکان، هۆکاری ئەم کێشانە دەگەڕێنەوە بۆ لاوازیی بەشێك لە دەسەڵاتە ژینگەییەکان و نەبوونی خەرجیی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتە مەترسیدارەکانی بەرانبەر بە ژینگە و، گرنگی نەدان بە ژینگە لە لایەن خودی هاووڵاتی و جێبەجێ نەکردنی یاسا و ڕێسا ژینگەییەکان لە لایەنی بەرپرسەوە، کە ئەمانەش مەترسیی ژینگەیی بۆ هاووڵاتیان زیاد دەکات، بەڵام هەم لایەنە ژینگەییەکان بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەکان دەکەن و هەمیش ڕێکخراوە ژینگەیەکان هۆشیاریی بڵاو دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە هاووڵاتیان پابەندی ڕێنماییە ژینگەییەکانن، بەڵام هێشتا مەترسی لەسەر ژینگە بەردەوامیی هەیە.

لە کۆتاییدا دەڵێم دەبێت هەموومان ئەم ژینگەیە بپارێزین، ئەگەرنا هەموومان لەناو دەچین، با بەردەم ماڵەکانمان و کۆڵانەکان و شەقامەکان و دەشت و شاخەکان سەوز بکەین و دەرهاوێشتە گازییەکان کەم بکەینەوە و سەرچاوە ئاوییەکان بپارێزین، خۆمان لەگەڵ ژینگەکەدا بگونجێنین و کەشێکی لەبار و تەندروست بۆ هەموان زامن بکەین، گرنگی بە وزەی نوێ و خاوێن بدەین و هۆشیاریی ژینگەیی زیاد بکەین.



ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەوێز

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر:

# زۆر پێویستە دادگایەکی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان هەبێت بۆ ئەوەی سەرپێچیکاران بەپێی یاسا سزا بدرێن

ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەوێز، بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانە لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، لەگەڵ ئەوەی ئاستی ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر هەتا ئێستاش نەگەیشتووەتە ئاستی ستاندەری جیهانی، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ گەشەی زۆر خێرا لە ژمارەی پارکە گەورەکان و پارکی گەڕەکەکان و سەوزکردنی دوورگەی ناوەندی شەقامەکان دەبینرێت. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەریمی کوردستان) بەمجۆرە دیدو تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە زیادبوونی سەوزایی لە هەولێر و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.

سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەم هۆڵەدا هەموومانی پێکەوە کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە «گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە» بکەین.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە لەم گفتوگۆیە ئاماژە بەوە کرا بەوەی زۆر پێویستە دادگایەکی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان هەبێت، بەڕاستی ئەمە زۆر زۆر پێویستە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم دادگایە هەبێت، ئەوا باشتر لە چوارچێوەی یاسادا ڕێوشوێنی یاسایی دەگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ئەوانەی سەرپێچی لە ڕێنماییەکانی پاراستنی ژینگە دەکەن، سزا بدرێن.

**زۆر پێویستە دادگایەکی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان هەبێت**

باس لە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لەسەر ئاستی شارەکان کرا، بەوەی نەگەیشتووەتە ئاستی ستاندەری جیهانی، لەسەر ئەم پرسە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە زیادکردنی ئاستی سەوزایی تەنیا بە حکومەت ناکرێت و دەبێت هاووڵاتیان لەم پرسەدا هاریکار بن، ئەوانەی سەردانی وڵاتانی دەرەوەیان کردووە، حەتمەن سەرنجی ئەوەیان داوە کە لە وڵاتانی ئەوروپی پارکەکان پاسەوانی نییە و هاووڵاتیان خۆیان ئەو پارکانە دەپارێزن، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر کە سەر بە شارەوانیی هەولێرە و ئێمە سەرپەرشتی دەکەین، بەشێکی زۆری کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان داناوە بۆ ئەوەی پاسەوانیی پارکەکان بکەن، بۆیە هەتا هاووڵاتیان هەماهەنگ و هاریکار نەبن لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت، ئەوا بە تەنیا حکومەت ناتوانێت ڕێژەی سەوزایی بگەیەنێتە ئاستی ستاندەری جیهانی.

**زیادکردنی ئاستی سەوزایی تەنیا بە حکومەت ناکرێت و دەبێت هاووڵاتیان لەم پرسەدا هاریکار بن**

سەبارەت بە ئاستی ڕێژەی سەوزایی لە پارێزگای هەولێر، ئەو داتا و ئامارەی لەبەر دەستمانن ڕێژەیین و سەبارەت بەو ستاندەرەی ئاماژەی پێکرا، بەوەی پێویستە هەر هاووڵاتییەك ٩ مەتر دووجا سەوزایی بەر بکەوێت، ئێمە لە ئەندازەی پارکەکانی سەرۆکایەتیی شارەوانی، بەپێی ئەو داتا ڕێژەییانەی لەبەر دەستمان بووە، ڕێژەی سەوزایی لە هەولێر دەگاتە ١٧,٥٪ بە پێوەری ڕووبەر، کە ئەمە لەگەڵ ئەو داتایە یەك دەگرێتەوە کە ئاماژە بەوە کرا، ڕێژەی سەوزایی بۆ هەر تاکێك دەگاتە پێنج مەتر دووجا، بەڵام ئەمەش واتە هێشتا زۆری ماوەی بگاتە ئاستی ستاندەری جیهانی.

بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر دامەزراوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئامار و داتای ئەو بەروارە، دەبینین ئەو کات ڕێژەی سەوزایی لە شاری لە نیوان ٢-٣٪ بووە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای گرفتی بوودجە و نەبوونی ئەزموونی پێویست، وەك ئەزموونێکی نوێ توانی گەشەیەکی باش لە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی دروست بکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەزموونەکە نوێ بوو، هەندێك کەموکورتییش هەر ڕوو دەدەن، هەر بۆ نموونە بەشێك لەو دارانەی لە وڵاتی ئیتالیا هێنران، بینیمان لەگەڵ کەشوهەوای شاری هەولێر نەدەگونجان، لەبەر ئەوەی لە وەرزی هاوین پلەی گەرما لە هەولێر دەگاتە نزیکەی ٥٠ پلەی سیلیزی و ئەو دارانەش بەرگەی ئەو پلەی گەرمایە ناگرن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئێمە هەوڵمان داوە، توێژینەوە بکەین لەسەر ئەو دارانەی کە لەگەڵ کەشوهەوای هەولێر دەگونجێن، هەروەها هەوڵمان داوە کە داری هەمە جۆر بچێنین.

**لە وڵاتانی ئەورووپی پارکەکان پاسەوانی نییە و هاووڵاتیان خۆیان ئەو پارکانە دەپارێزن**

ئەگەر سەرنج بدەین، پێش ساڵی ١٩٩١ئێمە پارکی گلکەندمان هەبوو لە هەولێر کە لە ساڵی ١٩٦٥ دروست کراوە، لەسەر شەقامی ٦٠ مەترییش لە دوورگە ناوەندییەکانی ئەو شەقامە هەندێك داری تێدا چێنرابوو، بەڵام دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کابینەی سێیەمدا بەردی بناغەی گەورەترین پارك لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دانرا، کە پاشان ناوی لێنرا پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان، بەپێی ئەو داتایانەی دەستم کەوتوون لە ساڵی ٢٠١٩ و لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی سەوزایی گەیشتبووە نزیکەی ١٧,٥٪. لە ماوەی ئەم ٥-٦ ساڵەی کابینەی نۆیەمدا وێڕای هەموو گرفتەکانی نەبوونی بوودجە و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرونا و ئالنگارییە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، توانیمان

**لە کابینەی سێیەمدا بەردی بناغەی گەورەترین پارک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دانرا، کە پاشان ناوی لێنرا پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان**



**سندوقی سەوزکردن لەسەر بوودجەی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت دانراوە و، لەسەر بوودجەی ئەم سندوقە سێ پارکی گەورە لە شاری هەولێر دروست کراون**

نزیکەی ٥٠٠ هەزار دار بچێنین، ژمارەیەکی زۆر شارەکانی وەبەرهێنان دروست کراون، کە ڕێژەیەکی زۆر باشی سەوزایی تێدایە، هەروەها لەم یەك دوو ساڵەی دوایی سندوقی سەوزکردن لەسەر بوودجەی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت دانراوە و، لەسەر بوودجەی ئەم سندوقە سێ پارکی گەورە لە شاری هەولێر دروست کراون، یەکێکیان لەسەر ڕێگای سەرەکیی هەولێر -پیرمام و شەقامی خێرای ١٥٠ مەترییە کە ڕووبەرەکەی ١٥٠ هەزار مەتر دووجایە و تەواو بووە، دووەمیان پارکی ڕەشکینە کە بە گوژمەی ١٥ ملیار دینار کاری تێدا دەکرێت و گەیشتووەتە قۆناغەکانی کۆتایی، سێیەمیان پارکێکی گەورەیە لە شەقامی یەکتربڕی هەولێر- مووسڵ و ئێستا کاری تێدا دەکرێت، هاوشانی ئەم پارکانەش هەڵمەتی دارچاندنمان لە گەڕەکە نوێیەکانی شاری هەولێر بەردەوامە.

لە پرۆسەی سەوزکردنی هەولێر، ئێمە هەندێك گرفتمان هەبوو، بەتایبەتی کە پێشتر ناچار بووین لەناو بەشێك لە پارکی گەڕەکەکانی هەولێر مولیدە دابنرێت، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری، ئێستا بەشێکی زۆری ئەو موەلیدانە کوژێنراونەتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ڕێگرتن لە پیسبوونی هەوا، لە هەمان کاتدا بە لادانی ئەو موەلیدانە دەتوانرێت ڕێژەیەکی باشی سەوزایی زیاد بکرێت، یان باشتر خزمەتی پارکی گەڕەکەکان بکەین.

هاوکات لەگەڵ گەشەی سەوزایی سەرنجمان داوە کە ئاستی هۆشیاریی ژینگەییش لای هاووڵاتیانی شاری هەولێر بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام ئومێدی ئێمە ئەوەیە زیاتر بەرەو پێشتر بچێت، بۆیە داوا لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و مامۆستایانی ئایینی دەکەین، بایەخی زیاتر بە هوشیاریی ژینگەیی بدەن، بۆ ئەوەی ببێتە کەلتوورێك لە کۆمەڵگەدا و هەموو پێکەوە بایەخ بە پاراستنی ژینگە بدەین.

هەر لەم گفتوگۆیە جەخت لەسەر ئەوە کراوەیە کە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ژینگە، پێکەوە کار بکەن و ناوەندێك لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران کۆیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەر لایەك بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێت



و پڕۆژەکە بەبێ کەموکورتی و بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگات. بیگومان ئەمە زۆر ڕاستە و نەبوونی ئەم هاریکاری و هەماهەنگییە گرفت و کەموکووڕی زۆری دروست کردووە، هەر بۆ نموونە دوای دەستپێکردنی پڕۆژەی فریاگوزاریی هێنانی ئاو بۆ هەولێر، کە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگ و ستراتیژییە، پێشنیارێکم هەبوو بەوەی لەگەڵ ئەم پڕۆژە ستراتیژییە بۆرییەکی دیکەی ئاو ڕابکێشین کە ئاوی «نەپاڵێوراو» لە زێی گەورەوە بگەیەنێتە هەولێر، بۆ ئەوەی بتوانرێت هەم هاووڵاتیان ئەو ئاوە بۆ ئاودانی باخچەکانیان و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بۆ ئاودانی پارك و سەوزاییەکانی دیکەی ناو شار بەکاری بهێنن، ئەم پێشنیارە لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێرەوە، نێردرا بۆ وەزارەتی شارەوانی، قسە لەگەڵ ئەندازیارانی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە کرا، پێیان گوتین نیوەی زیاتری پڕۆژەکە تەواو بووە و بەشێکی زۆری بۆڕییەکان تەواو بوون و داپۆشراونەتەوە، بۆیە ئەگەر هەر سەرەتا ئەم پێشنیارە بکرایە، سوودێکی زۆرمان بۆ داهاتوو لێوەردەگرت و بە خەرجییەکی زۆر کەم ئەو پڕۆژەیەشمان جێبەجێ دەکرد.

لە دوماهیدا دەخوازم بە زمانی ژمارە و داتا هەندێك زانیاری پێشکەشتان بکەم:

لە سنووری کارکردنی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر، ١٠٥٤ کارمەندمان هەیە کە خزمەتی ٦٨٨ پانتایی سەوزایی دەکەین، کە تیایدا ٢٤ پارکی گەورە، ١٠٩ نافورە و ١٠٠ دوورگەی ناوەندی شەقامەکان لەخۆی دەگرێت.

وەك نموونەیەك ئەگەر تەنیا دوورگەی ناوەندی شەقامی ٦٠ مەتری هەولێر وەربگرین، دەبینین ئەم شەقامە درێژییەکەی ١٠ کیلۆمەترە و پانییەکەی ١٠ مەترە کە دەکاتە نزیکەی ١٠٠ هەزار مەتر دووجا لە سەوزایی، هەروەها پارکی گەڕەکەکان هەموویان ئێمە خزمەتی دەکەین.

خاڵی گرنگ بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی ڕێژەی سەوزایی بگەیەنینە ئاستی ستاندەری جیهانی کە وەك ئاماژەی پێ کرا نۆ مەتر دووجایە بۆ هەر تاکێك، ئەوەیە دەبێت ئاستی هوشیاریی تاك بگاتە ئەو ئاستەی بەو ڕێژە کەمتر ڕازی نەبێت و خۆی هاوکار بێت بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو ئومێدە بهێنینەدی.

**داوا لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و مامۆستایانی ئایینی دەکەین، بایەخی زیاتر بە هوشیاریی ژینگەیی بدەن**



## ژیار جەلال

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگە پارێزی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر:

# لە شاری هەولێر ڕۆژانە ٢٠٠٠ تەن خۆڵ و خاشاکمان هەیە

ژیار جەلال بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگە پارێزییە لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی شاری هەولێر، کە یەکێکە لە گرنگترینی ئەو فەرمانگەیانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پاراستنی ژینگە و پاك و خاوێنیی شاری هەولێر و دەوروبەری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) بە شێوەیەکی زانستییانە و بە ئامار و داتا باسی لە شێوازی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك لە سنووری شاری هەولێر کرد و بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.

چونکە ئێمە لە بواری کاری ژینگەپارێزی تایبەتمەندیمان هەیە، تایبەتمەندیی ئێمە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکی «solid waste management» شارەوانییە، ئەو بابەتەی من تایبەتە بەوە، بۆیە باسی بابەتەکانی دیکە ناکەم، تەنیا و تەنیا باسی خۆڵ و خاشاکی شارەوانی دەکەم.

سەبارەت بە داتاکان، ماوەی سێ چوار ساڵە هەوڵمان داوە، بڕێك پارە بۆ دەستخستنی داتاکان سەرف بکەین. ڕاستە ئێمە تووشی قەیرانی دارایی بووین، بەڵام هەوڵماندا، چەند داتایەك وەربگرین، لەبەر ئەوەی یەکێك لە کێشە گرنگەکانمان نەبوونی داتایە. هەوڵمان دا، چەند داتایەك لەسەر قەبارەی خۆڵ و خاشاکی شاری هەولێر وەربگرین، بۆ نموونە باسیان دەکرد لە شاری هەولێر ۲۵۰۰ تەن خۆڵ و خاشاك هەیە، ئایا ئەو ژمارەیە ڕاستە، یان ڕاست نییە؟ ئێستا من بە دروستی دەتوانم بڵێم ماوەی ساڵێکە بە شێوەی وەرزی، حەوت ڕۆژ لەسەر یەك بۆ ماوەی ۲٤ سەعات داتاکانی قەوارەی خۆڵ و خاشاکمان کۆکردووە، کە سێ چوار جار ژمارەکان یەکیان گرتووە، من ئێستا دەتوانم بڵێم لە شاری هەولێر ڕۆژانە ۲۰۰۰ تەن خۆڵ و خاشاکمان هەیە.

بابەتێکی دیکە لە بابەتەکان جیاکردنەوەی پاشماوەکانە، ئایا ڕێژەی پاشماوەکان چەندن؟ کە ئەوەش ژمارەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشە، ۳۱٪ی پاشماوەکان خۆراکە. یانی ئەگەر لەسەر ۲۰۰۰ تەنەکە لێکی بدەیتەوە، تەنیا لە سەنتەری شاری هەولێر لەگەڵ ۲۰ قەزا و ناحیەی دەوروبەری، ڕۆژانە ٦۰۰ تەن پاشماوەی خۆراکمان هەیە. کە ئەوەش بەڕاستی ژمارەیەکی زۆر زۆرە، دووەم بابەت کە هەوڵ دەدرێ کەم بکرێتەوە، پاشماوە پلاستیکییەکانە کە ۲۷٪ـە، یانی ٥٤۰ تەن پلاستیکی تێدایە. ئەوە هەمووی بە داتایە، بۆ دیاریکردنی ئەم داتایانە بڕی ۳۳ ملیۆن دینار سەرف کراوە.

لە کۆی پرۆسەی پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاك، ملیارێك و ٤٥۰ ملیۆن دینار خەرج دەکەین، تەنیا لە پرۆسەی کۆکردنەوە و گواستنەوە. ۱۰۰ ملیۆن دینار خەرج دەکەین بۆ داپۆشینی خۆڵ و خاشاکە.

بابەتێکی دی کە لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ توێژینەوەمان لەسەر کرد، ئەوە بوو کە ڕێژەی دەردانی تاك بۆ خۆڵ و خاشاك چەندە؟ ۱,۰۱ دەرچوو، واتە کیلۆگرامێك و نزیکەی ۱۰ گرام، ۲۰ گرام، ۳۰ گرام، ئەوە تەنیا لە شاری هەولێر، لێرە لە چوارچێوەی شاری هەولێر ئەنجامان داوە.

دێینە سەر خاڵێکی دیکە کە ئێمە کێشەمان لێی هەیە، ئەویش نەبوونی هۆشیاریی ژینگەییە. بەڕاستی بابەتی هۆشیاری ژینگەیی زۆر زۆر خراپە، هۆشیاری ژینگەیی بابەتێکی زۆر گشتییە و ناکرێت چاوەڕوان بیت، تەنیا حکومەت بێت و بابەتی هۆشیاری ژینگەیی بڵاو بکاتەوە، بەڵکو پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان هەر لەم هۆڵەدا کە بازنەی گفتوگۆی تێدا بەڕێوە دەچێت، نووسراوە بیست و هەشتەمین گفتوگۆ، ئەمە واتە دوای بیست و هەشت بازنەی گفتوگۆ ئەوجا سەرەی ژینگە هاتووە، ئەگەر وابێ ئەمەش جێگەی ڕەخنەلێگرتنە. ئەم ڕەخنەیەم بۆ هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندنە، بەڕاستی هیچ گرنگییەك بە ژینگە نادەن، ئەگەر بایەخیشی پێ بدەن، زۆر کەم بایەخی پێ دەدەن.

سێیەم بابەت، باسی زبڵخانەی کانی قرژاڵە کرا. مەزندەیەك لای خەڵك هەیە و پێیان وایە ئێمە زبڵ و خاشاك دەسووتێنین، ئێمە زبڵ و خاشاك ناسووتێنین، من زۆر گوتوومە «٦۰۰۰ ساڵ پێش ئێستا مرۆڤ چی لە زبڵ و خاشاك کردووە، ئێمە ئێستاش هەروای لێدەکەین. چاڵێکمان لێداوە، دەیخەینە ناوی و دایدەپۆشین. لەوە زیاتر چیمان هەیە؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمان داوە چارەسەری باش بکەین بۆ ڕێگریکردن لە ئاگرگرتنی ئەو زبڵە، چونکە ئەوەی لێرەیە هەمووی شارەزایە، دەزانێ چ کارلێکێکی کیمیایی، چ گازێك لەژێر ئەو زبڵە هەیە. چ مەترسییەکە کە ئەو هەموو زبڵ و خاشاکە ڕۆژانە دانەپۆشن. بۆیە لە ڕێگەی لێدانی چاڵەکانەوە بێ، لە ڕێگەی داپۆشینی ڕۆژانەوە بێ، هەوڵمان داوە ئەگەری کەوتنەوەی ئاگر لەو زبڵخانەیە دوور بخەینەوە، لەبەر ئەوەی پێنج شەش ساڵ پێش

**تەنیا لە سەنتەری شاری هەولێر لەگەڵ ۲۰ قەزا و ناحیەی دەوروبەری، ڕۆژانە ٦۰۰ تەن پاشماوەی خۆراکمان هەیە**

**لە کۆی پرۆسەی پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاك، ملیارێك و ٤٥۰ ملیۆن دینار خەرج دەکەین**

**هۆشیاری ژینگەیی بابەتێکی زۆر گشتییە و ناکرێت چاوەڕوان بیت، تەنیا حکومەت بێت و بابەتی هۆشیاری ژینگەیی بڵاو بکاتەوە**

**٦٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا مرۆڤ چی لە زبڵ و خاشاک کردووە، ئێمە ئێستاش هەروای لێدەکەین. چاڵێکمان لێداوە، دەیخەینە ناوی و دایدەپۆشین**

**گەورەترین پارکمان هەیە لەسەر ئاستی عێراق، بەرزترین ئاپارتمان هەیە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست کە زانیاری تاوەرە، بەڵام کارگەیەکی «ریسایکلینگ»مان نییە**

ئێستا و پێش دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم، یەکێك لە کێشەکانی شاری هەولێر زبڵخانەی کانی قرژاڵە بوو. کەم ڕۆژ هەبوو پۆستێك لە فەیسبووك نەکرێت، یان یەکێك نەیەتە سەر تەلەفزیۆن بڵێ ئێمە ژیانمان نەماوە بە هۆی دووکەڵ و بۆنی زبڵخانەی کانی قرژاڵە. ئێستا ئەو شتە نەماوە، بە شانازییەوە دەڵێم ئێستا با بچینە زبڵخانەی کانی قرژاڵە، لەناو زبڵخانەی کانی قرژاڵە ناڵێم هەوایەکە شتێکی دروستە، بەڵام بۆنەکەمان بڕیوە، ئاگرمان بڕیوە، دووکەڵمان بڕیوە. ئەوە یەکێکە لەو کارانەی کە ئێمە کردوومانە و بەڕاستی شانازی پێوە دەکەین کە کارێکی باشمان کردووە.

دێینە سەر بابەتی بەدیلی زبڵخانەی کانی قرژاڵە. یانی ڕەخنەیەکی زۆر دەگیرێ کە بۆچی بەدیلی زبڵخانەی کانی قرژاڵە نییە؟ بەڕاستی غەدر لە شاری هەولێر دەکەین، ئێمە گەورەترین پارکمان هەیە لەسەر ئاستی عێراق، بەرزترین ئاپارتمان هەیە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زانیاری تاوەرە، بەڵام کارگەیەکی «ڕیسایکلینگ»مان نییە، یان کارگەی ڕیسایکل نا، کارگەیەکی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاکمان نییە، چونکە بەس ڕیسایکل نییە، خۆتان باشتر دەزانن، چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك تەنیا لە ڕێگەی ڕیسایکلەوە نییە، بە چەند ڕێگایەکی دیکە هەیە. بۆیە یەکێك لە غەدرەکان کە لە هەولێر کراوە، نەبوونی کارگەیەکی ڕیسایکلینگە. بۆیە دەپرسین بۆچی لە ساڵی ٩١ـەوە کە خاوەنی حکومەتی خۆمانین، کارگەیەکی ڕیسایکلینمان لە هەولێر نیە، ئێستا ئەو کارگەیە لە دهۆك هەیە، من وا هەست دەکەم، خۆم هەمە. هەرچەند کوالێتییەکەی باشە و باش نییە و لە ٧٠٪ی زبڵەکەی ئێستاش ژێر خاك دەکاتەوە، بەڵام ٣٠٪ی دێتەوە بۆ کارگەکە و لە ٣٠٪یش ١٠٪ی ڕیسایکل دەکاتەوە، ٩٠٪ی دەگەڕێتەوە. بەڵام هەرچۆنێك بێت کارگەی ڕیسایکلینی هەیە، کە لە هەولێر نییە، ئەوەش جێگەی پرسیارە و دەبێت بپرسین بۆ نییە؟

بۆیە بە نەبوونی کارگەی ڕیسایکلینگ بەڕاستی غەدرێکی زۆر لە هەولێر کراوە، ئەو لایەنانە بەرپرسن بەداخەوە ئەندامەکانیان نەهاتوون بۆ ئەم گفتوگۆیە، ئەوە وەفا خان نوێنەری بەڕێز بەیان خانە، دەتوانێت ئەو بابەتە بگەیەنێت، هەرچەند بابەتەکە شتێکی شاراوە نییە و بەڕاستی گوناهە لە شاری هەولێر کارگەیەکی ڕیسایکلین، یان کارگەیەکی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاکمان نییە.

کێشەکەش ئەوەیە ئێستا یەکێك لە ئاڕەکان کە زیاد کراوە، ئێستا Rethinkـە. یانی لە Remove و Recycle و Reuse تێپەڕیوە، گەیشتووەتە دووبارە بیرکردنەوە کە بگۆڕێت. ئێستاش خەڵکێکی زۆر و یەکێك لە بەرپرسە باڵاکان کە باسی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك دەکا، وا دەزانێ ئەو زبڵەی کە هەیەتی سامانێکە، ئەگەر دایە کۆمپانیایەك دەبێ مانگانە پارەی لێ وەربگرێ. کاکە وا نییە، هەموو وڵاتانی جیهان پارەیەکی زۆر لە زبڵ و خاشاك سەرف دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن، قازانجەکەت لە سەرفکردنی ئەم پارەیە پاراستنی ژینگەیە لە ٢٠ ساڵی داهاتوو، پارە کەمتر لە کەرتی تەندروستی سەرف دەکەیت، پارە کەمتر لە کەرتی پەروەردە سەرف دەکەیت، منداڵی ئۆتیزمت کەم دەبێتەوە، منداڵی ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە چارەسەری دەروونی نامێنێ، سەنتەرە دەروونییەکانت کەم دەبێتەوە. بەڵام بەداخەوە لای ئێمە کە پێی دەڵێی کارگەیەکی ڕیسایکلین دادەنێم، یەکسەر شۆك دەیگرێت و دەڵێت: من ڕۆژانە بۆ هەر تەنێك خۆڵ و خاشاك ٦٠ دۆلار سەرف بکەم؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، ئەی ئێستا هەر تەنێك خۆڵ و خاشاك بە چەند چارەسەر دەکەین؟ بێگومان بە ٧٥٠ هەزار دینار. ئەی باشە زۆر زەحمەتە لەو قەیرانە داراییەی کە ئێستا ئێمە هەمانە، بەرپرسێکی باڵا قەناعەت پێ بکەیت، بڵێی وەرە کاکە من ٢٠٠٠ تەنم هەیە، ڕۆژانە بە ٦٠ دۆلار بۆ هەر تەنێکی کارەکە دەکەم، لە کاتێکدا ئێستا بە ٧٥٠ هەزار دینار دەیکەم. بۆیە بۆ ئەم پرسە دەبێت یەکێك بیکات کە لە چەمکە ژینگەییەکان تێگەیشتبێت، بەڕاستی خەمخۆری ژینگە بێت، بەڕاستی بزانێت کە ئەو کاریگەرییە ژینگەییانە، ئەو مەترسییە ژینگەییانە چین کە کێشەی هەیە و چۆن چارەسەر دەکرێن.



شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ :

# ململانێی نێوان دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان ڕێگرە لەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا جێبەجێ بکرێن



**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستە ڕوو.**

یەکێك لەو گرفتە سەرەکییانەی ئەمڕۆ جیهان بە دەستیەوە دەناڵێنێت و تاڕاددەیەکی زۆریش دەستەوەتانە لە چارەسەرکردنیدا، گرفتی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوایە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هاوسەنگیی سرووشت کردووە و هەموو نەتەوە و دەوڵەتانی جیهانی بە ئاستی جیاواز گرتووەتەوە.

ئەم مەترسییە گەورەیە ماوەی ٣٠ ساڵە نەتەوە یەکگرتووەکان هەستی پێ کردووە و ساڵانە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بەسەر پەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ناونیشانی «کۆنفرانسی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە گۆڕینی کەشوهەوا «COP»ساز دەکات. دوایین کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەم پرسە « COP٢٩» بوو، کە ساڵی پار لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بەڕێوە چوو، هەموو ساڵێکیش ئەم کۆنفرانسەدا کۆمەڵێك بڕیار و ڕاسپاردە دەردەکات، بۆ ئەوەی ڕێگری لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بکرێت، بەڵام ململانێی نێوان دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان ڕێگرە لەوەی ئەو بڕیار و ڕاسپاردانە جێبەجێ بکرێن.

کەواتە ئەوەی بووەتە هۆکار کە ناتوانرێت چارەسەرێك بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بدۆزرێتەوە، «نەبوونی لێکتێگەیشتن و هاریکاریی نێوان دەوڵەتانە»، ئەوجا ئەگەر ئەم بۆچوونە بگوازینەوە بۆ ناو ئەم گفتوگۆیە «گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان»، وەك بەڕێزانیش ئاماژەیان پێ کرد و هەڵوەستەی جددییان لەسەر کرد، ئەوا ئاستەنگی سەرەکی لە بەردەم پرۆسەی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانیش دیسان نەبوونی «لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی و هاریکارییە» لە نێوان وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ژینگە و ڕێکخراوە ژینگەپارێزە ناحکوومییەکانە، هەر بۆیە چەند

جارێك جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە:

١- پێویستە پێگەی ژینگە لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی دەستەوە جارێکی دیکە بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی وەزرات، بۆ ئەوەی وەزیری ژینگە هەفتانە لە ناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا ئامادەبوونی هەبێت و قسەی خۆی هەبێت.

٢- دووبارە هەموارکردنەوەی یاسا ژینگەییەکان، توندترکردنی جێبەجێکردنی یاسا ژینگەییەکان و دامەزراندنی دادگایەکی ژینگەیی.

٣- دامەزراندنی ئەنجومەنێکی باڵای ژینگە بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی حکومەت، یان جێگرەکەی، کە تیایدا وەزارەتەکان بە پلەی ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی ئەندامیان لەو ئەنجومەنە هەبێت و مانگانە، یان دوومانگ جارێك لەسەر پرسە ژینگەییەکان کۆ ببنەوە.

خاڵێکی دیکە کە بووەتە گرفت بۆ ژینگەی کوردستان، نەبوونی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگییە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك بەڕێز سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ کرد، کە بەپێی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دارشتنی ستراتیژیەتی ژینگە دەبێت بە هاوبەشی بێت لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەك نوێنەری نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە جەختی لەسەر کردەوە، ئەم پرسی ژینگەیەش لەلایەن بەغداوە کراوەتە پرسێکی سیاسی و، ئەو بوودجەیانە بۆ هەرێمی کوردستان نانێرن کە لەلایەن سندوقی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق دیاری دەکرێت، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت ئەو پرۆژە ژینگەییانە جێبەجێ بکرێن کە پەیوەندیدارن بە ژینگەوە، وەك «ئاستی ستاندەری کاربۆن «carbon credit»، پیادەکردنی بەرهەمهێنانی وزەی پاك، دروستکردنی سەوزایی زیاتر و دارستانی گەورە و...هتد.

خاڵێکی دیکە کە وەك مەترسییەکی گەورە لەسەر کۆی لایەنەکانی ژینگە (هەوا، ئاو، خاك) هەڵوەستەی لەسەر کرا، بوونی ئەو پاڵاوتگە نایاساییانەن کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان هەن و لە هەولێر زیاترن، هەروەها کارگەیەکی ڕیسایکلین و پرۆسەی چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك لە هەولێر نییە.

ئەوجا وێڕای ئەم هەموو ئاستەنگ و گرفتانە بەڵام لە ماوەی ٥-٦ ساڵی ڕابردووی کابینەی نۆیەمدا و وەك لەو پڕۆژانەدا دەبینین کە جێبەجێ کراون و ئەوانەشی ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندان، هەروەها لە ئامادەبوونی شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسەکانی «COP» دەبینین، کە تا ڕاددەیەکی زۆر باش پرسی پاراستنی ژینگە و ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بووەتە ئەولەوییەتی بەرنامەی حکومەت و ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کە ئومێدی ئەوە دەخوازین لەم خولەی پەرلەماندا یاسا ژینگەییەکان هەموار بکرێنەوە و دادگایی ژینگەیی دابمەزرێت و، بەرنامەی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زیاتر بایەخ بە ژینگە و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بدات.

خاڵێکی دیکە کە دیسان نوێنەری نووسینگەی سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێ کرد، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بووەتە ئەندام لە یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی سرووشت «IUCN»، هەروەها بووەتە ئەندام لە ڕێکخراوی پاراستنی چیاکان، بەتایبەتی ئێستا ئێمە لە کوردستان گەورەترین پارکی نیشتمانیمان هەیە «ناشناڵ پارکی هەڵگورد و سەکران» بەداخەوە تا ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تۆمار نەکراوە.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هەتا ئێستاش ژینگەی هەرێمی کوردستان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە بازنەی «ژینگە مەترسیدارەکان» پۆلێن بکرێت، وەك چەندین جاریش لەم گفتوگۆیە جەختی لەسەر کراوەیە «بەبێ هەماهەنگی و هاریکاری و تێگەیشتن لە ژینگە» لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگەدا ناتوانرێت هەنگاوی گرنگ بۆ پاراستنی ژینگە هەڵبگیرێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەرکەکانی حکومەت ئاشکران و لە چەندین بواردا وەك دروستکردنی «بەنداو، پۆند، پارکی گەورە، دروستکردنی دارستان و...» هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە، دەمێنێتەوە هەماهەنگی و هاریکاریی کۆمەڵگە بۆ پاراستنی ژینگە، کە ئەمەشیان بە پلەی یەکەم لە هەماهەنگی و هاریکاری و لێکتێگەیشتنی کۆی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ناویاندا یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان و کۆی زانایانی ئایینی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پشکی شێریان بەردەکەوێت.

لەم گفتوگۆیە پێشنیاری ئەوە کرا، قەزای مێرگەسۆر بکرێتە «پایتەختی ژینگەپارێزی» ئەم ناوە لەگەڵ ئەوەی شایەنی دەڤەری بارزان و قەزای مێرگەسۆرە، بەڵام پێشنیاری من بۆ مێرگەسۆر ئەوەیە کۆلیژێك، یان پەیمانگایەکی تایبەت بە ژینگە لەوێ بکرێتەوە.

**ئەوەی بووەتە هۆکار کە ناتوانرێت چارەسەرێک بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بدۆزرێتەوە، «نەبوونی لێکتێگەیشتن و هاریکاریی نێوان دەوڵەتانە**

**ئەو بوودجەیانە بۆ هەرێمی کوردستان نانێرن کە لەلایەن سندوقی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق دیاری دەکرێت**

**تا ڕاددەیەکی زۆر باش پرسی پاراستنی ژینگە و ڕێگرتن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بووەتە ئەولەوییەتی بەرنامەی حکومەت و ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت**

**ژینگەی هەرێمی کوردستان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە بازنەی «ژینگە مەترسیدارەکان» پۆلێن بکرێت**



### پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# پارێزگاری لە ژینگە هەماهەنگی کۆی سیستم و دامودەزگا کارگێڕی و تەشریعییەکانی دەوێت

**پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی «کوردیش گلۆب»ـە کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان» بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.**

ژینگەپارێزی بەشێکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکان هەموویەتی، چونکە تەنیا مرۆڤ نییە بە پاکبوون و پیسبوونی ژینگە بەرکەوتە دەبێت، بەڵکو هەموو بوونەوەران بە گوێرەی شوێنی ژیان و خواردن و هەناسەدان و زاوزێ و زۆربوونیان بەشێکن لە ژینگە. بۆیە ئەم تابلۆ یەك پارچەیە دەبێت لە ئەندێشەی مرۆڤدا بکێشرێت، مرۆڤ کە سەرداری هەموو بوونەوەرانە و دەتوانێت هۆکاری سەرەکی بێت بۆ پیسکردن و پاکڕاگرتنی ژینگە، پێویستە لەناو ئەم تابلۆیە خۆی و ڕۆڵی خۆی ببینێتەوە.

ئێستا کە سەیری کۆمەڵگەی خۆمان بکەین، مرۆڤ هەستی بوون لەناو ئەو تابلۆیەی نییە، بۆ نموونە ماڵەکەی خۆی پاك دەکاتەوە، فێنکی دەکاتەوە، گەرمی دەکاتەوە، ئیتر بایەخی نییە دەرەوەی ماڵەکەی خۆی چەند ژینگە پیس دەبێت و کاریگەری دەبێت لەسەری. ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دەشوات، باکی نییە چەندە ئاو بەفیڕۆ دراوە و چەندە مادەی پیس و خراپ دەکاتە سەر زەوی و ژێر زەوی. چونکە چوارچێوەیەکی تەسك و بچووکی کێشاوە لە چواردەوری خۆی و خێزانەکەی و ماڵەکەی و باخەکەی و ئۆتۆمبێلەکەی، ئەوەندە دەپارێزێت. ئیتر ئەو هۆشیاری و هەستەی نییە، کە بزانێت، ئەو چوارچێوە تەسکەی خۆی دایناوە، هەموو ئەو شتانەی ژینگەی دەرەوەی ماڵەکەی پێ پیس دەکات، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ خۆی و بۆ ژیانی و بۆ خێزانەکەی. دروستکردنی ئەم

هەستە بۆ مرۆڤ بە پەروەردە دەکرێت، واتە کۆی سیستمەکانی پەروەردە (بە خێزان و قوتابخانە و ئایینەوە) دەبێت لە منداڵییەوە ئەم هەستی ژینگە پارێزییە بۆ مرۆڤ دروست بکەن. دەبێت ژینگە پارێزی بکرێتە ڕەفتار و کەلتوور و ئیتیک و ئەخلاق، نەك وەك ئەرکێکی لاوەکی لێی بڕوانین، بۆ ئەمەش دەبێت لە دایەنگەوە لە وانەکان و یارییەکانی منداڵ ئەمە بچەسپێنرێت لە ئەندێشەی مرۆڤ، تاکو قوتابخانە و مزگەوت و کەنیسە و شوێنە پیرۆزەکان. لە هەمان کات ڕاگەیاندن ڕۆڵی یەکلاکەرەوە و کاریگەری هەیە لەوەی چۆن شتێك باش، یان خراپ پیشان بدات.

بەداخەوە ئەمرۆ ئێمە ڕاگەیاندن بۆ ئەم پرسە و پرسەکانی دیکە کە دەمانەوێت هۆشیاری دروست بکەین، تەنیا چەند دروشمێکە لە

**دەبێت ژینگە پارێزی بکرێتە ڕەفتار و کەلتوور و ئیتیک و ئەخلاق، نەک وەک ئەرکێکی لاوەکی لێی بڕوانین**



هەندێك کاتدا، دەبێت بە فیلم ودۆکیومێنتاری و ڕاپۆرت، داتا و زیانەکانی نەپاراستنی ژینگە پیشانی خەڵکی بدەین. پارچە پلاستیکێك بە نموونە ئێمە فڕێی دەدەینە ژینگە، چ کاریگەرییەك دەکاتە سەر ژینگە و هەناسەدان و هەوا و ئاومان؟ دەبێت بەرنامەی تایبەت بە پشتبەستن بە داتا و دەرەنجامی زیانەکان و قوربانییەکان دەرهاویشتەکان بخەینە ڕوو، ئەمە لەسەر ئاستی تاك، لەسەر ئاستی گشتی و وڵات، ژینگەپارێزی دەبێت مەرج و کۆدی هەموو پرۆژە و کارێك بێت، لە وڵاتان چۆن مەرجی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل هەیە، ئاواش مەرجی ژینگەپارێزی و باجی ژینگە هەیە. دەبێت لە بیناسازی و بازەرگانی و باخداری و ئاژەڵداری کە ڕێگە دەدرێت بە کەسێك، یان کۆمپانیایەك بیکات، باج و مەرجی ژینگەیی هەبێت. بازرگانێك کە بازرگانی شمەکی پلاستیکی دەکات، هەرزانترین و خراپترین جۆری پلاستیك دێنێتە وڵات، نابێت ڕێگەی پێ بدرێت. دەبێت کوالێتیی کۆنترۆڵ هەبێت بۆ ئەو شمەکانەی بەرهەم دێن و هاوردە دەکرێن. نەك تەنیا پلاستیك، زۆربەی شمەکەکان تەنانەت قوماش و جلوبەرگ و یارییەکانی منداڵ و ئەو کەرەستەکانی بەکاری دێنین لە ماڵان، کە زۆرینەی هیچ کوالێتیی تەندروستییان تیا نییە و لە هەمان کات لە ژینگەش بە خراپی کاریگەری دەمێنێتەوە.

تەندروستی و پەروەردە و ژینگە و بیناسازی و گەشتیاری و گواستنەوە و پیشەسازی بەرهەم هێنانی خۆراك و شمەك، دەبێت هەموویان بە یەك سیستم کار بکەن لەگەڵ ژینگەدا. ئەگینا تەنیا بە فەرمانگەیەك و کۆمەڵێك هۆشیاری ئەم ژینگەیە پارێزراو نابێت. زیندووترین نموونەمان کەسێك باڵەخانەیەك دەکات بە چەندین ئامێری ئێرکۆندیشن گەرم نابێت و فێنك نابێتەوە، دەبێت بۆ ئەمە ڕێنمایی مەرجی بیناسازی بۆ پاراستنی ژینگە هەبێت و باج دانرێت، ئەو کات خەڵك پابەند دەبێت بە هەموو مەرجەکان کە زانی باج هەیە. مرۆڤ ئیتر بە گرتنەبەری ئەم پرەنسیپانە، دەست کراوە نابێت لەوەی چۆن هەڵسوکەت و ڕەفتار دەکات و چۆن ژینگە بەکار دێنێت، ئێستا دەستکراوەیە و چی دەکات، دەیکات بۆ ژیانی خۆی بێ گوێدانە ژینگە.

**دەبێت بە فیلم ودۆکیومێنتاری و ڕاپۆرت، داتا و زیانەکانی نەپاراستنی ژینگە پیشانی خەڵکی بدەین**



## د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# بەرەوپێشچوونە مادییەکان کە ئاوڕێکی کرداریی بەرهەمداریان لە پاراستنی ژینگە نەداتەوە، کەلێنێکی کەلتووریشیان دروست کردووە

**د.جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستایە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین — هەولێر، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو.**

وەك باس دەکرێ پیسبوون و تێکدانی ژینگە گەورەترین ئالنگاری و مەترسیی سەردەمە لەسەر بەردەوامبوونی ژیان، خودی مرۆڤیش کارەکتەری سەرەکیی ئەم تێکچوونەیە، کە بەهۆی داهێنانە زانستییەکان و تەکنەلۆژیاوە بەردەوامە لەسەر پیسکردن و شێواندنی ژینگە. بەرەوپێشچوونە ماددییەکان کە ئاوڕێکی کردارییی بەرهەمداریان لە پاراستی ژینگە نەداتەوە، کەلێنێکی کەلتوورییشیان دروست کردووە و بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ توخمە کەلتوورییە تەقلیدییەکانی پێشتر نەهێشتووەتەوە، کە ڕەفتارەکانی مرۆڤیان لە بەرانبەر ژینگەدا سنووردار دەکرد. دیارە مەبەستی من ڕۆچوونە ناو ئەوە نییە کە مرۆڤ بۆچی بەردەوامە لە تێکدانی ژینگە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو میکانیزمانە چین کە دەکرێ بەسوود بن بۆ سنووردارکردنی شێواندنی ژینگە لە لایەن مرۆڤەوە، لەو نێوەندەشدا ڕێك دەمەوێ لەوێوە دەست پێ بکەم، کە مەبەست چییە لە بە کەلتوورکردنی ژینگەپارێزی؟

بەکەلتوورکردنی ژینگەپارێزی گەڵاڵەکردنی هەموو ئەو بەها و بیروباوەڕ و لێهاتوویيە کۆمەڵایەتییانەیە کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە جۆرێك ڕێك دەخەن، تا بە گرنگییەوە بڕوانێتە پاراستنی ژینگە و، هێشتنەوەی بە شێوەیەکی تەندروست وەك قەڵغانێك بۆ پاراستن و بەردەوامیدان بە ژیان لەسەر ڕووی زەوی، بەو واتایەی کەلتوور و لێهاتووییەکی کۆمەڵایەتیی ئاست بەرز دەتوانێ نەوەیەکی ژینگەدۆست پێبگەیەنێت، کە تێبگات لەوەی تێکدانی ژینگە سەرگەردانکردنی ژیانی خۆی و نەوەکانی داهاتووشە.

لەوەی کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (traditional culture) کەلتووری تەقلیدی جۆرێك پەیوەستی ڕۆحی بە سرووشتەوە هەیە و مرۆڤ خاوەن زەوی نییە، بەڵکو چاودێرە و دەبێ ڕەچاوی میتۆدی سوودلێوەرگرتن و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سرووشت بەڕێزەوە بکات

و دەستیان پێوە بگرێت. یەکێك لە هەڵسووڕێنەرە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە کەلتوورەش ئەو مەعریفەیە کە لیدەرە ڕۆحی و تاکەکان سەبارەت بە ژینگە، بە واتای شوێنی خۆجێی هەیانە و نەوە لە دوای نەوە دەستیان پێوەی گرتووە، لە یەك کاتدا هەم پێداویستییەکانیان دابین کردووە، هەم سەرچاوە سرووشتییەکانی ژینگەشیان پاراستووە، هەر تەنیا بۆ مرۆڤەکان نا، بەڵکو بۆ هەموو ئەو گیانەوەر و زیندەوەرانەی دیکەش کە لەسەر وشکانی و ئاو و هەوادا دەژین. ئەگەر بە مێژوودا شۆڕ ببینەوە، دەبینین بە دەیان خوو و نەریتی کەلتووری هەبوون کە وەك ئەخلاق و بەشێك لە کۆویژدان ئەم کارەیان زۆر بە ڕێکوپێکی ئەنجام داوە. ئایسلەندییەکان شێوازی ڕاوکردنی ماسییان بە جۆرێك ڕێك خستووە، تا زیادەڕۆیی لە ڕاوکردندا نەکرێت، ئەمازۆنییەکان پەیڕەوییان لە کشتوکاڵکردنی ڕەوەندییانە کردووە لەپێناو ژیانەوەی دارستاندا. لە بیروباوەڕی هیندییە سوورەکانی ئەمریکادا هەموو زیندەوەر و توخمە ژینگەییەکان لە تۆڕێکی پەیوەندیی تۆکمەدا بەیەکەوە پەیوەستن، لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سرووشتدا ئەوەی زیادە دەبێ بۆ سرووشت بگەڕێندرێتەوە و بەکارهێنانەکە تا حەوت پشت (نەوە) گرفتی کەمیی سەرچاوەی بژێوییان بۆ دروست نەکات. ئەوان شێوازێکی تایبەتی کۆنترۆڵکردنی ئاگریان پەیڕەو دەکرد، بۆ ڕێگەگرتن لە کەوتنەوە و تەشەنەسەندنی ئاگری گەورە لە دارستانەکاندا، پەیڕەویان لە کۆکردنەوە و پاشەکەوتکردنی بەردەوامی سەرچاوە خۆراکییەکان و دەرمان و کەرستەی پێویست و پاراستنی سەرچاوەکانیان دەکرد لە لەناوچوون، ڕەوەندانە ژیانیان دەکرد و لەگەڵ وەرزەکاندا شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان دەگۆڕی، نەوەکا زیاد لە پێویست سەرچاوە خۆراکییەکانی ناوچەیەك بەکار بهێنن. لەناو کوردیشدا بنەما ئایینی و ڕێباز و تەریقەتەکان ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە لە هاندان بۆ پاراستنی ژینگە، ئەو کەلتووری ژینگەپارێزییەی لە دەڤەری بارزاندا هەیە، نموونەیەکی ڕۆحانی و پیرۆزی و پەیوەستبوونە بە خاکەوە، بە جۆرێك کە بووەتە کەلتوورێکی ناوازە و شوێنەکانی دیکەش هیوای لەسەر هەڵدەچنن، ئەمە جگە لەوەی بۆ کورد پاراستنی ژینگە بەشێکە لە خەباتی نەتەوەیی و لێرە و لەوێ خەڵکانێك دەبینین، وەك میکانیزمێکی خەباتی نەتەوەیی بانگەشەی بۆ دەکەن. لە سەروبەندی بڕینەوەی بەشێك لە درەختەکانی سەر سنوور لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی تورکیا، بینیمان چۆن دەنگی نارەزاییەکان بەرز بوونەوە، لەو ئاگرانەی ساڵانە لە زنجیرە چیای زاگرۆسیش دەکەونەوە، دەبینین چۆن کوردانی ڕۆژهەڵات بە ڕۆحییەتێکی نەتەوەیی و ژینگەدۆستانەوە هەوڵی پاراستنی ژینگە دەدەن، بەڵام دەپرسین: ئایا لە سەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیا و بەرهەمەکانی بێ ڕادە تێکەڵ بە ژیانی ئێمەش بوون و کەوتووینەتە کەلێنێکی کەلتوورییەوە، هەوڵە خۆجێی و نەریتە کەلتوورییەکان بە تەنیا دەتوانن ژینگەکەمان لە پیسبوون و شێواندن ڕزگار بکەن؟

لەسەردەمێکدا دەژین کە گومانی تێدا نییە نەریتە کەلتووری و بەها و بیروباوەڕەکان سەرباری بایەخ و گرنگییان لە پاراستنی ژینگە، بەڵام بەرەو لەناوچوونن، بەهۆی ئەوەی نەوەیەك پێگەیشتووە و لەڕێیە کە تەنیا وێڵی شێوازە ژیانێکی سەردەمییە و بایەخ بە پاشخانی مەعریفی لە ڕووی فکر و لایەنی ڕۆحییەوە نادات، ماددەخوازی و کاڵادۆستی و ستایلی دەرکەوتن، هەموو ژیانی ئەوانی داگیر کردووە. لە لایەکی دیکەوە مەعریفەی تەقلیدی هێندەی لێی دراوە، هێندە نەخراوەتە نێو میتۆدەکانی خوێندن و پەروەردەکردنی زۆرینەی دەزگا و دامەزراوەکانی پەروەردە و پێگەیاندن. باشترین میکانیزم بۆ پاراستنی ژینگە لەم سەردەمەدا، تێکەڵکردنی مەعریفەی تەقلیدی و سەردەمییە لەڕێی میتۆدەکانی خوێندن و پێگەیاندنەوە، کە ئەمە لەباریدا هەیە سیستم و شێوازە ژیانێك دروست بکات، کە ڕێز لە کەلەپوور و سەرمایەی کەلتووری بگرێت، ڕێگەش لەو ئالنگارییانە بگرێت کە ئەم سەردەمە ڕووبەڕووی ژینگە دەبنەوە. ئەگەر جۆرەها یاسای نووسراو بۆ پاراستنی ژینگە گەڵاڵە بکرێن، ناتوانن ڕووبەڕووی ئالنگارییەکانی بەردەم ژینگە ببنەوە تا ئەو کاتەی ناوەڕۆك و بەرگێکی ڕۆحی و خاکدۆستی و ژیان وەك ئاکاریان بە بەردا نەکرێت، لە جیات بەستنەوەی جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە پاراستنی ژینگە هەر تەنیا بە سزای ماددی و بەندکردن، دەبێ ویژدانیش وەك دادگایەکی خۆکردی هەمیشە چاودێر بەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی مرۆڤ، هەستی بەرپرسیارێتی لای تاکەکان دروست بکات و ناچاریان بکات بە گرنگییەوە بڕواننە پاراستنی ژینگە، ئەگەر وا نەبووایە خۆ خاوەن کارگە و پاڵاوگەکان دەبینن هەوا چەندە پیسە و دیمەنێکی ناشیرینی بە شارەکان بەخشیوە، خۆ دەبیستن ڕاپۆرتە پزیشکییەکان لەبارەی هەڵکشانی ڕێژەی تووشبوون بە شێرپەنجەوە چی دەڵێن و دەشزانن بەپێی یاسا ئەوەی دەیکەن ڕێگەپێدراو نییە، ئەی بۆ هەر بەردەوامن لەسەر گیرفاندۆستییان لەسەر حیسابی تەندروستیی خەڵك؟ کەواتە تا پاراستنی ژینگە بەرگ و ڕەهەندێکی ڕۆحی و ئەخلاقی و کۆویژدانانەی بە بەردا نەکرێت، یاسا و ڕێوشوێنە فەرمییەکانی پاراستنی ژینگە ئەنجامێکی ئەوتۆیان نابێت.

**پیسبوون و تێکدانی ژینگە گەورەترین ئالنگاری و مەترسیی سەردەمە لەسەر بەردەوامبوونی ژیان، خودی مرۆڤیش کارەکتەری سەرەکیی ئەم تێکچوونەیە**

**بەکەلتوورکردنی ژینگەپارێزی گەڵاڵەکردنی هەموو ئەو بەها و بیروباوەڕ و لێهاتووییە کۆمەڵایەتییانەیە کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە جۆرێک ڕێک دەخەن، تا بە گرنگییەوە بڕوانێتە پاراستنی ژینگە**

**کەلتوور و لێهاتووییەکی کۆمەڵایەتیی ئاست بەرز دەتوانێ نەوەیەکی ژینگەدۆست پێبگەیەنێت، کە تێبگات لەوەی تێکدانی ژینگە سەرگەردانکردنی ژیانی خۆی و نەوەکانی داهاتووشە**

**ئەو کەلتووری ژینگەپارێزییەی لە دەڤەری بارزاندا هەیە، نموونەیەکی ڕۆحانی و پیرۆزی و پەیوەستبوونە بە خاکەوە**



فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا وەرچەرخانی لە بارودۆخی جیۆسیاسیی جیهاندا دروست کردووە

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (گرنگیی بایەخدان بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە دید و تیڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

د.سیروان کەرکووکی کە یەکێکە لە زانا دیارەکانی ئایینی ئیسلام لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، لە تازەترین کتێبیدا بە ناونیشانی «دین و ژین و ژینگە» سەبارەت بە ژینگە نووسیویەتی «ژینگە نیعمەت و بەخششی خودایە بۆ مرۆڤ، مرۆڤ دەبێ لە ژینگەوە گوزەران و بژێویی ژیانی بەدەست بهێنێت بەو مەرجەی زیانی پێ نەگەیەنێت، سەرنج بدە پەوەردگار دەفەموێت: «كُلُوا وَاشْرَبُوا مِن رِزْقِ اللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ».

کەواتە بەپێی ئەم ئایەتە پیرۆزە، پاراستنی ژینگە ئەرکێکی ئایینییە و پەروەردگار داوا لە بەندەکانی خۆی دەکات ئەم نیعمەتە نەشێوێنن، لەم چوارچێوەیەدا ڕێزنەگرتن لە ژینگە، یان هەوڵدان بۆ تیکدانی ژینگە، جۆرێکە لە گەندەڵی بەرامبەر نیعمەتێك کە پەوەردگار پێی بەخشیوین.

زانای بەناوبانگی ئیسلامیی مەغریبی تەها عەبدولڕەحمان لە کتێبیکیدا بە ناونیشانی «پرسیاری ئاکار – سؤال الاخلاق»، لە یەکەم لاپەڕەی کتێبەکەیدا فەموودەیەکی پێغەمبەر «د.خ» داناوە، کە دەفەرموێت «إنما بُعِثْتُ لأُتَمِّمَ مكارمَ الأخلاقِ- من تەنیا بۆ تەواوکردنی ئاکارە باشەکان نێردراوم»، ئەم زانا گەورەیە لە شرۆڤەیدا بۆ ئاکاری باش، نووسیویەتی «بێجگە لە پەروەردگار هیچ کەسێك خاوەنی نیعمەتەکان نییە، مرۆڤ دەبێت لە چوارچێوەی ئاکاری باشدا وەك ئەمانەت مامەڵە لەگەڵ نیعمەتەکانی پەوەردگاردا بکات».

ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوەیەوە سەیری ژینگە و ڕاگرتنی هاوسەنگیی سرووشت بکەین، ئەوا زۆر ڕاشکاوانە دەبینین، ئەوەی هاوسەنگیی ئەم

سرووشتەی ڕاگرتووە، ئەو نیعمەتانەیە کە خودا لە سرووشتدا بۆ مرۆڤی دابین کردووە، مامەڵەی خراپی مرۆڤ لەگەڵ هەر یەك لەو نیعمەتانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو سرووشتە بشێوێندرێن.

پرسی ڕاگرتنی هاوسەنگیی سرووشت، لە ئێستای جیهاندا بووەتە پرسێکی گرنگ بۆ مرۆڤایەتی و، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بە ناوی «یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی سرووشت - International Union for Conservation of Nature» لەسەر ئاستی جیهان هەوڵ بۆ پاراستنی ڕاگرتنی هاوسەنگیی سرووشت دەدات، دەیەوێت سرووشت بپارێزێت، جێگەی شانازییە کە هەرێمی کوردستان ئەندامی ئەم یەکێتییە نێودەوڵەتییەیە بۆ پاراستنی سرووشت.

تۆماس فریدمان، گەورە ڕۆژنامەنووسی جیهانی، یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش دەگێڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دروستبوونی ناهاوسەنگی لە سرووشتدا و دەڵێت: «چەندساڵێك پێش سەرهەڵدانی داعش، وڵاتی سووریا تووشی وشکەساڵی بوو، بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی عەرەبی سووریا کە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییان دەکرد، ناچار بوون بە هۆی وشکەساڵییەوە ڕوو بکەنە شارە گەورەکان، بەڵام حکومەتی بەشار ئەسەد نەیتوانی بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و کاریان بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئاڵا ڕەشەکەی داعش، باوەشیان بۆ تیرۆریستانی داعش کردەوە، بەو هیوایەی لەو بارودۆخە خراپەی تێی کەوتوون ڕزگاریان ببێت». فریدمان لەم ئاماژەی بۆ تیرۆریستانی داعش، مەبەستی ئەوەیە جیهان لە مەترسییەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ئاگادار بکاتەوە، کە نەك دەبێتە هۆکاری وشکەساڵی و لافاوی لەناکاو، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاریی گەورەی جیوسیاسیش لە جیهاندا.

دیاردەیەکی مەترسیداری دیکەی گۆڕانی کەشوهەوا کە ئێستا لە عێراقدا سەری هەڵداوە، وشکبوونی زۆنگاوەکانی باشووری عێراق و کۆچکردنی بەکۆمەڵی دانیشتووانی ئەو ناوچانەیە کە بە هەزاران خێزان ناچار بوون شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە شارە گەورەکان بکەن، لەمەش زیاتر زەنگی مەترسییەکان بەو جۆرەیە کە ئەم گۆڕانکارییانەی کەشوهەوا دەبنە هۆی بەبیابابوونی بەشێکی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و لە ماوەی ١٠ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان نزیك دەبێتەوە.

مەترسییەکی دیکە بۆ عێراق لە ماوەی ١٠ ساڵانی داهاتوودا، بە هۆی ئەو بەنداوانەیە کە لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە دروست دەکرێن، مەترسیی وشکبوونی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتە لە عێراقدا، ئەم دوو ڕووبارە بۆ عێراق وەك شادەماری ژیان لە قەڵەم دەدرێن، بۆیە تەنیا هیوای عێراق سەرچاوەی ئاوەکانی کوردستان و ئەو بەنداوانەیە کە لە کوردستان دروست دەکرێن.

ئەوەی دەکرێت بە گەشبینییەوە سەیری ژینگەی کوردستان بکەین، ئەوەیە هەتا ئێستا ژینگەی کوردستان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە بازنەی ژینگە مەترسیدارەکان پۆلێن بکرێت، هەروەها ئەو پڕۆژە ستراتیژییانەیە کە لە ماوەی ٥-٦ ساڵی ڕابردوو لە دروستکردنی بەنداوی گەورە و مامناوەندی بچووك و دروستکردنی پۆندی گەورە بۆ دروستکردنی دەریاچەی دەستکرد لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها پیادەکردنی میتۆدی بەرهەمهێنانی وزەی پاك لە شێوازی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، لەمەش زیاتر بایەخدانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سۆلەر بەکار بهێنرێت و سوود لە تیشکی خۆر وەربگیرێت، بۆ گواستنەوە و هاتوچۆ هاندەرە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ئۆتۆمبێلی کارەبایی بەکار بهێنن.


ئەمانە هەنگاوی دروستن و جێگەی دەستخۆشین، بەڵام ئەرکی پاراستنی ژینگە، ئەرکێکی دەستەجەمعیی کۆی کۆمەڵگەی کوردستانە و دەبێت وەك بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی سەیری بکرێت، لەبەر ئەوەی ژینگە بۆ هەمووانە، ئەوجا بۆ ئەوەی کوردستان پارێزراو بێت، دەبێت پێش هەمووان هۆیەکانی ڕاگەیاندن پاشان زانایانی هەموو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئەم پرسە لیکتێگەیشنیان هەبێت و پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی یارمەتیی حکومەتی خۆمان بدەین، پێویستە هەموومان پێکەوە ژینگەی کوردستان بپارێزین و ڕێگە نەدەین کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کارەسات لەسەر داهاتووی کوردستان دروست بکات.


**جێگەی شانازییە کە هەرێمی کوردستان ئەندامی یەکێتییەکی نێودەوڵەتییە بۆ پاراستنی سرووشت**

**دیاردەیەکی مەترسیداری دیکەی گۆڕانی کەشوهەوا کە ئێستا لە عێراقدا سەری هەڵداوە، وشکبوونی زۆنگاوەکانی باشووری عێراق و کۆچکردنی بەکۆمەڵی دانیشتووانی ئەو ناوچانەیە کە بە هەزاران خێزان ناچار بوون شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە شارە گەورەکان بکەن**

**زەنگی مەترسییەکان بەو جۆرەیە کە ئەم گۆڕانکارییانەی کەشوهەوا دەبێتە هۆی بەبیابابوونی بەشێکی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و لە ماوەی ١٠ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان نزیک دەبێتەوە**

**ئەوەی دەکرێت بە گەشبینییەوە سەیری ژینگەی کوردستان بکەین، ئەوەیە هەتا ئێستا ژینگەی کوردستان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە بازنەی ژینگە مەترسیدارەکان پۆلێن بکرێت**






بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

Time Net

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت



- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی -٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.

**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly
Gulan
April 28, 2025 Issue,No.1460

